# کاری ناڕەزایی و قایلکردن

جامعة "أونور"، المكتب الإداري:
لبنان، بيروت، ص. ب ٥٧٧٢ ١٧ – الجميزة
هاتف/ فاكس: 00961 (0) 1 445333
الهاتف الخلوي: 00961 70 111382
الموقع ألكتروني: www.aunohr.org

إسم الكتاب: أعمال الاحتجاج والإقناع
تأليف: جين شارب
ترجمة: سميَّة عبود (من الفرنسية الى العربية)
مراجعة: وليد صليبي
إصدار الطبعة العربية: حركة حقوق الناس، بيروت
ترجمة: عمر علي غفور (من العربية الى الكردية)
إصدار الطبعة الكردية: دار آراس للطباعة والنشر ٢٠١٣، أربيل، إقليم كردستان العراق

جین شارپ

له ئەزموونی گەلانەوە لە ڕووبەڕووبوونی شارییانەدا

# کاری ناڕەزایی و قایلکردن

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە:
عومەر عەلی غەفوور

AUNOHR

پرۆژەی هاوبەش

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان - هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

جین شارپ
کاری نارەزایی و قایلکردن
وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عومەر عەلی غەفوور
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٣٧٤
چاپی یەکەم ٢٠١٣
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس - هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ١٥١ - ٢٠١٣
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: تریسکە ئەحمەد

# زانکۆی "ئۆنور"

دامەزراوەیەکی ئەکادیمیاییی نوێیە، یەکەمین زانکۆی لەو جۆرەیە لە ناوچەکەدا و لە دنیادا بێ هاوتایە، خاوەنی بیرۆکەکەی و دامەزرێنی زانکۆکە برێتی لە دوو بیرمەند و خەباتکاری پێشڕەوی ناتوندوتیژی لە ناوچەکەدا: دکتۆر وەلید صەلیبی و دکتۆر ئۆغاریت یۆنان.

لە ساڵی ٢٠٠٩دا، خەونی دوو دامەزرێنەکە هاتە دی و یەکەمین ئەزموونی نموونەییی پرۆژەی زانکۆیەکەی دەستی پێ کرد، بۆ ئەوەی ببێتە سەرتۆپی بەرهەمی شارەزاییی‌یەکی بیرمەندانە و کۆمەڵایەتیی پێشڕەو لە لبنان و ناوچەکەدا بەدرێژاییی ٣٠ ساڵ.

پرۆگرامەکانی "ئۆنور" نۆ پسپۆڕێتی لەخۆ دەگرن، زۆربەیان داهێنەرانە و نوێن لە بواری فێرکردنی زانکۆیی لە ناوچەکە، کە قوتابی تیایدا بڕوانامەی دەرچوون لە گشت نۆ پسپۆڕییەکە وەردەگرێ کە برێتین لە: فەلسەفە و توانەکانی ناتوندوتیژی، فەلسەفە و توانەکانی پەروەردەی ناتوندوتیژ، شانۆی پەروەردەی ناتوندوتیژ، فێرکردنی ناتایەفەگەرانە و پەروەردەی مەدەنی، بەڕێوەبەردنی کێشە و ناوبژیوانیی ناتوندوتیژ، ناتوندوتیژی و ئاینەکان، کولتوور و فێرکردنی مافەکانی مرۆڤ، ڕێچکەکانی ڕاهێنان و فێربوونی چالاک، بەیەکگەیشتنی ناتوندوتیژ و توانەکانی ڕاگەیاندن.

لە دەوری "ئۆنور"دا بازنەیەکی ئەنجوومەنی ڕازگرانی بیرمەندانەی جیهانی دروست بووە، لە فەیلەسووفان و هەڵگرانی خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئاشتی و بانگەوازکارانی ناتوندوتیژی، لەگەڵ ئەنجوومەنێکی دۆستانی ناوخۆیی کە ناوچەکە بەگشتی لەخۆ دەگرێ، لە کەسایەتیی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و هونەری و لە دنیای کار، ئەوانەی کە باوەڕیان هەیە بەم کولتوورە و بەخەونی زانکۆیەکە و کاریگەریی بنەڕەتیی لە بنیاتنانی مرۆڤ و پەروەردە و چارەنووسێکی

باشتر بۆ کۆمەڵگەکانی ناوچەکە.

ئەم زانکۆیە خاوەنی ئەنجوومەنێکی مامۆستایانی لە چەندان لای دنیاوە و بێگومان لە لبنان و ناوچەی عارەبانیشەوە، لەو مامۆستایانەی کە پێشەنگن لە کۆمەڵگەکانی خۆیان و لە دنیادا لە بواری بنیاتنانی ئەم ڕۆشنبیرییە و لە دانان و بڵاوکردنەوەدا و لە ڕاهێنانیش لەسەری و داڕشتنی بابەتی ئەکادیمیایی لەبارەیەوە.

قوتابییانیشی خەڵکی وڵاتانی ناوچەکەن، لە لاوان و مامۆستایانی زانکۆ و بەڕێوەبەرانی قوتابخانە و مامۆستایان و بەڕێوەبەرانی کۆمەڵە و ڕێکخراوگەلی مەدەنی و ڕاهێنەرانی کۆمەڵایەتی و لە پارێزەران و ڕاگەیاندنکاران و نوێکەرەوە و ڕۆشنبیرەکانی دامەزراوە ئاینییەکان و کارمەندانی کۆمپانیاکان و کادرانی وەزارەت و بەڕێوەبەرێتییە گشتییەکان... هتد.

وانەکان تێیدا دوو ساڵ دەخایەنن، بۆ ماوەی زیاتر لە ٤٠٠ سەعات خوێندن، وانەکانیش بریتین لە: وانەگەلی ڕێخۆشکەر، وانەگەلی تایبەتمەند لە بارەگەی زانکۆیەکەدا، وانەگەلی پشتگیریی لە ڕێی ئینتەرنێتەوە online، ئامادەکردنی وتار و دەقی توێژنەوەئامێز لە بواری بیری ناتوندوتیژدا، کارگەلی پیادەکارانە و، تێزێکی کۆتا.

بڕوانامەی ماستەر دەدا و، لەوێوە ئامادە دەبێ بۆ دانی بڕوانامەیەکی دکتۆرای پێشەنگ لە دنیادا.

هەروەها "ئۆنور" خاوەنی مەڵبەندێکی ڕاهێنانی بەردەوام و خوێندنی بەردەوامی پێدراوە Training Institute for Continuing Education، پشتیشی بە شارەزاییەکی پێشەنگانەی دامەزرێنەرانی زانکۆکە لە بواری ڕاهێناندا ئەستوورە، لەبەرئەوەی هەردووکان دامەزرێنەری ڕاهێنانی نوێن لە لبناندا لە نێزیکەی ٣٠ ساڵ بەر لە ئێستاوە. لەڕێی ئەم مەڵبەندەیشەوە، ڕێگە بەو کەسانە دەدرێ کە گرینگی بە ڕاهێنانی پیشەوەرانە دەدەن، کە ژمارەیان زۆرە و لەزیادبوونیشە، کە بتوانن بێنە ناوەوە بۆ خوێندنی بابەتی دیاریکراو و لە ئاستێکی ئەکادیمیایی جیهانیدا و، دیپلۆمای زانکۆیی بەدەست بهێنن.

"ئۆنور" پابەندە بە یاسای لبنان- وەزارەتی پەروەردە و فێرکردنی باڵا، لەگەڵ

ڕێککەوتننامەگەلی هاوکاری لەگەڵ زانکۆگەلی دەرەکی بەتایبەتی زانکۆکانی ئەوروپایی بەمەبەستی هاوشانکردنی بڕوانامە ناوەخۆییەکانی.

"ئۆنور" کار دەکا بۆ دابینکردنی پێوەندیگەلی هاوکاری و ئاڵوگۆڕکارانە لەگەڵ زانکۆیەکانی ناوچەکەدا. هەروەها دەستی کردووە بە داخڵکردنی بابەتگەلی ئەکادیمیاییی نوێ لە زانکۆکانی تردا و ئەوانەی ئارەزووی ئەمە دەکەن، بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی ئەم کولتوورە و بەدامەزراوەکردنی و پاڵنانی بۆ ناو چەقی بوارگەلی زۆر و جیاجیای خوێندن.

ئامانجی زانکۆی ناتوندتیژی و مافەکانی مرۆڤ بریتییە لە پێشکێشکردنی فێرکردنێکی ئەکادیمیاییی خاوەن ئاستی ناودەوڵەتی و لەو تایبەتمەندیگەلی پێشەنگانەدا کە بوونەتە کرۆکی پێویستییەکانی کۆمەڵگەکان و بواری پیشەوەریی بەجۆرایەتییان هەیە، هەروەها ئامادەکردنی وزەی بەرزی پیشەوەر بۆ گۆڕینی کۆمەڵایەتی لە هەر وڵاتێک لە وڵاتانی ناوچەکە.

"بەهیوای ئەوەی لە کۆتاییدا کولتووری ناتوندوتیژی بتوانێ بەرگی ئەستوورەی ئەو هەورە ڕەشانە ببڕێ کە لە گرتیگەی دڵەڕاوکە و توندوتیژی و بێهوودەییدا ئێمەیان گەمارۆ داوە، تاوەکو بتوانین پێوەندی ببەستینەوە لەگەڵ هەتاوێکدا کە لە بانگکردنمان گشت بەیانییانەک کۆڵ نادا."

د. وەلید سلێبی

## ناتوندوتیژی بە زوانی کوردی

کارێکی کولتووریی، پەروەردەیی و ئەکادیمیاییە، دیارییەکی واتەییە بۆ گەلێک کە چاوی لە ئاشتی و دادوەری و کولتووری ناتوندوتیژییە، لە پاش توندوتیژییەکی تاڵ کە بۆ چەند نەوەیەک بووبووە مۆرکی مێژووەکەی.

لە هەر جێیەک بین لەم دنیایەدا، وا دەردەکەوێ کە ئێمە مێژووی شەڕەکان و توندوتیــژی دەزانین، بەڵام بەکەمی ئاگـەداری ڕووەکـەی تری مـێــژووین. ڕووە ناتوندوتیژەکەی. مێژووی هەموو گەلێک و هەموو کۆمەڵگەیەک، بەدرێژاییی کات و شوێنەکان، چەندان هێما و ئەزموون و کاری تێدایە کە ناتوندوتیژییان بەرجەستە کردووە و باوەڕیان بە بنەواکانی هێناوە و، زۆربەیان بەداخەوە پەراوێز خراون یان نەزانراون و چاوەنواڕی ئەوانەن کـە بیــاندەنە بەر ڕووناکی، بیــانخـــەنە پێش پەنجەرەی زانین و بڵاوکردنەوەی وشیاری بەدەوریاندا.

ئا ئەمەی ئەرکی توێژەر و بیرمەند و بڵاوکەرەوەی ڕۆشنبیر. بێگومان ئەرکێکی پێشەنگانەیشە.

لە مێژووی کوردستانی عێراقیشدا، بۆ ئەوانەی خوێندنەوە بەچاوێک دەکەن کە شارەزای بناخەکانی ناتوندوتیژین و ئاگەداری وردەکارییەکانی ڕووداوەکانن،

وێستگەگەل و وشەگەل و هەڵوێستەیل هەن کە لە کرۆکی ئەم کولتوورەدان و لێیەوە نێزیکن، ئەگەریش کە لەلایەن هۆکارگەلێکەوە ئابڵوقە دراین کە بەسەر ژیانی گەلاندا تێپەڕ دەبن و پێشرەویی ناتوندوتیژی دوادەخەن یان ئەنجامدانەکانی خاو دەکەنەوە.

زنجیرەی وەرگێڕانە کوردییەکانی ناتوندوتیژی بۆ کوردی، بریتین لە کۆمەڵێکی بژاردە لە زنجیرەی وەرگێڕانە عارەبییەکانە لەبارەی ناتوندوتیژییەوە، ئەو زنجیرە عارەبییە پرۆژەیەک بوو کە دکتۆر وەلید سەڵیبی دەستپێشخەریی بۆ کرد و سەرپەرشتیی وەرگێڕەکانی کرد و هەندێ لە کتێبەکانیشی وەرگێڕا، ئەویش لەساڵی ١٩٩٣ەوە، کە بۆ ئەم زنجیرەیە یەکەم ٢٠ کتێبی لەبارەی ناتوندوتیژییەوە لەناو دیارترین ٧٥ سەرچاوەی جیهانی کۆ کردەوە.

ئەو وەرگێڕانانە، ئەمڕۆ لە زوانی عارەبییەوە دەخرێنە سەر زوان کوردی. ئەمانە دیارییەکن لە زانکۆی ناتوندوتیژی و مافەکانی مرۆڤ لە دنیای عارەبدا- ئۆنور AUNOHR بۆ گەلی کورد لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا و بۆ هەموو کوردزوانێک لە ناوچەکە و لە گشت دنیادا. دیارییەکە بۆ نەوەی لاو و قوتابییان، بۆ قوتابخانە و زانکۆکان، بۆ کۆمەڵە و هێزە مەدەنی و سیاسییەکان، بۆ ڕاگەیاندن و ڕای گشت، بۆ توێژەر و ئەکادیمیایی و نووسەر و ڕۆشنبیران، بۆ پێشڕەوانی کۆمەڵگە، بۆ کتێبخانەی کوردی کە شایانی فرەوانبوون و گەشەیە و شایانە کتێبی ناتوندوتیژی بەزمانی خۆی دەوڵەمەندی بکەن...

بە دەستپێشخەرییەکی پێشەنگانە لەلایەن دەزگەی ئاراس بۆ بڵاوکردنەوە، کە لە بەڕوەبەری گشتییدا ڕێزدار بەدران ئەحمەد حەبیب بەرجەستە دەبێ، پرۆتۆکۆلەک لە ساڵی ٢٠١٢دا لەگەڵ ئەم زانکۆیە ئیمزا کرا بەمەبەستی وەرگێڕانی یەکەم کۆمەڵە کتێبی ناتوندوتیژانە بۆ کوردی، ئەوە بوو ١٠ کتێب هاتنە دەستنیشان کردن بۆ ئەوەی لە ساڵانی ٢٠١٢-٢٠١٣دا بگەنە ئەنجام. ئەم پرۆتۆکۆلە بووە تاجی سەری یەکەم سەردانی شاندی زانکۆی ئۆنور بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق لە ئایار/ مایۆی ٢٠١٢دا، کە بەدوایدا سەردانگەلی تر و پرۆژەی هاوکاری و پشتگیری لەلایەن ئۆنورەوە بۆ زانکۆ و وەزارەت و قوتابخانە و دەستەگەلی مەدەنی و ئاینی و کولتووری و ڕاگەیاندن، هاتن...

ئەم وەرگێڕانانە، دانراو و خستنەسەری بیرمەندانەی دامەزرێنەرانی زانکۆی ئۆنورەوە لەئامێز دەگرن، لەگەڵ وتار و هەڵوێست و بلاۆکی مامۆستایان و ئەندامانی ئەنجوومەنە بالاکانی ئەو زانکۆیە، لەم پێشەکییەدا هەندێکیان دەخەینە بەرە چاو بۆ ئەوەی خوێنەر ئامادە بکەن بۆ چوونە ناو کتێبە وەرگێڕدراوەکانی گاندی و مارتن لۆتەر کینگ و ئیریک فرۆم و جان-ماری مۆللەر و جەین شارپ و وەلید سەڵیبی.

**بیرمەندی عێراقی دکتۆر عەبدلحوسێن شەعبان** ئەندامی دەستەی بالای زانکۆی ئۆنور و مامۆستای فەلسەفەی مافەکانی مرۆڤ لە زانکۆیەکەدا، کە بەهۆی ڕۆڵی پێشەنگی نوێکەرەوەیەوە لە کۆمەڵگەی عێراقیدا دەستپێشخەر بوو بۆ دەستپێکردنی ڕەوتی هاوکاری لەنێوان ئەم زانکۆیە و دەزگەکەلی بایەخدار لە عێراق بەگشتی و لە هەرێمی کوردستاندا کا شایانی ناتوندوتیژییە: "ناتوندوتیژی هەر بەخوازراوی دەمێنێتەوە، هەرچەندە ڕووبەڕووبوونەوەی زۆری لەبەرامبەردا هەبن، بەلام ئاگەداربوون لە گرینگیی و هەوڵ بۆ ئاشتکردنەوەی کۆمەڵگە ڕینیشاندەرە بەرەو ئەو... لەبەرئەوەی کۆمەڵگەکانمان بەدەستی توندوتیژییەوە دەناڵێ، بۆیە زۆر پێویستە نەک تەنیا کولتووری ناتوندوتیژی بەگشتی بکرێ وەک قەرەبوویەک بۆ بەردەوامیی کرداری توندوتیژ، بەتایبەتیش کە هەمووان بەدەستیەوە دەناڵن، بگرە بۆ ئەوەی ئەم بژارەیە بکرێتە دیفاکتۆیەکی پەسندکراو کە بشێ پەنای بۆ ببرێ و، بە ئامانجێکی ڕێ تێچوو و شیاوی بەدی هاتن و دەست پێ گەیشتن... کاتێکیش هەرێمی کوردستان لە عێراقدا ڕوو دەکاتە بژارەی ناتوندوتیژی، ئەمە شتێکی نامۆ نییە بۆی، پێویستە ئەو کەشە هەستیارانەی پێوەست بەتوندوتیژی بەبیری خۆماندا بهێنینەوە، بەهۆی نالاندنی کوردستان بەدەستی توندوتیژیی درێژخایان و درێژمەودای دەیان ساڵەوە، دیارترینیان بۆمبارانی شارۆکەی هەڵەبجە بوو بەچەکی کیمیایی و هەڵمەتی ئەنفال کە دەیان هەزار هاوولاتیی کردە قوربانی لە ساڵی ١٩٨٨دا و وێرانکردنی نێزیکەی چوار هەزار گوند و شارەدێی کورد و کۆچپێکردنی دانیشتووانی کورد، بەتایبەتی فەیلییەکانی لە ١٩٨٠کاندا، ئەو توندوتیژییەشمان لەبیر نەچێ کە لە نێوان کورد خۆیاندا ڕووی دا لە سالانی ١٩٩٤-١٩٩٨ و زیاتر لە سێ هەزار مرۆڤ بوونە قوربانی، ئەمە شتێکە دەبێ سنووری بۆ دابنرێ، ئەگەر بوێسترێ کوردستان

سەقامگیر ببێ و ئەزموونە کۆرپەکەی سەربکەوێ و لە کەموکورتی و کەلێنەکانی لە ماوەی بیست و ئەوەندەساڵەی ڕابردوودا پێیەوە نووسان، ئەمەش خووی هەموو پێشکەوتنێک و ویستێکی نوێبوونەوەیە... کولتوورێکی ناتوندوتیژ هەیە، لە پاڵ توندوتیژەکەدا، ئەمە لای گشت گەلێک و لە مێژووی گشت نەتەوەیەکدا هەیە، ئەم کولتوورە ناتوندوتیژە دەکرێ بەئامرازی پەروەردەیی نوێ زیندوو بکرێتەوە و برەوی پێ بدرێ و بنیاتی لەسەر دابمەزرێ، بەتایبەتی ڕووبەڕووبوونەوەی ناتوندوتیژ و، بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بەهێزی ناتوندوتیژ..."

"بەڵام مەگەر مەبەستمان بێ بەشێوەیەکی گشتی باسی توندوتیژی بکەین و لە کۆمەڵگەکانی تریشدا، ئەوە نەک هەر شۆڕش و خەباتەکانی لەوتاندووە، بگرە دەروون و ویژدانەکانیشی لەوتاندووە و شتە نامرۆڤانەکانی بالادەست کردووە... توندوتیژی نە دەوڵەت و نە نیشتمان دروست دەکا، بگرە ڕێ خۆش دەکا بەرەو پاشاگەردانی و کۆمەڵگە لێک دەترازێنێ، جا ئامانجەکانی هەرچییەک بن. گۆڕین توندوتیژیش دەبێتە هۆی کاردانەوەی توندوتیژ و بەم جۆرە، چونکە ناکرێ توندوتیژی بەتوندوتیژی چارەسەر بکرێ، ئامانج بنیاتنانی کۆمەڵگە و دەوڵەت و بەدیهێنانی پرەنسیپە، ئەم بنیاتنانە پێویستی بە کەڵەکەبوون و پێشکەوتنی پلە بەپلە هەیە... گۆڕینی ڕاستەقینەی مەبەست، گۆڕینی کۆمەڵگەیە بەشێوازێکی ئاشتییانەی پێشکەوتنئامێزی بەپێوەندیی کارلێکییە، لەبەرئەوەی توندوتیژی تۆقێنەرە و سنوورەکانی نادیارن هەروەها ئاکامەکانی نەخوازراون و ناکرێ ڕووبەڕووبوونەوەی شێتێتی بەهیچ شتێک ببێ جگە لە ئاوەز و ئاوەزداری و بنیاتنان و چاوخشاندنەوە بە ڕابردوودا نەک دووبارەکردنەوەی لە ئێستایەکی نوێی جیاواز لە ئاراستەدا، لەبەرئەوەی هەندێ جار هەمان ئاکامی لێ دەکەوێتەوە، ڕووبەڕووبوونەوەی شێتی بەشێتی نابێ، وەک چۆن ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی ناکرێ بە توندوتیژی بێ..."

**بیرمەندی ناتوندوتیژی لە جیهانی عارەبدا دکتۆر وەلید سلێبی**، دامەزرێنەری زانکۆی ئۆنور و مامۆستای فەلسەفەی ڕامیاریی توندوتیژی و ناتوندوتیژی و ستراتیجی خەباتی مەدەنییانە لەو زانکۆیەدا، دەڵێ: "ناتوندوتیژی بریتییە لە دوو "نا": نا بۆ توندوتیژیی خۆ و نا بۆ توندوتیژیی ئەوانی تر، واتە بۆ ستەم"، لە

کـاتێکدا کـە ڕەنگە نـاتوندوتیـژی و توندوتیـژی لە ڕووبەڕووبوونەوەی زێدەڕۆییی ئەوانی تردا بەکـار بێن، مـرۆڤ تـەنیـا بە نـاتوندوتیـژی دەتوانێ ڕووبەڕووی زێدەڕۆییی خـۆی ببێتەوە. کـاتێک دەڵێین نا بـۆ توندوتیژیی خـۆ، ئەو کـاتە دەڵێین بەڵێ بۆ ژیان بەڵێ بۆ خۆشەویستی. نا-ی دووەم، واتە نا بۆ توندوتیژیی ئەوانی تر نا-ی کـۆمـەڵگەییـیـە. مـەبەست لێی نا-یە بـۆ توندوتیـژیی ئەوانـی تر بـەواتە فـرەوانـەکـەی، واتە بـەگشت شـێـوەکـانی لە کـوشـتن و سـتـەمی کـۆمـەڵایـەتی و هەژارکـردن و داگیـرکاری و سـەرکـوتین و سـەرکـۆنەکـردنی منداڵ و توندوتیـژیی خێزانەکی و گومڕاکردنی ئاوەزەکان و گەندەڵی و ڕەگەزپەرستی و تایەفەگەری و زۆرلێکردنی ئاینی... بەواتەیەکی تر، نا بۆ توندوتیژیی ئەوانی تر، نا-یە بۆ ستەم، بەکردەنی بەڵێیە بۆ دادوەری و ئاشتی. بەوشـەگەلێکی کورت، نا بۆ توندوتیژیی خۆ پەیمـانێکی ئەخـلاقـیی وجـودییـە و، نا بـۆ توندوتیـژیی ئەوانی تر پەیمـانێکی کۆمەڵایەتیی-سیاسییە لە بەرامبەر گشت شێوەکانی ستەمی مایەکی و واتەیی و بنیـاتی بەهۆکارەکانی نـاتوندوتیژی. لێرەوە ناتوندوتیژی دەبێتە چوار بەڵێ: بەڵێ بۆ خۆشەویستی، بەڵێ بۆ دادوەری، بەڵێ بۆ ئاکارداری، بەڵێ بۆ کاریگەرێتی.

بەدرێژیی مـێـژوو، توندوتیـژی هاوشـانی کـۆمـەڵێ جـوانی بـووە وەک بوێری و شەرەف و جوامێری و ئازایەتی و ئازادی و پاڵەوانێتی... جەخت لەسەر وشەی نا لە ناوجەرگەی وشەی ناتوندوتیژیدا، هەرچەندە دەبێتە مایەی قسەکردن لەسەر ئەوەی کە ناتوندوتیـژی زاراوەیەکی نەرێیە (!)، ئەوەیش بۆ ئەوەی کە دەری ببڕین بەبێ هیچ ناڕوونی و تێکەڵییەک کە پێویستە بەیەکجاری و بنبڕانە لە توندوتیـژی دابـڕێین..."

"توندوتیـژی بەردەوام کاریگەرە... بەڵام لە خزمـەتی ستـەمدا. چەکێکی نایابی دەسـتی سـتـەمکارانە. کـاریگەرترینی چەکەکـانیـانە. بـەڵـی توندوتیـژی بەکـارە. بەداخـەوە توندوتیـژی هـەمـوو پرسـێکی بەرز دەلـەوتێنێ. بەڵام خـزمـەتی دەکـا! بێگومـان نا. دەیشـێـوێنێ و لـە ئامـانجی بەرزی خـۆی دووری دەخـاتـەوە. مەترسیدارترین شتێک کە لە کاری سیاسیدا ڕوو بدا پاساوهێنانە بە ئامانجێکی بەرز بـۆ ئامـرازگـەلێک کـە وەک خـۆی نەبن" پاسـاو هێنان بۆی تەنانەت ئەگـەر نائەخلاقیش بێ. تەنیا لەبەرئەوەی پرسەکەمان ڕەوایە ڕێ بەخۆمان دەدەین پاساو

بۆ گشت ئامرازەکان بهێنینەوە هەرچییەک بن! زۆر لە ئایدیۆلۆجیاکان لە پاساو هێنانەوە بۆ مەبەستەوە هەڵدێران بەرەو پاساو هێنانەوە بۆ ئامراز... توندوتیژیی ستەملێکراو بەهۆی توورەیی و نائومێدییەوە کاردانەوەیەکی عەفەویی تاکە لە بەرامبەر ستەم و سەر پێ شۆڕکردن، ئەمە شتێکی مرۆڤانەیە دەشێ لە هۆکارەکانی تێ بگەین، بەڵام نابێ پاساوی بۆ بهێنینەوە. بەڵام کە توندوتیژی بەئایدیۆلۆجیا بکرێ و ببێ بەتیۆری و ستراتیجی کار تا دەگاتە ئاستی بەپیرۆز زانینی! ئەمە پرسێکی پڕ مەترسییە..."

شیکەرەوەی دەروونی دەڵێن کە لەناخی هەر تاکێکدا دوو کەسێتی هەن لە زۆرانگرتنی بەردەوامدان: کەسێتییەکی ڕەسەنی سەرەتایی لەگەڵ درووستبوونی مرۆڤدا درووست دەبێ کە پێناسی ئەندامبوونی ئەرێنییە لە دنیا و یەکگرتنە لەگەڵ بوونەوەرانی تر و کرانەوە و خۆشەویستی و خۆشویستنی ژیان و ئارەزووکردنی دادوەری و ئازادی و ئاشتی و هاوکارییە، کەسێتییەکی تری هاوشانی ساختە بەهۆی ڕێگر و نائومێدی و پێشێلکارییە کۆمەڵایەتییەکان و بێتوانیی کەسێتیی ڕەسەن لە بواری خۆسەلماندندا دروست دەبێ. ئەمەیان کەسێتیی توندوتیژیی قەرەبووکەرەوە و ڕق و نێرگزێتی و خۆپەرستی و ڕەگەزپەرستی و لووتبەرزی و تاکڕایی و خۆشویستنی مەرگ و شەیدایی نەخۆشیئامێز بۆ دەسەڵات و پەرۆشی بۆ شەڕی نوێ و بۆ تۆڵەسەندنەوەیە. لەم زۆرانگرتنە بەردەوامەی نێوان "چاکە" و "خراپە" لە ناوەوەی هەر یەکێکماندا، هەڵبژاردنمان بۆ ناتوندوتیژی بەفریامان دەگا بۆ ئەوەی بەردەوام لە چاکە نێزیک بکەوینەوە و پاڵپشتیی کەسێتییە ڕەسەنەکەمان بکەین و ڕەگەکانی تێر بکەین... لە زۆرانگریی مێژوویی و بەردەوامی نێوان هێزگەلی ژیان و هێزگەلی مەرگدا، نابێ دوودڵ بین لە دەستنیشانکردنی پێگەی خۆماندا: ئێمە لە هێزەکانی ژیانین و لەگەڵیانداین و، هیچ ڕۆژێک نابینە هێزی مەرگ و لەگەڵی نابین..."

فەیلەسووفی هاوسەردەمی ناتوندوتیژی فەرەنسایی جان-ماری موللەر ئەندامی ئەنجوومەنی ڕازگران لە زانکۆی ئۆنور و مامۆستای فەلسەفە و ستراتیجی ناتوندوتیژی تیایدا، لە میانی قسەکردنی لە وانەیەکدا کە دەزگەی ئاراس لە ۳۰ی ئەیلوول/ سێپتەمبەری ۲۰۱۲دا بۆی ڕێکخست لە سەردانی دووەمی شاندی

زانکۆیەکە بۆ هەرێم کە موڵڵەری لەگەڵدا بوو، ئەوەیش سێیەمین سەردانی خۆی بوو بۆ هەولێر و حەزی خەڵک و بەرپرسانی لە ناتوندوتیژی سەرسامی کرد، دەڵێ:

"لە ڕۆژهەڵاتەوە فێری ناتوندوتیژی بووم، لە بیرمەند و خەباتکەرێکی ئاسیاییەوە کە ناوی گاندییە و لەڕێی بەرگرییە ناتوندوتیژەکەیەوە توانیی بەسەر گەورەترین وڵاتی داگیرکەری ئەو سەردەمە "بەریتانیای مەزن"دا سەربکەوێ. گاندی لەڕێی فەلسەفەکەی و خەباتەکەیەوە توانیی ببێتە پردێک لەنێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا، بەهۆی ئەو بەرهەمە بیرمەندانە و کردەنییانەی بەئەنجامی گەیاندن، کاتێک کە باشترینی ناو هەردوو شارستانێتیی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی کۆ کردەوە بۆ بەدیهێنانی ناتوندوتیژی... ناتوندوتیژی نا-یەکی قەدەخەکەری توندوتیژییە لە گشت هەڵوێستێک و گشت بیرۆکە و گشت ئامرازێک و گشت ڕووبەڕووبوونەوەیەکدا... ئەو ئامانجیشە و ئامرازیشە بەیەکەوە، وەک ئەوەی گاندی کە هاوبەندیی ئامانج و ئامراز بە هاوبەندیی دار و تۆو دەچوێنێ، ئامانجەکە لە ئامرازەکەدا بوونی هەیە وەک چۆن دارەکە لە تۆوەکەدا بوونی هەیە... ئەگەر نەتوانین بەسەر ئامانجەکاندا زاڵ ببین، ئەوە دەتوانین بەسەر ئامرازەکاندا زاڵ ببین، ئەمەش بریتییە لە کۆنترۆڵکردنی ئامانج لەڕێی ئامرازەوە، چونکە ئامانج شتێکی ئەبستراکتە بەڵام ئامراز بەرجەستەیە" و، لەو کاتەیشدا کە ئامانج داهاتووی مەبەستە، ئامراز پێوەندیی بەئێستاوە هەیە. بۆیە با ئامرازەکانمان بەردەوام ناتوندوتیژ بن، تاوەکو لە ئامانجە ئەرێنییەکانمان نێزیک ببینەوە و لەو بنەوایانەی باوەڕمان پێیان هێناوە کە بێگومان لە ماددەی ناتوندوتیژی نین..."

**بیرمەندی پەروەردەیی، دکتۆر ئۆگاریت یۆنان**، دامەزرێنەری زانکۆی ئۆنور و سەرۆکی زانکۆیەکە و سەرپەرشتیاری پرۆتۆکۆلی هاوکاریی زنجیرە بڵاوکراوە و وەرگێڕاوەکانی ناتوندوتیژی بەزوانی کوردی، لە کۆتای ئەم پێشەکییەدا دەڵێ: "مرۆڤ توانی توندوتیژی و توانی ناتوندوتیژیشی هەیە" زانیاران بەم ڕاستییە چەسپیوە گەیشتوون، بۆ ئەوە واز لەوە بهێنین کە بڵێین مرۆڤ لە سرووشتی خۆیدا توندوتیژە، یان تەنیا ناتوندوتیژ و نەرمە. کەواتە ئەوە پەروەردە و ژیگە و ئەزموونی ژیانن مرۆڤ بەم یا بەو ئاراستەیەدا دەبەن، بۆ ئەوەی توانەکانی ناتوندوتیژی یاخۆ توندوتیژیی تێدا زاڵ ببێ. بەدەستنیشانکراوی، ئەوانە شکستەکانی ژیان و

پەروەردە و دەمکوتی کۆمەڵگە و ستەمی ڕۆژگار و کەشی توندوتیژی دەوروبەری بەتاک و بەکۆمەڵی پەروەردەیی و کۆمەڵگەیی و سیاسین کە وردەوردە لەلای مرۆڤدا ئەم دەستەپاچەییە دروست دەکەن لەبەرامبەر زیندوو ڕاگرتنی ناتوندوتیژی ولێدانی دڵی بۆ چاکە، بۆ ئەوەی لەبەرامبەردا بوارەکانی توندوتیژی لە ناوەوەیدا فرەوانتر بن لە قسەکانی و هەڵسوکەوتی و هەڵوێست و بڕیار و پێوەندی و خەبات و حوکمدان و کولتوور و باوەڕیدا... بەجۆرێک کە ئەو و توندوتیژی وەک یەک دەبن، تەنانەت بەرامبەر بە نێزیکترینی نێزیکەکانیشی و، بەرامبەر دەوروبەرەکەی و گەلەکەیشی نەک تەنیا بەرامبەر بە نەیار و دوژمنانی... بەڵام ژیان چەقبەستوویی نییە بگرە بەردەوام ئەگەری گۆڕینی هەیە، وەک هیرۆکلیتس دەڵێ "تەنیا شتێکی جێگیر لە ژیاندا گۆڕانی بەردەوامیەتی". کەواتە هیوا هەیە. لەناو توندوتیژیدا دەخنکێین بەڵام هیوا هەیە بەوەی توانێکی قەتیسمان تێدایە بۆ پاشگەزبوونەوە لە توندوتیژی و دابڕان لێی و ڕوو وەرگێڕان بەلای ناتوندوتیژیدا کە خۆی بناخەییە تیاماندا...

مرۆڤ حەز دەکا و بەردەوام بەدوای ئەوەوەیە کە بەهێز بێ. هێز جیاکەرەوە و پێویستیشە. هێز، نەک توندوتیژی. هەرچەندە تێکەڵکردنی ئەم دووە بووەتە بنەوا، لەبەرئەوەی وەک دەردەکەوێ مرۆڤ هەست دەکا کە توندوتیژی مایەی شەرمەزارییە بۆی، بۆی کە بەکاری دێنێ تایبەتمەندییەکانی هێزی دەداتێ و بەوشەی هێز دەیگۆڕێ. دەیەوێ توندوتیژی بەکار بهێنێ و ویژدانیشی ئاسوودە بێ، بۆیە بەسیفەتەکانی هێز نەک ئەوانەی توندوتیژی وەسپی دەکا. مرۆڤ دەیەوێ و پێویستی بەوەیە کە بەهێز بێ نەک توندوتیژ بێ. جیاوازیی نێوان هێز و توندوتیژی قووڵ و بنەڕەتییە. بەهۆی لاوازی و داپڵۆسینمان لەلایەن ژیانەوە ڕوو لە توندوتیژی و ئامرازەکانی دەکەین، لەبەر بەهێزی و بەدەستهێنانەوەی ژیانیشە کە ڕوو لە ناتوندوتیژی و دنیایەکەی دەکەین. ئەوە ناتوندوتیژیی بەهێزەکانە، بەگوتەی عەبدولغەفار خانی هێمای دەگمەنی ناتوندوتیژی لە ئەفغانستان (و دواتر لە پاکستانیش) هاوڕێی گاندی و دامەزرێنەری "سوپای ناتوندوتیژی موسڵمان" کە دیاردەیەکی دەگمەنە لە مێژوودا تا بە ئەمڕۆ دەگا.

پیرۆزمان بێ، لە منداڵیمانەوە تا گشت ساڵانی تەمەنمان لە ڕێی پەروەردەوە

دۆستێکی بەئەمەکمانە، بۆ ئەوەی وامان پێ بگەیەنێ کە لە ناو دڵی ناتوندوتیژی بین و ئەو خۆی لەڕێی خوێندن و ڕۆشنبیربوون و وشیارکردنەوە و ڕاهێنانەوە هەرچەندە تەمەنیشمان زۆر بێ دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەو ناتوندوتیژییەی ناومان ڕزگار بکا. پێویستیش هەر ئەوەندەیە کە جەختی بۆ بکەین کە بژارەی ئێمە: نا بۆ توندوتیژییە..."

ناتوندوتیژی لە ناوەوەماندا لەدایک دەبێ و، لەگەڵ تەمەندا فێری دەبین و، ڕاهێنانی لەسەر دەکەین و کارامەیی تێدا پەیدا دەکەین و، دەوڵەمەند دەبین بە کولتوورەکەی و هێماکانی کە لە ناخی کۆمەڵگەمانن... هاوکاری بەردەوامیشمان لەمەدا کتێب و سەرچاوە و پێشڕەوانی ئەم بوارەن لە هەموو دنیا، ئینجا دەستێکی خێرخواز دێ و ئەم کولتوورەمان بەزوانی خۆمان بۆ دەگوازێتەوە، بۆ ئەوەی ناتوندوتیژی ببیتە قسەمان و زوانمان، زوانی کوردی، بەوەش دەبێتە زوانێکی ناتوندوتیژ.

بەیرووت، شوبات/ فێبرایەر ٢٠١٣
گوتەیەک لە زانکۆی ناتوندوتیژی و مافەکانی
مرۆڤ لە جیهانی عارەب "ئۆنور"ەوە

تێبینی:
وەرگێڕانی لێرە بە پێشەوە لە عەرەبییەوە بۆ کوردی: شاخەوان کەرکووکی

## دەسپێک

ئیدی بەسە ڕەواجپێدان و خۆپەروەردەکردن لەسەر هەستگەلێکی توندوتیژ، کە وا بەگوێماندا دەچرپێنرێ ئەو هەستانە لە جەرگەی سروشتمانن و هەموو تەمەنمان لە ڕووبەڕووبوونەوەی نەزۆکدا بەسەر دەبەین، کە جگە لە شکستی بەردەوام بە هیچ ئەنجامێکی ترمان ناگەیەنێ با ئەو شتەیش بەدەست بێنین کە بۆی دەکۆشین... ئەمە ئەگەر بەدەستیشی بێنین.

هیچ شتێک نییە هێندەی تووڕەبوون و رق لای مرۆڤ ئاسان بن کاتێ هێزی جەستەیی وەک باشترین خەسڵەتە مرۆییەکان وێنا دەکرێ و تۆڵەکردنەوە و خوائۆخەی لەلای شیرین دەکرێ و یەکبین دەیڵێتەوە کە ماف لە رێی سڕینەوەی بەرامبەرەوە نەبێ بەدەست نایەت، لە ڕێی کوشتن یاخۆ تێکشکاندنی یان گەیاندنی بە دۆخێک ئێمە بەدەستییەوە دەمانناڵاند. لێرەشەوە چارەسەرکردنی ستەم بەئامرازە توندوتیژانە لەناوبەرەکان سەر دەکێشێ بۆ گێژاوی توندوتیژی.

ئاخۆ بەدیلی ئەمە چاوپۆشینە لە ستەم؟

دیارە ئامرازی تر هەن جگە لە توندوتیژی بۆ گەیشتن بۆ دۆخێکی دادپەروەرانەتر و نەهێشتنی ئەو نادادییەی بەرامبەر کەسانێک کراوە بەبێ ئەوەی دەستدرێژی بکرێتە سەر کەسانی تر و بەبێ ئەوەی ستەمبارەکە ببێتە "ستەمکار" و ڕۆڵەکان جێگۆڕکێ بکەن و "مێژوو خۆی دووبارە بکاتەوە".

ئەزموونی گەلان لە بواری بەدەستهێنانەوەی مافی خۆیان لە ژیان و

ئازادی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بەبێ بەرەنگاریکردنی توندوتیژی بە توندوتیژییەکی تر کە ئەنجامەکەی سەرهەڵدانی حاڵەتی نوێی ستەمە، زۆر و زەوەند و پڕ لە نموونەیە. خۆ ئەگەر ئەو توندوتیژییە نەبووە مایەی هەڵگرتنی ستەمەکە، ئەوا دۆخەکە خراپتر دەکا و ناسۆریی پتر بەدوای خۆیدا دێنێ، هەروەها بەهۆی ئەو ترس و کاردانەوەیەی لای دەسەڵاتداران دروستی دەکا، سەرکوتکردنەکە سەختتر دەکا.

کاتێ باس لە بێمانایی ڕووبەڕووبوونەوەی ستەم بە توندوتیژی دەکەین، مەبەستمان ئەوە نییە کە بەدیلەکەی پێکەوەژیانە لەگەڵ ئەم ستەمە لە روانگەی "ئامادەکردنی گووپەکەی ترەوە" بۆ لێدانی، بگرە مەبەست ڕووبەڕووبوونەوەی راستەقینە و دیراسەکراوە لە رێی کۆبوونەوەی چەوساوان و راگەیاندنی رەتکردنەوەیان بۆ ئەو حاڵەتە و بەرنامەڕێژییان بۆ نەهێشتنی و هێنانەکایەی ئازادی و دادپەروەری بۆ هەمووان دێتە دی. ئەمەش روو نادا تا خەڵک هەست بەوە نەکەن کە دەبێ بایەخ بە دۆخی ژیانی خۆیان بدەن و بۆ گێڕانەوەی مافە زەوتکراوەکانیان چاکی مەردانەی لێ بکەن بە لادا.

"بزووتنەوەی مافەکانی خەڵک" لەگەڵ هەزاران کەس لە لبنان دیدار و چاوپێکەوتنی هەبووە، لە سەرجەم ئەو دیدارانەدا کۆمەڵێک پرسیار و تێبینیی بنەڕەتی دووبارە دەبوونەوە:

رەنگە کاری ناتوندوتیژانە لە ململانە ناوەخۆییەکاندا بەکەڵک بێ، بەڵام ئاخۆ لە ململانە نەتەوەییەکان لە دژی دەستدرێژیکارانی دەرەکی هیچ ئەنجامێکی دەبێ؟

ئەگەر دوژمن توندوتیژیی بەکار هێنا، چۆن دەکرێ بەناتوندوتیژی وەڵام بدرێتەوە؟

رەنگە ناتوندوتیژی لە وڵاتانی دیموکراسیدا کە رێز لە مافەکانی مرۆڤ

دەگیرێ، بەکەڵک بێ بەڵام لە وڵاتانی دیکتاتۆریدا بێ کەڵکە.

چۆن دەکرێ ناتوندوتیژی لەگەڵ کەسانی وەک هیتلەر بەکار بێ؟

هەموو ئەوانەی پێڕەوییان لە خەباتی ناتوندوتیژانە کرد کوژراون لەوانە گاندی و مارتن لۆسەر کینگ و مەسیح و... هتد. ئەم پرسیارانە دەخوازن ڕێگەکانی کاری ناتوندوتیژانە روون بکرێنەوە، وەرگێڕانی کتێبەکانی ڕێگەکانی کاری ناتوندوتیژانە بۆ ئەو مەبەستەیە.

لەو کتێبەدا جین شارپ ١٩٨ ڕێگەی بۆ کاری ناتوندوتیژانە خستووەتە روو کە هەموویان لە ئەزموونی زیندووی مێژوو تا ساڵی ١٩٧٣ کە کتێبەکەی تێدا دەرچووە، وەرگیراون.

ئەو ئەزموونانەی لەم کتێبەدا باس کراون دەری دەخا ڕێگەکانی کاری ناتوندوتیژانە فرە جۆرن، هەروەک باس لە کاریگەریی کاری ناتوندوتیژانە لە هەلومەرجە جیاوازەکاندا پێشان دەدا.

هەروەها روونی دەکاتەوە کاری ناتوندوتیژانە کاریگەرانە بۆ بەدیهێنانی ئامانجی جۆرەوجۆری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و هی تر بەکار هاتووە.

هەروەها تەنیا پێوەست نییە بەپرسە ناوەخۆییەکانی وەک داواکارییە کۆمەڵایەتییە ئابوورییەکان و مافە مەدەنییەکان لە بەرامبەر جیاکاریی رەگەزی، بگرە پرسە نەتەوەییەکانیش دەگرێتەوە وەک ئیمپریالیزم و داگیرکردنی دەرەکی.

هەروەها دەردەکەوێ کاری ناتوندوتیژانە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕێژیمگەلی دیموکراسی و هەروەها نادیموکراسیشدا بەکار هاتووە، بەتایبەتی ڕێژیمی نازی کە هیتلەر دایمەزراند.

پەیامی بنچینەیی ئەم کتێبە برێتییە لەمەی خوارەوە:

کاتێ ستەم روو دەدا ئێمە لە بەردەم دوو بژاردا نین کە سێیەمین نەبێ: توندوتیژی یان ملکەچکردن. رێگەیەکی سێیەمیش هەیە کە برێتییە لە بژارەی بەرگریکردنی مەدەنیی ناتوندوتیژانە.

کتێبی رێگەکانی کاری ناتوندوتیژانە بەشی دووەمن لە سیانەی "سیاسەتی کاری ناتوندوتیژانە" کە لە سێ بەش پێک دێ:

بەشی یەکەم Power and struggle

بەشی دووەم Methods of non violent action

بەشی سێیەم Dynamics of non violent action

بزووتنەوەی مافەکانی خەڵک بەشی یەکەمی لە کتێبێکدا وەرگێڕدرا بەناونیشانی یاخیبوونی مەدەنی.

بەشی دووەم بزووتنەوە بەپێی ئەو پۆلبەندییە دانەر دایناوە وەریدەگێرێ کە، ئەویش لە رێگەی چوار کتێبەوە کە هەموویان لەژێر ناونیشانی "لە ئەزموونەکانی گەلان لە ڕووبەڕووبوونەوەی مەدەنیدا"ن.

کتێبی یەکەم: کارەکانی نارەزایی و قایلکردن.

کتێبی دووەم: هاوکارینەکردنی ئابووری.

کتێبی سێیەم: هاوکارینەکردنی کۆمەڵایەتی و سیاسی.

کتێبی چوارەم: شێوەکانی دەستوەردانی راستەوخۆ.

"بزووتنەوەی مافەکانی خەڵک" پێی باش بوو ئەم بیرۆکانە بۆ سەر زمانی عەرەبی بگوێزێتەوە، ئەمە خوایە بەهۆیەوە بەرچاومان ڕووناک ببێتەوە و بتوانین لە گێژاوی توندوتیژیی بکوژ بچینە دەرەوە، کە وای لێ کردووین لە دەریای نەهامەتی و بێئومێدی و ترس و داڕووخاندا نغرۆ ببین.

بزووتنەوەی مافەکانی خەڵک

## دەروازەیەک بۆ پاکێجی

## "لە ئەزموونەکانی گەلان لە رووبەڕووبوونەوەی مەدەنیەتدا"

کـاری ناتوندوتیـژانە لـە چەند رێگەیەکی زۆر تایبـەتدا دەردەکـەوێ، کـە پێـویسـتـە پێش لە چوونە ناو شـێـوازی کـارەکـە خـۆی و هەوڵدان بۆ لێتێگەیشتن و هەڵسەنگاندنی عەقڵانییانە جێبەجێکردنی بە کارایییەکی گەورەتر، ئەو رێگەیانە بزانرێن.

ئەو رێگەیانە بەشێوەیەک دارێژراون تا بتوانن بەرەنگاریی کۆمەڵێ دژبەر ببنەوە کـە بەتوانا و ئامـادەن بە بڕیاری توندوتیـژانە وەڵام بدەنەوە. ئەم شێوە-کارە وا گریمانە ناکا کە دژبەرانێکی لەم جۆرە لە بەرامبەر جموجۆڵی ناتوندوتیـژانەدا لە پڕ دەست لە توندوتیـژی بەردەدەن، یان لە مـەودایەکی دوورتردا پەنا بۆ سنووردارکردنی بەکارهێنانی سەرکوتکردنی توندوتیژانە دەبەن.

بەڵام بەکـارهێنانی ئامـرازە ناتوندوتیـژانەکـان لە بەرەنگاریکردنی سەرکوتکردندا دۆخێکی نوێ لە ململانە دێنێتە کایەوە، تێیدا هەردوولا دوو شـێـوە خـەباتی دژ بەیەک، یان بڵـێین "دوو سـیـسـتـمی جـیـاوازی خۆچەکدارکردن" پێڕەو دەکەن، یەکەمیـان دەست بە کاری توندوتیژانە و ئەوی تریان بە کاری ناتوندوتیژانەوە دەگرێ.

لەم جێبەند (سیاق)ەدا لەسەر چالاکانیی ناتوندوتیژ پێویستە دەست بەو شێوە-کارەوە بگرن کە هەڵیان بژاردووە، تا باشترین دەرفەتی سەرکەوتنی بۆ دەستەبەر ببێ.

سـووربوون لەسـەر جـێبـەجـێکردنی وێنەی ناتوندوتیـژانە بەشـێـوەیەکی فراوان و متمانەبەخۆ و زیرەکانە، کێشەی زۆر تایبەت بۆ دژبەرەکە دروست دەکـا، کـە دەبێـتـە مـایـەی شـڵـەژان یاخـۆ نـائومـێدی لـەو کـاریگەرییـەی لە پـەنابـردنی بـۆ هێــز چاوەڕوانی دەکــا. لەم حــاڵەتەدا چـالاکــان دەتوانـن سیاسەتێکی لە شێوەی جیۆ-جیتسۆ لەگەڵ دژبەرەکەیان جێبەجێ بکەن، لە هاوسـەنگیـیە سـیاسـییـەکـەی بدەن و وا بکەن سـەرکوتکردنـەکەی بۆ خـۆی بگەڕێتـەوە و لاوازی بکا. جگە لەمـە، ئەگـەر چالاکـەکـان بتوانـن لە درێژەی ملمـلانەکەیاندا بە ناتوندوتیژییەوە پابەند بن، ئەوە یارمـەتییـان دەدا لە زۆر رووەوە پێگەی خۆیان باش بکەن.

هەندێ کـەس وا دادەنێن تەکنیکی کـاری ناتوندوتیـژانە بەحـەتمی دەبێـتە مـایەی لاوازکردنی بەرگریی چالاکەکانی و زیادبوونی ئەگەری سـزادانیان، هەر بۆیە بەو بەرەنجامە دەگەن کە ژمارەیەکی کەم پێڕەوی دەکەن.

بێگومـــان کـــاتێ چالاکـــانی ناتوندوتیـــژ ژمـــارەیان کــــەم بێ و لە پشتیوانیکردنی رای گشتی بەهرەمەند نەبن، خۆیان لە دۆخێکدا دەبیننەوە کە توانای بەرگەگرتن لاوازە و ئەگەری دووچاربوونی سزا زیاد دەبێ (بەڵام پەنابردنیـان بۆ توندوتیـژی لەو جـۆرە حـاڵەتەدا زیاتر ڕووبەڕووی سـزایان دەکاتەوە). بەڵام دۆخـەکە جیـاوازە کاتێ ئەو چالاکانە بە دەسـتـبـاری رای گشتی کار دەکەن و دەبنە توێژێکی گەورەی دانیشتوان. لەم حاڵەتەدا رێژەی دووچاربوون دادەبەزێ، هەروەها ئـەگـەری بەگـیـرهێنانی تاکـەکـەسـێک و ســـزادانی، تـا رادەیەکی زۆر بەرتەسک دەکــرێتـــەوە، بەڵام رێـی تێ نـاچێ دژبەرەکە وا بەئاسانی خۆبەدەستەوە بدا.

نابێ رووداني سەرکوتکردن ببێتە مایەی ترس و حەپەسان لای چالاکانی ناتوندوتیژ، چونکە ئەو کـارە بەزۆری ئەنجـامی دانـانی دژبەرەکـەیە بەوەی چالاکیی ناتوندوتیـژانە هەڕەشـەیەکی جـیـدییـە بۆ سـەر سـیـاسـەت یان

ڕێژیمەکەی. پێویستە چالاکانی ناتوندوتیژ وەک باجی سەرکەوتن بۆ سزادان ئامادە بن. جیاوازی هەیە لە ئاستی توندیی سەرکوتکردن و شێمانەکانی ئەو مەترسییانەی لێیەوە سەرچاوە دەگرن، بەڵام ئەم مەترسییانە تەنیا تایبەتی کاری ناتوندوتیژانە نییە. ڕەنگە هەندێ جار مەترسییەکان لەوەوە بێن کە هەردوولا پەنا بۆ توندوتیژی دەبەن کە هەندێکی هاوشێوە و هەندێکیشی جیاوازە لەوەی چالاکانی ناتوندوتیژ ڕووبەڕوویان دەبنەوە. یەک جیاوازیی هەیە، ئەویش ئەوەیە مەترسییەکان لە کاری توندوتیژانەدا بریتییە لە هەوڵدان بۆ ئازاردانی دژبەرەکە یاخۆ کوشتنی، بەڵام لە حاڵەتی کاری ناتوندوتیژانەدا ئەوە نییە. ڕەنگە هەندێ کەس بەهەڵە لەمە بگەن و پێیان وابێ ناتوندوتیژی واتای بێدەسەڵاتییە، ئەمەیش ڕاست نییە. ئەم جیاوازییە لە مامەڵەکردن لەگەڵ دژبەر نابێ هەستی دەستەپاچەیی یان بێئومێدی بوروژێنێ، نەخاسمە ئەگەر چالاکە ناتوندوتیژەکە دەرک بەوە بکا کە پابەندبوونی بە ناتوندوتیژی هەلی ئەوەی دەداتێ زیاتر بەسەر دژبەرەکەیدا زاڵ بێ و توندوتیژی دژ بە ناتوندوتیژان کەم بکاتەوە و دەرفەتەکانی سەرکەوتنی زیاتر دەبێ.

ئاشکرایە سەرکوتکردن بە زەرورەت نابێتە مایەی ملکەچکردن، بۆ ئەوەی سزاکان کاریگەر بن دەبێ عەقڵی خەڵک بکرێتە ئامانج و ترس و حەزی گوێڕایەڵیکردنی تێدا بوروژێنرێ. بەڵام لەلایەکی ترەوە، دوور نییە نەترسانی ناتوندوتیژەکان، یاخۆ لابەندیی تەواویان بۆ پرس یان ئامانجێک، وایان لێ بکا وێڕای سەرکوتکردنیش لە خەباتی خۆیان بەردەوام بن (ئەوە لە ململانەی سەربازیدا ڕاستە). کاتێ ناتوندوتیژەکان بەم نەزمە درێژە بە چالاکییەکەیان دەدەن، کێشەکانی دژبەرەکەیان لە چەندان لاوە ئاڵۆز دەبێ، چونکە زۆربەی ئامرازە باوەکانی سەرکوتکردن، بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ یاخیبوونی توندوتیژانە ساز کراون. جا لە بارێکدا دینامیکییەت و میکانیزمی ململانەی توندوتیژانە لە دینامیکییەت و میکانیزمی ململانەی

ناتوندوتیـژانە جیـاوازە، پەنابردن بۆ سـەرکـوتکردن بۆ ڕووبـەڕووبوونەوەی چالاکانی ناتوندوتیژ بەرەنجامی تەواو جیاوازی لێ دەکەوێتەوە. بۆ نموونە ئەو پیـاوانەی لە کـاتی خـەباتی ناتوندوتیـژانەیاندا زیندانی کـراون، وەک گاندی و کینگ و دوپچیک یان ئەو قوتابیانەی پەناگیری دەکەن، هەمیشە لە "ریزەکانی پێشەوە" حسێب دەکرێن و وێڕای ئەوەی لە گرتووخانەشدا بوون، نەتوانراوە لە شەڕەکە بکرێنە دەرەوە.

لە باتیی ئەوەی هەوڵ بدەن خـۆ لە ورووژاندنی تـوندوتیـژی لابدەن، رەنگە چالاکانی ناتوندوتیژ هەوڵ بدەن رێگەکانی سـەرکوتکردنی دژبەرەکە لەبار ببـەن، بۆ نموونە وەک ئەوەی گرتووخـانەکان پڕ بکەن و بەوەیش بێتواناییی ئەو دەسـەڵاتە بـۆ حـوکمڕانیکردن تـەنانەت بەو ئامرازانەیشـەوە دەسـەلمێنن. رەنگە بەراستی سەرکوتکردنی کاری ناتوندوتیژانە کاریگەریی هەبێ، بەڵام مـادام ئەوە رەهـنە بەباروذۆخـێکی تایبـەتەوە، کـەواتە دەکـرێ وا نـەبێ، لەم بارەیشـدا دژبـەرەکـە خـۆی لـە بەرامـبـەر چەندان دژواریدا دەبینێـتـەوە و سەرچاوەی تر بۆ زیادکردنی کێشەکانی دێنە پێش.

دوور نییە کاتێ کاری ناتوندوتیژانە جۆشخواردنێکی نموونەیی لە نێوان جـۆری رەفـتـار و ژمـارەی بەشـدارانیـدا بەرجـەسـتـە دەکـا و گـرووپە ناتوندوتیـژەکە لە کـاتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگـەڵ سـەرکـوتکردندا، دەتوانێ پارێزگـاری لە دامـەزراوی و سـووربوونی لەسـەر ڕێڕەوەکەی بکا، دژبـەرەکە هەست بە تەریقبوونەوە بکا کاتێ دەبینێ ناتوانێ سیاسەتەکانی پاساو بدا. هەروەها کـاتێ یاخـیبـوونەکە بەرفـراوان بێ یان بوێرییـەکی تـایبـەتی تێدا بـەخـــەرج درابێ، دژبـەرەکـــە ناتـوانێ خـــۆی لـێ نەبـان بکا بەبێ ئەوەی لە بـەردەمـــیـــدا بە لاوازی دەربکەوێ و لێـــرەشـــەوە ســـەرکـــێـــشـی بکا لـە بڵاوکردنەوەیدا. لەگەڵ ئەوەیشـدا سـەرکوتکردن رەنگە نەک هەر ببێتە مایەی بەهێزنەبوونی پێگەی دژبەرەکە، بگرە لەوەش تێپەڕ بکا و لە هـەلومەرجێکی

تایبەتدا هەندێ هێز ببزوێنێ کە کار لەسەر زیاتر لاوازکردنی بکەن. ئەم کێشانە لەوانەیە وای لێ بکەن ئاواتەخواز بێ کە یاخییەکان لە بریی ئامرازە ناتوندوتیژانەکان، پەنا بۆ ئامرازە توندوتیژانەکان ببەن.

ئەو کێشانەی دژبەرەکە لە بەگژداچوونەوەی کاری ناتوندوتیژانەدا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، تەنیا ئەوە نین کە لە پڕ لەگەڵ ناتوندوتیژییەکە ڕووبەڕوو بووە و بە تەکنیکی کارەکە ئاشنا نییە. شارەزاییی دژبەرەکە، بۆ نموونە بە ڕێڕەوی کاری ناتوندوتیژانە، بەتەنیا توانای ئەوەی پێ نابەخشێ کە شکست بە چالاکانی ناتوندوتیژ بێنێ: وەک لە کێشە سەربازییەکاندا ڕوو دەدا، ڕەنگە هەردوولا لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانیاندا هەوڵ بدەن تەکنیکی ململانەکە بزانن. لەگەڵ زیاتر قاڵبوونیش لە شێوازە ناتوندوتیژانەکاندا ڕەنگە دژبەرەکە زرنگتر و دوور نییە توندوتیژییەکەیشی کەمتر ببێ، بەڵام گرووپە ناتوندوتیژەکەش ڕەنگە فێر ببێ چۆن چۆنی زرنگانەتر و کارایانەتر خەبات بکا.

ئەو کێشانەی دژبەرەکە لە مامەڵەکردن لەگەڵ کاری ناتوندوتیژانە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، بەشێوەیەکی سەرەکی پێوەندییان بە دینامیکییەتی تەکینکی کارەکەوە هەیە، کە دەبێتە مایەی جارانکردنی هێز و کاریگەریی تاقمە ناتوندوتیژەکە و هاوکات سنووردارکردنی هێز و کاریگەریی دژبەرەکە.

ڕەنگە ئەو سەرکوتکردنەی دژبەرەکە لە بەرامبەر چالاکییەکی ناتوندوتیژانەدا پەنای بۆ دەبا بەرتەسکتر بێ لەو سەرکوتکردنەوەی دژ بەیاخیبوونێکی توندوتیژانەدا ئەنجامی دەدا، ئەویش چونکە پاساودانی سەرکوتکردنی توند و دڵڕەقانەی گرووپێکی ناتوندوتیژ زۆر دژوارترە. جگە لەوەیش، زیادەڕەویکردن لە سەرکوتکردندا، لە بریی لاوازکردنی بەرگریکاران، دوور نییە کاریگەریی پێچەوانەی هەبێ و پریشکی بگاتە

سەرچاوەکانی دەسەلاتی دژبەرەکە و لێرەشەوە لاوازکردنی پێگەی دەسەلاتەکەی. لەم بارەدا رەنگە دژبەرەکە وا بەچاکتر بزانێ کە یاخییەکان لە بریی ناتوندوتیژی، پەنایان بۆ توندوتیژی ببردایە، هیچ بەدووریشی مەبینە بەئەنقەست هەوڵ بدا بەرگریکارەکان بەرەو بەکارهێنانی توندوتیژی پاڵ پێوە بنێ، چ بەهۆی سەرکوتکردنی دڵڕەقانەوە بەمەبەستی بەزاندنی سیستمە ناتوندوتیژییەکە، یاخۆ لە ڕێی دزەپێکردنی سیخوڕی بەکرێگیراوی دنەدەرەوە.

بەڵام ئەگەر چالاکانی ناتوندوتیژ توانییان بە سیستمەکەیانەوە وابەستە بن و درێژە بەو جۆرە خەباتەیان بدەن و بتوانن هەندێ توێژی گرینگی دانیشتوان بێننە ریزەوە، دوور نییە ئەنجامی هەڵسوکەوتەکەیان بگاتە مەودایەکی زۆر دوورتر لە سەرمەشقیی تاکەکەسی و شەهیدبوون. دوور نییە بتوانن زیرەکانە ئیرادەی دژبەرەکە پەک بخەن بەشێوەیەک نەتوانێ تەنانەت لە ڕێی سەرکوتکردنیشەوە درێژە بە پیلانەکانی بدا. دەستگیرکردنی سەرکردەکان بە سادەیی ئەوە دەردەخا کە جموجۆڵی ناتوندوتیژانە دەتوانێ بەبێ سەرکردایەتییەکی راگەیەنراویش بەردەوام بێ. رەنگە دژبەرەکە پەنا بۆ ئەوە ببا هەر جووڵەیەکی نوێ بە نایاسایی دابنێ، بەڵام بەو کارە جگە لە کردنەوەی بوارگەلێکی نوێی گژبەری (تحدی) هیچی تر بەدەست ناهێنێ. دوور نییە بۆی دەربکەوێ کە ئەو لەو کاتەی هەوڵ دەدا لە هەندێ بواری دیاریکراودا گژبەرییەکە سەرکوت بکا، کەچی چالاکە ناتوندوتیژەکان توانیویانە هێزی پێویست کۆ بکەنەوە بۆ فراوانکردنی ئاسۆی هێرشەکەیان لە چەند بەرەیەکی ترەوە بەشێوەیەک ببنە گژبەرییەکی راستەقینە لەسەر دەسەلات. بەم شێوەیە، لە باتیی ئەوەی سەرکوتکردنی جەماوەری هاوکاری و گوێڕایەڵی بسەپێنێ، بۆی دەردەکەوێ سەرکوتکردن بەرەتکردنەوەی ملکەچکردن یاخۆ هەڵاتن وەڵام دەدرێتەوە و جار دوای جار ئەوە زیاتر روون دەبێتەوە کە سەرکوتکردن توانای هێنانەکایەی "ملکەچکردن"ی نییە.

زیاد لەمەیش، لە حاڵەتە زۆر نائاساییەکاندا، دوور نییە بەهۆی گژبەریی جەماوەرییەوە هێزە سەرکوتکارەکانی نووچ بدەن: دوور نییە زۆریی ژمارەی بەرگریکاران توانای کۆنترۆڵکردنی لەدەست بدا و سەربازەکانی پەنا بۆ یاخیبوون ببەن. هەموو ئەم کاریگەرییانە کە دەکرێ روو بدەن، چەند نموونەیەکن لە پرۆسەیەک کە دەتوانین ناوی بنێین "جیو-جیتسوی سیاسی".

چالاکانی ناتوندوتیژ بەئەنقەست گژبەریی رکابەرەکەیان لەو ئاستەی توندوتیژی کە ئەو دیاری دەکا رەت دەکەنەوە. توندوتیژی کاتێ بەتوندوتیژی بەرەنگاری دەکرێ، بەهێزتر دەبێ. گرووپی دژە توندوتیژی پێویستی بە بەکارهێنانی توندوتیژی نییە، هەروەک پێویستە لەسەری بەکاری نەهێنێ تا پێگەی دژبەرەکەی بەهێز و خۆی لاواز نەکا. پێویستە ئەندامانیان بە سیستمی خۆچەکدارکردنی ناتوندوتیژانەی تایبەت بەخۆیانەوە پابەند بن مادام کاری ناتوندوتیژانە کار لەسەر ئەوە دەکا توندوتیژی و سەرکوتکردنی دژبەرەکە روو بکاتە پێگەی هێزی خۆی و لاوازی بکا، لە هەمان کاتیشدا کار بۆ بەهێزکردنی گرووپی ناتوندوتیژەکان بکا، لەبەرئەوەی کاری توندوتیژانە و ناتوندوتیژانە دوو میکانیزمی جیاوازیان هەیە و هەریەکەیان دەیەوێ هێزێکی جیاوازی گۆڕان لە کۆمەڵگەدا بێنێتە کایە، هەر بۆیە پەنابردنی دژبەرەکە بۆ سەرکوتکردن لەبارێکدا تاقمە ناتوندوتیژەکە وابەستە بن بەسیستمە ناتوندوتیژانەکە و لەسەری بەردەوام و پشوودرێژ بن، بە کردەوە ناتوانێ بەسەر ئەو جۆرە هێزەی چالاکانی ناتوندوتیژ بەرجەستەی دەکەن زاڵ بێ.

گاندی بە باسکردنی وێنەی ئەو پیاوەی بە شمشێرەکەی بەتوندی لە ئاو دەدا ئەم هەڵوێستە روون دەکاتەوە و دەڵێ "ئەوە باڵی پیاوەکەیە لەو لێدانەدا تووشی داخزان دەبێ"[1]

ئەمە یەکێکە لەو هۆیانەی لە پێناویدا دەخوازێ چالاکانی ناتوندوتیژ بە سیستمە ناتوندوتیژەکەیانەوە پابەند بن تەنانەت لە بەرامبەر سەرکوتکردنی وەحشییانەیشدا. کاتێ چالاکانی ناتوندوتیژ سەرکەوتوو دەبن لەوەی پارێزگاری لە دژیەکیی نێوان تەکنیکە توندوتیژەکان و ناتوندوتیژەکان بکەن، ئەو کاتە دەتوانن دەری بخەن کە سەرکوتکردن ناتوانێ جەماوەر بتۆقێنێ و پایەکانی ئەو پاڵپشتییەی دژبەرەکە هەیەتی، تێک بشکێنێ، بەو هۆیەشەوە هێز و توانای لە درێژەدان بەسەرکوتکردن و بەرگریکردن لە ئامانجەکانی و پێگەکەی لاواز دەبێ.

لێرەدا دەگەینە ئەو بەرەنجامەی سەرکوتکردنی گرووپە ناتوندوتیژەکە کە وێڕای ئەوەیش سوورە لەسەر خەبات و پارێزگاری لە سیستمی ناتوندوتیژی دەکا، رەنگە ئەم کاریگەرییانەی هەبێ:

چەندە دڵڕەقی دژ بەکەسانی ناتوندوتیژ زیاد بکا، رێژیمی دژبەر سووک و بێ نرختر دەبێ و رێی تێ دەچێ هاوسۆزی و پاڵپشتی بۆ لایەنە ناتوندوتیژەکە زیاد بکا و دانیشتوان بەگشتی زیاتر لە دژبەرەکە دوور بکەونەوە و ئامادەییی زیاتریان بۆ چوونە ریزی بەرگری تێدا دروست ببێ. تەنانەت ئەو کەسانەیش کە پێوەندیی راستەوخۆیان بە کێشەکەوە نییە رەنگە پاڵپشتیی زیاتر بۆ قوربانییانی سەرکوتکردن نیشان بدەن. لەبەرئەوەی رای گشتیی نیشتمانی و نێودەوڵەتی لە گۆڕاندایە، رەنگە هەندێ جار پاڵەپەستۆی سیاسی و ئابووریی گرینگ بسەپێنێ، تەنانەت دوور نییە هاوولاتییان و بەکرێگیراوان و سەربازانی سەر بە رێژیمیش لەو وەحشییەتەی دژ بە ناتوندوتیژان بەکار دێ وەڕس بن و گومان لە دادپەروەریی سیاسەتی دژبەرەکە بکەن. نیگەرانییە بەرایەکەیان رەنگە ببێتە بەرهەڵستکارییەکی ناوەخۆیی و هەندێ جاریش لە حاڵەتی مانگرتن و یاخیبووندا خۆی دەربخا.

بەم شـێوەیە، ئەگەر سـیاسـەتی سـەرکـوتکردن بوو بـەمـایەی زیادبوونی ژمارەی چالاکانی ناتوندوتیژ و فراوانبوونی بازنەی گژبەری، هەروەها بووە مـایەی چەکەرەکردنی برێکی پێویست لە بەرهەڵسـتکاریی ناوخۆیی لەنێو لایەنگرە کلاسیکییەکانی دژبەرەکە و لێرەشـەوە سنووردارکردنی توانای لە ڕووبەڕووبوونەوەی گژبەریەکە، ئەمە بەئاشکرا ئەوەی لێ دەخـوێنرێتـەوە کە سـەرکـوتکردنەکـە دژی خـۆی شکاوەتەوە. ئەمـەیە جـیـۆ-جـیـتـسـۆ لە جێبەجێکردندا.

سـەرکـەوتن یان سـەرنەکـەوتن لەم کـارەدا بەندە بەتوانای چالاکـانی ناتوندوتیـژ لە درێژەدان بـە خـەباتەکـەیان بە بەکـارهێنانی "سـیسـتـمی خـۆچەکدارکـردن"ی تایـەت بە خـۆیان. ژمـارەیەکی زۆر شـێـواز هەن کـە بەهەمـوویان تەکنیکی کاری ناتوندوتیـژانە پێک دێنن. ئەم توێژینەوەیە کـار لەسەر پۆلێنکردنی ئەم شێوازانە دەکا.

ئەو پۆلێنکردنە لە چەند ڕوویەکەوە بەکەڵکە. بەپلەی یەکەم یارمـەتیمـان دەدا بۆ ناسینێکی باشـتری سروشـتی تەکنیکی ناتوندوتیـژانە، هەروەها بە ڕوونی جـۆرەکـانی و جـیـاوازییـە گـرینگەکـانی ئاشکرا دەکا. هەندێ لە شـێوازەکانی لە بنەڕەتدا کاری ڕەمزین، هەندێکی تریان ڕاگرتنی هاوکاری لەگـەڵ دژبەرەکـان لەخـۆ دەگـرێ، هـەندێ شـێـوازیش دەسـتـێـوەردانی ڕاسـتـەوخـۆن لە کـێـشـەکـەدا. پۆلبـەندییـەکـە هەروەها ئاشکرای دەکا کـە شێوازەکانی کارکردن لەو تەکنیکەدا زۆر و هەمـەجۆرن[2]، بەدڵنیاییەوە ئەم خـشـتـەیەی ئێسـتـە هـەمـوویان ناگـرێتـەوە. جگە لەمـە، پۆلبـەندیکردن وەک خشـتـەیەکە تێیدا ئەو ئامرازە بنچینەییانەی کاری ناتوندوتیـژانە کە تا ئەمڕۆ بەکار هاتوون تۆمار دەکرێ[3].

ئەم خشـتـەبەندییـە دەتوانێ یارمـەتیی چالاکەکان بدا لەوەی بەپێی دۆخـە تایبەتەکان، گونجاوترین ڕێگە بۆ چالاکییەکانیان هەڵبژێرن. هەروەها ڕەنگە

بیرۆکەیەکیش بداتە ئەو دەستە تاقمانەی کە ڕووبەڕووی بەرهەڵستییەکی ناتوندوتیژانە بوونەتەوە لەبارەی ئەو شێوازانەی کە ڕەنگە لە دژی بەکار بێن و بەمەیش ئاستی گرژی و توندییەکە کەم بکاتەوە.

ئەو خشتەیە هەروەها یارمەتیی توێژەران و ئەوانەی هەڵسەنگاندن بۆ توانا سیاسییەکانی تەکنیکی ناتوندوتیژانە دەکەن، دەدا بۆ تێگەیشتنێکی فراوانتر لە گەنجینەی ئامرازەکانی خەباتی ناتوندوتیژانە.

لە پۆلبەندیکردنی فراوانی ئامرازەکانی کارکردنی ناتوندوتیژانەدا بابەتەکە بەسەر چەند دەروازەیەکی گشتیدا دابەش کراون بەم سەردێرانە: ناڕەزایی و قایلکردن، هاوکارینەکردن، دەستوەردان.

لە هەندێ حاڵەتی تایبەتدا ڕەنگە یەکێک لە ئامرازەکان زیاتر لەگەڵ دەروازەیەکی تردا گونجاو بێ تا ئەو دەروازەیەی لەم توێژینەوەیەدا تێیدا دانراوە. هەروەک لەوانەیە لە هەندێ حاڵەتدا یەکێ لە ئامرازەکان لە ڕێڕەوی کارکردندا بگۆڕێ بۆ ئامرازێکی تر، بە شێوەیەک هێڵێکی جیاکەرەوە لە نێوانیاندا نەمێنێ. هەروەها ڕەنگە دوو ئامرازی جیاواز هەبن کە بگونجێ لە هەندێ حاڵەتدا ئامێتە (دمج) بکرێن.

هەروەها نابێ خشتەبەندیکردنی ئامراز و ڕێگە جیاوازەکان لە هیچ کاتێکدا بەتەواو دابنرێ. بێگومان هەندێ ئامراز هەن بەهیچ شێوەیەک باس نەکراون، هەروەک ئاماژە بەژمارەیەک جۆرەوجۆری نەکراوە کە هەندێ لەو ئامرازانەیان تێدا بەرجەستە بووە کە لەم خشتەیەدا هاتوون. ڕەنگە لە هەموو ئەوانە گرینگتر ئەوە بێ کە هەندێ شێوەی نوێی کاری ناتوندوتیژانە هەن کە دەکرێ لە ڕێڕەوی خەباتدا بە بەرنامە یان بە عەفەوی پەرەیان پێ بدرێ.

بۆ نموونە "مانگرتنی پێچەوانە" کە تێیدا خەڵک کارێکی زیادە دەکەن کە لێیان چاوەڕوان ناکرێ بیکەن، تەنیا بیست ساڵێک دەبێ ئەم ڕێگەیە بەکار

هاتووە. ئامانج لە باسکردنی ئەو ئامرازە جیاوازانەی لە بەشەکانی ئەم توێژینەوەیەدا وەک نموونە ئاماژەیان پێ دراوە تەنیا روونکردنەوەیە و بەس، مەبەست ئەوە نەبووە ئەوانە ببنە کۆمەڵێ نموونەی ئامادەی تایبەت بەم ناوچەیە یان ئەو قۆناغە. نموونەکان حاڵەتی "سەرکەوتوو" و "سەرنەکەتوو"شیان تێدایە، بەڵام بەهەرحاڵ ئاماژە بە هەندێ هەلومەرجی زۆر جیاوازی مێژوویی و سیاسی و کولتووری دەکا، کە تێیاندا تەکنیکی کاری ناتوندوتیژانە بەکار هاتووە.

بەدڵنیاییەوە توێژینەوەی زیاتر نموونەی نوێ لە چەندان حاڵەتدا ئاشکرا دەکا کە ئەم توێژینەوە باسی نەکردوون.

ئەو ئامرازانە چین کە لە حاڵەتێکی دیاریکراودا بەکار دێن و ژمارەیان چەندە؟ ئەمانە پرسگەلێکن تا رادەیەکی زۆر بەپێی ئەم فاکتەرانەی خوارەوە دەگۆڕێن:

- داوونەریتی دانیشتوانە پێوەندارەکان.

- ئاست و قووڵیی زانیاری خەڵک بەگشتی بەشدارانی راستەوخۆ لە کێشەکە و سەرکردەکانیان لەبارەی ئامرازەکانی کاری ناتوندوتیژانە و رادەی ئەزموونیان لەو ئامرازانەدا.

- دۆخی گشتیی کۆمەڵایەتی و سیاسی.

- ئەو پلە لە سەرکوتکردن کە پێ دەچێ خەڵک بەگشتی و چالاکان و سەرکردەکان ئامادەییان تێدایە بۆ بەرگەگرتنی.

- سروشتی ئامانجەکانی دژبەرەکە.

- ئەو سەرچاوانەی خراونەتە ژێر دەسەڵاتی ئەو دژبەرە (لەوانە دەزگای ئیداری و بەکرێگیراوانی سەرکوتکردن و شتی لەو شێوە).

- پلەی ئەو توندوتیژییەی رێی تێ دەچێ دژبەرەکە بەکاری بێنێ.

- ڕادەی پشتبەستنی دژبەرەکە بەهەندێ ئەندامی ئۆپۆزیسیۆنی ناتوندوتیژ.

- ژمارەی ئەو چالاکانەی بەشداری دەکەن و تێکڕای ئەو پاڵپشتییەی لەلایەن خەڵکەوە لێیان دەکرێ.

- تایبەتمەندیی چالاک و سەرکردەکان.

- سروشتی سکاڵاکە.

- وردەکاریی مادیی ئەو دۆخە دیاریکراوەی توێژینەوەی کارەکەی تێدا دەکرێ.

ئێستەش دەچینە سەر ڕێگەکانی دەربڕینی نارەزایی و قایلکردنی ناتوندوتیژانە.

پەراوێز:

١. م. ک غاندی Non-violence Resistance لا٥٧، هند، چاپی شاتباگراها.

٢. هەردوو وشەی "شێواز" و "شێوە" بەشێوەیەک بەکار هاتوون دەکرێ جێگۆڕکێیان پێ بکرێ. لە هەندێ حاڵەتی رابردوودا ئەو دوو وشەیە بەو شێوەیەی لێرەدا کردوومانە بەکار هاتوون. جوان بوندورانت لە Conquest pf Violence لا٣٦ دەستەواژەی "شێوەکانی کاری ناتوندوتیژانە"ی بەکار هێناوە بۆ وەسفکردنی ئەو دیاردەیەی ئەم کتێبە تاوتوێی دەکا. کارل فون کلاوس ویتز On War (نیویورک، بارنز و نوبل، ١٩٥٦/ لەندەن: ڕۆتلیدج و کیگان پۆڵ، ١٩٥٦)، (بەرگی (١) لا١٢٥، ١٦٦، هەروەها بەرگی (٣) لا٤٠٩) ئاماژە بەمجۆرە کارانە لە جەنگدا دەکا کە بەگشتی دەتوانرێ بەراورد بکرێ لە پێوەندیدا بەململانە گشتییەکە لەگەڵ ئەم "شێوانە" کە بە "شێواز"ی کاری ناتوندوتیژانە ئاماژەیان بۆ دەکرێ.

وێڕای بوونی جیاوازیی گەورە لە نێوان ململانەی سەربازی و ململانەی ناتوندوتیژانە، تا ڕادەیەکی بەرچاو لێکچوون هەیە لە ڕۆڵی "شێواز" و

"شێوە"کان لە ململانەدا بەگشتی، کە بوار بەوە دەدا هەمان چەمک یان هاوشێوەکەی بەکار بێ. ئەمە جگە لەوەی روونیی لێکۆڵینەوەکەیش ئەوە دەخوازێ.

٣. ئەم لیستە رێگەیانە پێشتر باس نەکراون. بەڵام هەندێ نووسینی پێشوو خشتەبەندییەکی جیاوازیان لەبارەی مانگرتن و بایکۆتکردنە ئابوورییەکانەوە هێناوە و ئەمانەیش لە جێی خۆیان لەم توێژینەوەیەدا ئاماژەیان بۆ کراوە. بەڵام خشتەبەندییەکەی رابردوو لەبارەی کاری ناتوندوتیژانەوە وەک تەکنیکێکی گشتیی زۆر سنووردار بوو. بۆ نموونە بڕوانە War without Violence لا٢٨-٦٢. (پازدە رێگەن لەوانە (دانوستاندن و ناوبژیوانی) و (خۆپاککردنەوە) کە لەم پۆلبەندییەی ئێرەدا باسمان نەکردوون، ولیندبێرگ، جاکسۆن وایرلیش لە Kamp Uden Vaaben لا١٠ (حەوت رێگە، لەوانە (تێکدان) کە لێرەدا جیامان کردووەتەوە، هەندێکیشیان بە تێروتەسەلی باس دەکەین).

## پێشەکی

ناڕەزایی و قایلکردنی ناتوندوتیژانە" دەروازەیەکە چەندان ڕێگە لەخۆ دەگرێ، کە لە بنەڕەتدا هەندێ کاری رەمزین و دەچنە خانەی بەرهەڵستیکردنی ئاشتییانە یان هەوڵی قایلکردنەوە، کارەکە لە دەربڕینی زارەکی زیاترە، بەڵام ناگاتە ئاستی هاوکارینەکردن یاخۆ دەستوەردانی ناتوندوتیژانە. خۆنواندن، شەونخوونی، شەونخوونیکردن بۆ پاراستنی مانگرتنەکە، پۆستەرە هەڵواسراوەکان، ئەڵقە دیراسییەکان، پرسە، کۆبوونەوەی ناڕەزایی، بەشێکن لەم ڕێگەیانە.

لە ڕێی ئەم شێوازانەوە چالاکەکان بە سادەیی نیشانی دەدەن ئەوان "دژ" بە پرسێکی دیاریکراون، بۆ نموونە هەڵواسینی پۆستەر دەکرێ دەربڕینی ناڕەزایی بێ لە یاسایەک کە بڵاوکردنەوەی زانیاری لەبارەی دیاریکردنی وەچەوە قەدەغە دەکا. هەروەک دەکرێ ئەم ڕێگەیانەی لەم دەروازەیەدا هاتوون "لە پێناو" پرسێکی دیاریکراودا وەگەڕ بخرێن، کە ببنە لۆبییەکی بەکۆمەڵ، بۆ نموونە، بۆ پشتیوانیکردنی یاسایەک لەبارەی هەوای پاک کە هێشتا لە پەرلەمان بە هەڵواسراوی ماوەتەوە، یان بۆ پشتیوانیکردنی کۆمەکیی دەرەکی. لەوانەیە ناڕەزایی و قایلکردنی ناتوندوتیژانە گوزارشت بێ لە هەستێکی کەسیی قووڵ یان سەرکۆنەکردنێکی ئەخلاقییانە بەرامبەر پرسێکی کۆمەڵایەتی یان سیاسی. شەونخوونی بۆ نموونە بەبۆنەی هیرۆشیما ڕەنگە گوناهشۆری (تکفیر) بێ بۆ بۆردمانکردنی ئەو شارە ژاپۆنییە بەبۆمبی ناوکی لەلایەن ئەمەریکاوە. ئەو "پرس"ەی ناڕەزایانی ناتوندوتیژ بایەخی پێ دەدەن دەکرێ ڕەفتارێکی دیاریکراو، یاسایەک،

سیاسەتێک، حاڵەتێکی گشتی، تەواوی حوکمڕانییەک یاخۆ ڕێژیمێک بێ.

لەوانەیە کارەکە وەک سەرەتا ئامانجی "کارتێکردنی دژبەرەکە" بێ لە ڕێی سەرنج ڕاکێشان بۆ کێشەکە و بانگەشە بۆ کردنی بەمەبەستی بەدەستهێنانی پاڵپشتییەکی گشتی، کە بەشداری بکا لە قایلکردنی دژبەرەکە بەوەی پێویستە گۆڕان قبووڵ بکا. یان ڕەنگە ئامانج ئاگەدارکردنەوەی بێ لە مەترسیی پرسەکە و ڕادەی تووڕەییەکان بەرامبەر ئەم پرسە کە ئەگەر گۆڕان ڕوونەدا دوور نییە بەرەو ئاڵۆزی و هەڵایسانی زیاتر بچێ. هەروەها ڕەنگە ئامانجی بنەڕەتیی کارەکەیش "پێوەندیگرتن لەگەڵ خەڵکی گشتی"، تەماشاکەران، یان تیمی سێیەم بێ بەمەبەستی بەدەستهێنانی بایەخدان و پاڵپشتییان بۆ گۆڕانکارییە خوازراوەکە، جا ئەوە چ بە پێوەندیی ڕاستەوخۆ بێ یان لە ڕێی بانگەشەوە. یان دەکرێ ئامانجی کارەکە یەکەم جار "کارکردنە سەر گرووپە ستەمبارەکە بێ" ئەو کەسانەی ڕاستەوخۆ بابەتەکە کاریان تێ دەکا، ئەویش لە پێناو هاندانیان تا خۆیان دەستپێشخەرییەک بکەن، وەک ئەوەی بەشداریی مانگرتنێک یان بایکۆتکردنێکی ئابووری بکەن. یەکێک لە ڕێگەکانی ناڕەزایی و قایلکردنی ناتوندوتیژانە، بۆ نموونە، حەجکردنە کە دەکرێ لەگەڵ جۆرێکی تری کارکردنیشدا ئامێتە بکرێ وەک هەڵمەتی پارە کۆکردنەوە بۆ قوربانییانی برسێتی. هەندێ لە ڕێگە میانڕۆکانی ئەم دەروازەیە ئامانجیان قایلکردنە لە پێناو ئەوەی لایەنێکی تر کارێکی بەهێزتر بکا. لەوانەیە ئامانج لە بڵاوکراوەکان قایلکردنی خەڵک بێ بۆ بایکۆتکردنێکی ئابووری، هەرچی درێژکردنی دەستی برایەتی و دۆستایەتییە بۆ سەربازانی سوپای داگیرکەر، دەکرێ ئامانج دنەدانی سەربازەکان بێ بۆ یاخیبوون لە فەرماندەکانیان.

ئاشکرایە بەهۆی سرووشتی هاوکارییانەی چالاکییەکە، ڕەفتار لە خۆپێشاندانی هاوشێوەدا سنووری ڕادەربڕینی کەسی تێ دەپەڕێنێ، بەڵام ڕێگەکانی ناڕەزایی و قایلکردنی ناتوندوتیژانە هەمیشە وەک گوزارشت لە

بۆچوون یان هەوڵێک دەمێننەوە بۆ کارکردنە سەر کەسانی تر بەمەبەستی قبوولکردنی ڕا و بۆچوونێک، یان بۆ ئەوەی دەستپێشخەری بکەن بۆ ئەنجامدانی کارێکی دیاریکراو. بەڵام ئەمە جیاوازە لەو پاڵەپەستۆ کۆمەڵایەتی، ئابووری یان سیاسیيانەی لە هاوکارینەکردن و دەستوەردانی ناتوندوتیژانە دەکەونەوە. لە هەندێ هەلومەرجی سیاسیدا هەندێ لە شێوەکانی نارەزاییی ناتوندوتیژانە، لەوانە ڕێپێوان، نایاسایین. لە هەندێ هەلومەرجی هاوشێوەیشدا ئەنجامدانی، دەبێتە مایەی ئامێتەکردن (دمج)ی لەگەڵ یاخیبوونی مەدەنیدا، ئەگەری ئەوەش هەیە لەگەڵ شێوەی تری هاوکارینەکردنی سیاسیشدا ئامێتە بکرێ.

ئەم ڕێگەیانەی نارەزایی و قایلکردنی ناتوندوتیژانە کە پشت بەهاندانی تاک دەبەستن بۆ وەرگرتنی هەڵوێستێکی دیاریکراو، کاریگەرییەکەیان بەشێوەیەکی بەرچاو دەگۆڕێ. دەرکەوتووە هەر ڕێگەیەک باو و بڵاو بووبێ، کاریگەری کەمتر بووە.

هەروەها بارودۆخی سیاسیی زاڵیش لە کاتی جێبەجێکردنی ڕێگەکەدا کار لە ڕادەی کاریگەریی ڕێگەکە دەکا. بۆ نموونە لە هەلومەرجی بالادەستیی دیکتاتۆرییەتدا ئەگەری ئەنجامدانی نارەزاییی ناتوندوتیژانە کەمتر و مەترسیدارتر و دەگمەنتریشە. بەم شێوەیە، جموجۆڵەکە، ئەگەر ڕووی دا، ڕەنگە درامیتر و زۆر زیاتر جێبایەخی بێ کاتێ ڕوودانی ئەو جموجۆڵە باو بێ یان قەدەغە نەبێ و لەژێر ڕەحمی سزاداندا نەبێ. خۆپێشاندانەکانی نارەزایی ڕەنگە پێش یاخۆ شان بەشانی چالاکیی هاوکارینەکردن یان دەستوەردانی ناتوندوتیژانە ڕوو بدەن، یاخۆ ڕەنگە بەبێ ئەوانە پێڕەو بکرێ.

کەوابێ ڕێگەکانی کاری ناتوندوتیژانە کامانەن کە دەتوانین ڕیزبەندییان بکەین بەوەی نارەزایی و قایلکردنی ناتوندوتیژانەن؟ ئەم خشتەیە ٥٤ ڕێگە لەخۆ دەگرێ کە لە ١٠ لقی سەرەکیدا ڕیز کراون.

## لێدوانە رەسمییەکان

لێدوانە نووسراو یان زارەکییەکان چ هی تاکێک، کۆمەڵێک یان دەزگایەک بن، گوزارشتکردنێکی زارەکییە لە رایەک، یان لە نەیاری یان لە نیازێکی دیاریکراو، نەک "کردارێک" کە بچێتە ژێر خانەی نارەزایی و قایلکردنی ناتوندوتیژانە وەک پێشتر ناساندمان. بەڵام لەوانەیە ئەم جۆرە لێدوانانە، لە سایەی هەلومەرجێکی دیاریکراودا جێکەوتێکی گرینگتری هەبێ لەوەی باوە. لەم حاڵەتەدا ئەم کارە دەخرێتە ریزی ئەو دەروازەیەوە. رووداو یان روونەدانی ئەمەیش بەندە بەو دۆخە سیاسییەی لە کاتی دەرچوونی ئەو لێدوانەدا زاڵ بووە، هەروەها بە سیفەتی ئەو تاک یان کۆمەڵەی لێدوانەکەی داوە، دیسان لەسەر سروشتی خودی لێدوانەکە و پلەی لابەندی لە کۆمەڵگە سیاسییەکە و رێژەی ئەو مەترسییەی لە لێدوانێکی لەو جۆرە دەکەوێتەوە.

وەک لە زۆربە، یان کۆی چالاکییە ناتوندوتیژانەکاندا باوە، لێدوانەکان بە پلەی یەکەم لەگەڵ یان دژ بەکێشەیەک یان حوکمێک یان رێژیم یان سیاسەت یاخۆ حاڵەتێکە. لێدوانەکانیش فۆرمی جیاواز وەردەگرن، لەو روانگەیەشەوە لە شەش رێگەی دیاریکراودا پۆلبەندیمان کردوون. لێدوانەکان بە پلەی یەکەم ئاراستەی دژبەرەکە، یان تاک یاخۆ گرووپێک دەکرێن کە ئامانج بەدەستهێنانی پاڵپشتی یان قسە لەگەڵکردنیانە، بەڵام لەوانەیە لە هەمان کاتدا شوێنەوار لەسەر جەماوەرێکی بەرفراوانتر بەجێ بێڵێ.

١- گوتارە ئاشکراکان

هەندێ گوتاری ئاشکرا لەوانەیە ببنە بەشێک لە کارەکانی نارەزایی

ناتوندوتیژانه. رەنگە گوتارەکان عەفەوی و لە دۆخێکی چاوەڕواننەکراودا بن یان شێوەی گوتاری رەسمی وەربگرن، یان رەنگە ئامۆژگاری بن لە رێورەسمێکی ئاینیدا بخرێنە روو. بۆ نموونە ساڵی ١٩٣٤ لەو کاتەی نازییەکان تەنیا کەمینەیەک بوون لە وەزارەتێکی هاوبەندیدا بەسەرۆکایەتیی راوێژکار هیتلەر، ڤرانز ڤون پاپینی جێگری دژی نازییەت بوو.

لە هەڵوێستێکی درامی و چاوەڕواننەکراو لە هەلومەرجێکی هاوشێوەدا، پاپن لە گوتارێکیدا لە بەردەم قوتابیانی زانکۆی ماربۆرگ لە ١٧ی حوزەیرانی ١٩٣٤ مەترسیی خۆی لە رەوتی رووداوەکان لەو کاتەی هیتلەری پۆستی راوێژکاری وەرگرتووە پێشان دا و داوای کرد بەگێڕانەوەی هەندێ لە ئازادییە زەوتکراوەکان سنوورێک بۆ تۆقاندنی نازییەکان دابنرێ، بەتایبەت ئازادیی رۆژنامەوانی.

ئەو هەڵوێستەی جێگری راوێژکار خۆی کارێکی بەرهەڵستکارییانەی چاوەڕواننەکراو بوو، بڵاوکردنەوەیشی، وێڕای ئەو سانسۆرەی لەسەری بوو، پاڵپشتییەکی بەرفراوانی لەناو ئەڵمانیا و بایەخپێدانێکی گەورەی لە دەرەوە بەدەست هێنا.

لە بەرلین، لە ١١ی تشرینی دووەمی ١٩٤١ پرۆڤست لیشتنبێرگ کە کاهینێکی کاسۆلیکی تەمەن ٦٥ ساڵ بوو لە مۆچیارییەکیدا کە لەنێو کاتیدرائیەی قەدیس هیدویگدا پێشکێشی کرد رای گەیاند، خوازیارە بەشداریی جوولەکەکان بکا لەو چارەنووسەی تووشی هاتوون و لەگەڵیاندا بۆ رۆهەڵات رابگوێزرێ تا بتوانێ لەگەڵیان بێ و نوێژیان لە پێناودا بکا[٣]. ئاواتەکەیشی هاتە دی.

لە ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٤٣ جۆێف گۆیبلزی وەزیری پروپاگەندەی نازی رووداوێکی تری لە یاداشتە رۆژانەکەی خۆیدا تۆمار کرد، تێیدا هاتووە "لە کاتی بەخاکسپاردنی ئەو قوربانییانەی بەهۆی دواین بۆردمانی

پایەتەختی بولگاریا کوژران، مەترانی سۆفیا گوتارێکی دا و تێیدا بە زمانێکی توند هێرشی کردە سەر حکوومەتی بولگاری".

٢- نامەی نەیاری یان پشتگیری

نامە یەکێکە لە رێگەکانی ئەم دەروازەیە و شێوەی جۆرەوجۆری هەیە. بەپلەی یەکەم ئەو نامە تایبەتانە دەگرێتەوە کە ئاراستەی کەسێک یان تاقمێک کراون و هەڵگری بیر و بۆچوونێکی سیاسیی دیاریکراون یان ئامانجێکیان تێدا ئاشکرا کراوە. ئەم جۆرە نامانە دەکرێ تاکەکەس یان دەستە و تاقم بیاننووسن و دەشکرێ خەڵکێکی زۆر بەشداری لە نووسینی ژمارەیەکی زۆر لە هەمان نامە بکەن. هەندێ جار نامە تایبەتەکان بە ئەنقەست و لەبەر هۆیەکی تایبەت مۆرکێکی ئاشکرا وەردەگرێ. یان نامەکە وەک "نامەیەکی کراوە" بڵاو دەکرێتەوە کە ئاراستەی کەسێکی دیاریکراو کراوە، بەڵام ئامانجی ئەوەیە کار لەو جەماوەرە فراوانەیش بکا کە دەیخوێنێتەوە.

نامە هەمیشە بایەخێکی مەزنی هەیە، بەشێوەیەک دەکرێ وەک رێگەیەک لە رێگەکانی نارەزاییی ناتوندوتیژانە دابنرێ، ئەوەیش دەگەرێتەوە بۆ پێگە یان ژمارەی ئەو کەس یان کەسانەی نامەکە ئیمزا دەکەن، یاخۆ نامەیەکی هاوشێوە ئاراستە دەکەن، یان لەبەرئەوەی بارودۆخە سیاسییەکە بایەخی ئەو جۆرە کارەی زیاد کردووە. بۆ نموونە لە هۆڵەندا لە کانوونی یەکەمی ١٩٤١ زیاتر لە چوار هەزار پزیشک ئیمزایان لەسەر نامەیەک کرد کە ئاراستەی ئارسەر سایس-ئینکارت کۆمیسیاری رایخیان کرد، تێیدا داوایان کرد دەست لە پرۆژەی دروستکردنی رێکخراوێکی سۆشیالیستیی نیشتمانیی زۆرەملێ بۆ پزیشکان هەڵگرن.

لە نەرویجی داگیرکراودا کۆمسیاری رایخ جۆزێف تیربۆڤن لە ئایاری ١٩٤١ نامەیەکی بە ئیمزای نوێنەرانی ٤٣ رێکخراو و کۆمەڵە بەدەست

گەیشت. نامەکە سەرکۆنەی زنجیرەیەک ڕێوشوێن دەکا کە ڕێژیمی کیسلینگ گرتبوونیە بەر، دواتریش بەرپرسانی حکوومەت بەگشتی تۆمەتبار دەکا و دەڵێ "وەزیرەکان لە چەندان حاڵەتدا چەندان مەرسووم و بڕیاریان دەرکردووە کە بە زەقی لەگەڵ یاسای نێودەوڵەتی و یاسای نەرویجی و تێگەیشتنی گشتیی نەرویجیدا لە چەمکی دادپەروەری ناکۆکە..".

هەر لە نەرویج لە ساڵی ١٩٤٢، جگە لە ئەو نامە کەسییانەی مامۆستایانی نەرویجی، کە بەدەست کەنیسە و بەڕێوەبەرایەتیی فێرکردن گەیشتبوون و ناڕازیبوونیان بە چوونە ریزی ڕێکخراوی مامۆستایانی فاشیزمی نوێ دەربڕیبوو، بەڕێوەبەرایەتییەکە دەیان هەزار نامەی ناڕەزاییيان بە ئیمزای کەسوکاری قوتابیانیش بەدەست گەیشت.

جگە لە چەندان نموونەی تر، دەتوانین ناڕەزاییيەکەی بولگاریا دژ بە ڕێوشوێنە نازییە دژە سامییەکان لە جەنگی جیهانیی دووەم بە بەڵگە بێنینەوە. بۆ وێنە، کاتێ "یاسای بەرگری لە نەتەوە" دەرچوو کە دژ بە جوولەکە بوو، بەرهەڵستیی بڕیارەکە دەستی پێ کرد، ئەویش لە ڕێی "شەپۆلی ئەو نامە و برووسکانەی ئاراستەی پەرلەمان و وەزیرەکان و پیاوانی دەوڵەت و سەرکردە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان" دەکران. جگ لەم نامە تاکەکەسییانە، یەکەتیی نووسەرانی بولگاریش نامەیەکی ئاراستەی حکوومەت و پەرلەمان کرد و تێیدا داوای کرد پرۆژە یاساکە پەسند نەکرێ لەبەرئەوەی دەبێتە هۆی "بەکۆیلەکردنی بەشێک لە گەلی بولگاری و لەکەیەک بە مێژووی بولگاریای نوێوە". هەروەها ئەنجوومەنی جێبەجێکردنی یەکەتیی نووسەرانی بولگاری و ئەنجوومەنی جێبەجێکردنی پزیشکانی بولگاریش بەهەمان شێوە ناڕەزاییيان دەربڕی.

لە مێژووی نوێتریش ئاماژە بەو نامەیە دەکەین کە نوێنەران لە کۆنگرەی نائاسایی حزبی شیوعیی چیکۆسلۆڤاکیا لە ٢٢ی ئابی ١٩٦٨ ئاراستەی

ئەلیکسەندەر دوپچکی سکرتێری یەکەمی حزبیان کرد کە لەو کاتەدا لە مۆسکۆ بوو و تێیدا پشتیوانیی خۆیان بۆ دەربڕی. هەر هەمان ڕۆژ باڵوێزی کۆماری ئەڵمانیای دیموکراتی (ئەڵمانیای رۆژهەڵات) لە پراگ، رەتی کردەوە نامەیەکی کۆمەڵەی نیشتمانیی چیکۆسلۆڤاکیا وەربگرێ کە ئاراستەی پەرلەمان و حکوومەتی ئەڵمانیای دیموکراتی کرابوو و تێیدا نارەزایی لە دژی بوونی هێزەکانی ئەڵمانیا لەو ولاتە دەربڕیبوو.

دوو رۆژ دوای ئەوە لیژنەی جێبەجێکردنی ئەنجوومەنی ناوەندیی سەندیکاکانی کرێکارانی چیکۆسلۆڤاکی نامەیەکی ئاراستەی ئەلیکسەندەر شیلیپینی سەرۆکی ئەنجوومەنی ناوەندیی یەکەتیی سەندیکاکانی کرێکاران لە یەکەتیی سۆڤیەت کرد، تێیدا داوای لە سەندیکا سۆڤیاتییەکان کرد کار بۆ کشانەوەی دەستبەجێی هێزەکانی سۆڤیات و هێزەکانی پەیمانی وارسۆ بکەن. هەروەها نامەی هاوشێوە ئاراستەی فەرمانبەرانی رەسمی و هاوولاتییانی سۆڤیاتی کراوە، لە نێویاندا نامەیەکی کراوەی سەرۆکی ئەکادیمیای زانستەکانی چیکۆسلۆڤاکیایە بۆ سەرۆکی ئەکادیمیای زانستیی یەکەتیی سۆڤیات.

٣- لێدوانی رێکخراو یاخۆ دامەزراوەکان

لەو لێدوانانە، نامە و لێدوانە ئاینییە کەنەسییە رەسمییەکانە. لە کاتی جەنگی جیهانیی دووەمدا و لە فرەنسای ژێر دەسەڵاتی ڤیشیدا، لە هەردوو مانگی ئاب و ئەیلوولی ١٩٤٢ پیاوانی ئاینی لە دوانگەی کەنیسەکانیانەوە لە تۆڵۆز لە ئەبرەشیەی لیۆن، ژمارەیەک لێدوانیان خوێندەوە کە سەرکۆنەی راگواستنی جوولەکەکانیان دەکرد.

لە ١٦ی شوباتی ١٩٤١ نامەیەکی چاودێرانە (رعاوی) لە زۆربەی دوانگەکانی کەنیسەکانی نەرویجەوە خوێنرایەوە و بە چاپکراویش بە بەرفراوانی دابەش کرا، تێیدا نارەزایی لە دژی پێشێلکاریی فاشییانەی

بنەما ئەخلاقییەکان بە چاودێری و دەستێوەردانی حکومەتی کیسلینگ دەردەبڕی و جەختی دەکرد، پێویستە کاهینەکان پارێزگاری لە نهێنیبوونی دانپێدانانەکانی خەڵک بکەن. نامەکە هانی ڕێژیمی داوە تا "سنوورێک دابنێ بۆ هەر شتێک کە ناکۆکە لەگەڵ سیستمە پیرۆزەکاندا، کە لە دادپەروەری و ڕاستگۆیی و ئازادیی ویژدان و سینەسافی و کارکردن بەپێی یاسای خوا بۆ ژیاندا بەرجەستە دەبێ".

لە مانگی شوباتی ١٩٤٣ کەنیسەی چاککراوی دانیمارکی و کەنیسەی کاسۆلیکی لە هۆڵەندا نامەیەکی ریعاوییان ئامادە کرد کە لێدوانێکی هاوشێوەی تێدا بوو و هانی مەردمی دەدا بۆ یاخیبوونی مەدەنی و هاوکارینەکردن و ئەوەیشی بەئەرکی ئاینیی سەرشانیانی لەقەڵەم دا. گۆیبلز دواتر ئەم نامەیەی بە "نامەیەکی چاودێرانەی نائاسایی بێ نرخ" وەسف کرد. لەنێو ئەڵمانیا خۆیشدا لە بۆنەی جۆرەوجۆردا پەیامی چاودێرانە دژ بە نازییەت دەخوێنرانەوە.

هەرچی لە چیکۆسلۆڤاکیایە، لە ڕۆژە بەراییەکانی داگیرکردندا لێدوانە ئاشکراکان کە پشتگیریان لە حکومەتەکەی ڕێژیمی دۆپچیک دەکرد و دژ بەداگیرکردنی چیکۆسلۆڤاکیا بەسەرکردایەتیی یەکەتیی سۆڤیات بوون، زۆر بەربڵاو و گرینگ بوون و لەو هۆکارانە بوون وایان کرد دامەزراندنی ڕێژیمێکی کلک گرێداو لەگەڵ داگیرکەر لەو ماوەیەدا مەحاڵ بێ. لە یەکەم ڕۆژی بەزاندنی سنوور لەلایەن هێزەکانی پەیمانی وارسۆوە، لێژنەی جێبەجێکردنی کۆمەڵەی نیشتمانی بەیاننامەیەکی ئاراستەی حکوومەت و پەرلەمانەکانی هەر پێنج دەوڵەتە دەستدرێژکارەکە کرد، تێیدا سەرکۆنەی ڕووداوەکەی کرد و داوای "کشانەوەی دەستبەجێی هێزەکان"ی کرد.

هەروەها چەندان دەستە لێدوانی ڕەسمییان بڵاو کردەوە و تێیدا نەیارییان بۆ پەلاماردانەکە و پاڵپشتیی خۆیان بۆ ڕێژیمەکەی دۆپچیک دەربڕی.

٤- لێدوانی ئاشکرای ئیمزاکراو

ئەو لێدوانەی بە پلەی یەکەم ئاراستەی خەڵکی گشتی، یان ئاراستەی ئەوان و لە هەمان کاتدا دژبەرەکەش دەکرێ و ئیمزای لایەنگرانی لەسەرە، بەیەکێک لە رێگەکانی نارەزاییی ناتوندوتیژانە و قایلکردنی ناتوندوتیژانە دادەنرێ. ئەوانەی ئیمزایان لەسەر لێدوانەکە کردووە دەکرێ ئەندامانی هەندێ رێکخراو یان پیشە و کاری دیاریکراو، یان سەر بەتوێژی کۆمەڵایەتیی جیاواز بن.

بۆ نموونە لە شاری پتروسبێرگ پاش رووداوەکانی "یەکشەمی خوێناوی" (لە ٩ کانوونی دووەمی ١٩٠٥)، ١٦ ئەندامی ئەکادیمیای زانستەکان رایان گەیاند لەو بروایەدان ئەوەی رووی دا جەخت لە پێویستیی گۆرینی حکوومەت دەکا. ٣٢٦ کەس لە مامۆستایانی زانکۆ و وانەبێژانی سەرکردەش چوونە پاڵیان و بە یاننامەیەکیان بەناوی " بەیاننامەی ٣٤٢" بڵاو کردەوە، تێیدا جەختیان کرد، رووسیا لە سوودەکانی فێرکرن بەهرەمەند نابێ تا" مافی یاسادانان و چاودێریکردنی ئیدارە بەنوێنەرانی هەڵبژێردراوی گەل نەبەخشێ".

ئەم بەیاننامەیە ١٢٠٠ کەس لە دیاترین رۆشنبیرانی وڵات ئیمزایان کرد و بە "دیارترین و رەنگە کاریگەرترین رێوشوێن بۆ بزواندنی خوێندەواران و قایلکردنیان بە پێویستیی گۆرانکاری" وەسف کراوە.

لە چیکۆسۆڤاکیایش دوای ١٤ سەعات لە داگیرکردنی، بەیاننامەیەک بڵاو کرایەوە کە پشتگیریی لە دەسەڵاتە شەرعییەکانی یاسادانان و جێبەجێکردنی وڵات دەکرد و سەرکۆنەی وڵاتگیرییەکەی کرد و بە کارێکی "ناشەرعی" لەقەڵەم دا. بەیاننامەکە ئیمزای ١٤ کەس لە ئەندامانی حکوومەتی چیکۆسلۆڤاکیای لەسەر بوو. دەسەڵاتدارانی رووسیایی لەو کاتەدا ژمارەیەک لە گەورە فەرمانبەرانیان گرتبوو.

٥- بەیاننامەی تۆمەتبارکردن بۆ ئاشکراکردنی نیازەکان

هەندێ بەیاننامەی نووسراو کە باس لە سکاڵا یان نیازگەلی ئایندەیی دەکەن لە پێناو گەڵاڵەکردنی دۆخێکی نوێ، بەهۆی گرینگییە تایبەتەکەی و بەقەدەر رادەی وەڵامدانەوەی بۆ پێویستییەکی نیشتمانیی گشتی، یگەریی کارگەورەی لەسەر رەوت و رەفتاری خەڵک دەبێ.

لەو بەیاننامانە بەیاننامەی سەربەخۆییی ئەمەریکا کە کۆنگرێسی دووەمی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە تەمووزی ١٧٧٦ پەسندی کرد. هەروەها "پێڕەوی ئازادی"ی باشووری ئەفریقیا کە کۆنگرێسی گەل لە کیپتاون، جۆهانسبێرگ، باشووری ئەفریقیا لە ٢٥ و ٢٦ی حوزەیرانی ١٩٥٥ پەسندی کرد.

دوکتۆر ئەلبێرت لۆتۆلی سەرکردە لە کۆنگرێسی نیشتمانیی باشووری ئەفریقیا دەڵێ "هیچ بزووتنەوەیەکی رزگاریخوازی لە ئەفریقیای باشوور بەم ئەندازەیە خەیاڵگەی میلیی داگیر نەکردووە، بە هەڵمەتی گژبەری-یشەوە".

لەو ماوەیەدا بزووتنەوەی دژ بەجیاکاریی رەگەزی پابەند بوو بەشێوازی ناتوندوتیژانە. بەیاننامەکەی "پێڕەوی ئازادی" لیستێکی کاریگەر لە ئامانجی کۆمەڵایەتی و سیاسیی بەرەنگاریکارانی جیاکاریی رەگەزی لەخۆ گرتبوو و گەیشتبووە ئەو بەرەنجامەی بڵێ "شان بەشان بەدرێژاییی ژیانمان لە پێناو ئەم ئازادییانەدا خەبات دەکەین، تا ئەو کاتەی ئازادیمان بەدی دێنین".

٦- حاڵنامەی بەکۆمەڵ یاخۆ جەماوەری

حاڵنامەی بەکۆمەڵ یاخۆ جەماوەری جۆرە پاڕانەوە و تکاکردنێکە بۆ بزواندنی ویژدان بەمەبەستی لابردنی ستەمێک. حاڵنامەکە لەوانەیە ئیمزای ژمارەیەکی زۆر خەڵک، یان دەستەیەکی کەم لەوانەی بەنوێنەرایەتیی

ڕێکخراو و دەزگا یان بازنەی هەڵبژاردنەوە کار دەکەن، ئیمزا کرابێ.

وا باوە حاڵنامەی تاکەکەس ناکەوێتە خانەی نارەزایی و قایلکردنی ناتوندوتیژانە، چونکە بەزۆری تەنیا کۆششێکی کەسییە بەمەبەستی قەناعەت پێکردن، بەڵام هەندێ ریزپەڕیش لەم بوارەدا دەبینین.

لێرەدا لەناو چەندان نموونەدا هەندێ نموونە دێنینەوە کە کەمتر باس کراون، ئەویش بۆ تیشک خستنە سەر هەندێ لەو هەمەجۆرییەی لە بەکارهێنانی ئەم ڕێگەیەدا هەیە.

نموونەکانی حاڵنامە بۆ مێژووی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیی کۆن دەگەڕێتەوە. لەو نموونانە:

لە نێوان ساڵی ١٨٣ و ١٨٥ زاینی و لە کاتی حوکمڕانیی ئیمپراتۆر کۆمۆدۆسی کوڕی مارکۆس ئۆریلیۆسدا، جووتیارانی کرێگرتە لە یەکێک لە هەرێمەکانی ئیمپراتۆریەتەکە لە ئەفریقیا، لە ڕێی نووسینی حاڵنامەیەک ڕاستەوخۆ بۆ ئیمپراتۆر، داوایان کرد ئەو کارە زیادەیەی بەزۆر پێیان دەکرێ کەم بکرێتەوە. حاڵنامە یاخۆ ئەرزەوحاڵەکەیان لە ڕێی هاووڵاتییەکی ڕۆمانییەوە کە سیفەتی نێردراوی سیاسیی هەڵگرتبوو، بۆ ڕۆما نارد. حاڵنامەکە بەڵگەی ئەوە بوو کرێگرتەکان متمانەیان بە ئیمپراتۆر هەیە، بەڵام لە چەوسێنەرانیان لە بەرپرسانی کشتوکاڵی و بەڕێوەبەرە داراییەکان تووڕە و پڕن. داوایان لە ئیمپراتۆر کرد بە ویژدان مامەڵەیان لەگەڵدا بکا. هەروەها داوای پارێزگاریی Lex Handriana یان کرد و سووربوونیان لەسەر مافەکانیان ڕاگەیاند. ئەو حاڵنامەیە ئامانجی خۆی بەدی هێنا، بەڵام هەندێ حاڵنامەی تر سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا.

لە مێژووی کۆنیش ئاماژە بەو حاڵنامەیە دەکەین کە دانیشتوانی گوندی ئاگابی لە لیدیا لە ئاسایی بچووک بۆ ئیمپراتۆر سپتیمیۆسیان بەر کردەوە. جووتیارە کرێگرتەکانی ئەو ناوچەیە دوو ئامانجیان هەبوو، یەکەمیان

کەمکردنەوەی ئەو ئەرکە شارەوانییانەی بەسەریاندا سەپێنراون لە کاتێکدا ئەوان لە شارەکاندا ناژین، ئامانجی دووەمیش ویژدانخوازی بوو لە هەندێ بواری تردا کە ستەمیان لێ دەکرا. جووتیارەکان هەڕەشەیان لە ئیمپراتۆر کرد کە ئەگەر بەدەم داخوازییەکانیانەوە نەیەت، لە ڕێی کۆچکردنی بەکۆمەڵ لە هەرێمەکەوە، کارکردن رادەگرن.

بەو هۆیەوە داواکانیان لەبارەی سووککردنی باری ئەرکە شارەوانییەکان جێبەجێ کرا.

م.رۆستۆتزیف باسی حاڵنامەیەکی تری هەمان ماوە دەکا، کە بۆساڵی ۲۰۱ز دەگەڕێتەوە. حاڵنامەکە لەلایەن دەریاوانانی "ئیریلایت"ەوە بووە کە پێ دەچێ ئەرکیان گواستنەوەی پیاوان و ئازووقە بووبێ لە ولاتانی گالەوە بۆ رۆهەلات لە کاتی هەڵمەتی دووەمی پارتۆندا. رۆستۆتزیف دەڵێ حاڵنامەکە سکالای نارەزاییی تاڵی دەریاوانەکانی بەرز کردووەتەوە لەبارەی "ئەو مامەڵە خراپ و دڵڕەقییەی لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکی سەرشانیان بەرامبەر دەوڵەت لەگەڵیان دەکرێ".

هەروەها دەڵێ پێ دەچێ دەریاوانەکان لە سکالا لە دوای یەکەکانیاندا هەڕەشەی مانگرتنیان کردبێ، ئەوەیش وای لە سپتیمیۆس کردبێ چاو بەهەندێ لەو دەسەلاتانەدا بخشێنێتەوە کە بەو توێژە گرینگە دراون و زیادیان بکا.

پاش نێزیکەی هەزار و پێنجسەد ساڵ لەو مێژووە، ئەمەریکاییانی بندەست چەندان حاڵنامەی لەدوای یەکیان بۆ بەرپرسانی بەریتانیایی بۆ هەڵگرتنی ستەم لەسەریان بەرز کردەوە، هەندێ جار لە ڕێی وتاردانەوە لە ئەنجوومەنەکانی کۆلۆنییەکان و هەندێ جاری تریش لە ڕێی بەرزکردنەوەی حاڵنامە لەلایەن هەندێ لە بازرگانەکانەوە. بۆ نموونە لە تشرینی دووەمی ۱۷٦٦، لە شاری نیویۆرک ۲٤۰ بازرگان حاڵنامەیەکیان بۆ ئەنجوومەنی

گشتیی بەریتانیا بەرز کردەوە، تێیدا داوایان کرد گۆڕانکاریی بنچینەیی لە هەردوو سیستمی بازرگانی و دەریاوانیدا بکرێ.

هەروەها لە کاتی مشتومڕی نێوان خەڵکە هەژارە گوندنشینەکانی کارۆلینای باکور و ئەو تاقمەی لەو هەرێمەدا دەستیان بەسەر دەسەڵاتدا گرتبوو، ٢٦٠ کەس لە دانیشتوانی هەرێمی ئانسۆن حاڵنامەیەکیان ئیمزا کرد و بۆ ئەنجوومەنی کۆڵۆنی (مستعمرة)کەیان بەرز کردەوە، تێیدا لیستێک سکاڵایان ریز کرد و داوایان کرد بە ویژدانەوە ئاوڕیان لێ بدرێتەوە و گوتیان "ماوەیەکی زۆرە ئێمە وەک کۆیلە بەبێ رەحمانە دەچەوسێنرێینەوە".

کۆیلە ئەفریقیاییەکانی هەرێمی ماساچوستس بای-یش لە ٢٥ی ئایاری ١٧٧٤دا حاڵنامەیەکیان بۆ جەنەراڵ گایجی حاکمی ناوچەکە و ئەنجوومەنی ناوخۆیی و ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمەریکا بەرز کردەوە، تییدا جەختیان لەوە کرد ئەوانیش وەک باقیی خەڵک مافی ئازادییان لە کۆمەڵگەدا هەیە و داوایان کرد یاسایەک بۆ دەستەبەرکردنی ئەو ئازادییە "کە مافی سروشتیمانە" دابنرێ، بەتایبەتیش پێداگرییان کرد لەسەر ئەوەی منداڵەکانیان کاتێ تەمەنیان دەگاتە ٢١ ساڵ ئازاد بکرێن.

لە سەردەمە نوێیەکانیشدا ناسیونالیستەکان حاڵنامەیان بۆ دەربڕینی نارازیبوونیان بەدەسەڵاتی بیانی بەکار هێناوە، وەک لە فینلەندا و میسر رووی دا، هەروەها لە بەرزکردنەوەی سکاڵا دژ بە رژێمە کۆمیۆنیستەکان. بۆ وێنە، لە ساڵی ١٨٩٨ پێنج هەزار فینلەندایی لە کۆی سێ ملیۆن دانیشتوان، حاڵنامەیەکیان ئیمزا کرد کە نارەزایی لە دژی یاسایەکی رووسیی نوێ دەردەبڕی، کە بەو پێیە لاوانی فینلەندایی لە یەکەکانی سوپای رووسیادا دەکرێنە سەرباز و دەبێ ماوەی پێنج ساڵ خزمەتی سەربازی بکەن.

لە میسر، سەرەڕای ئەو گەمارۆیەی بەریتانیاییەکان سەپاندبوویان

بەسەر خەڵکدا، دوو ملیۆن ئیمزا کۆ کرایەوە بۆ بەرزکردنەوەی حاڵنامەیەک بەئامانجی ئەوەی ماف بە گەل بدرێ شاندێکی نەتەوەیی سەرپشک بکا بۆ بەشداریکردن وەک شاندی میسر لە کۆنگرەی ئاشتیی ڤێرسای دوای جەنگی جیهانیی یەکەم.

لە کۆماری ئەڵمانیای دیموکراتی، لە ٧ی تەمووزی ١٩٥٣، هەزار و پێنجسەد کارێکاری کارگەی "زیس" لە "جینا" حاڵنامەیەکیان ئیمزا کرد کە داوای ئازادکردنی ئیکهارت فۆرکسیان دەکرد کە دوای راپەڕینەکەی حوزەیران رەشبگیر کرابوو و سێ ساڵ زیندانیی بەسەردا سەپێنرابوو. هەروەها داوای دەکرد لە ماوەی سێ رۆژدا هەموو ئەوانەی بەهۆی مانگرتنەوە گیراون و هیچ تۆمەتێکی تاوانکارانەیان لەسەر ساغ نەبووەتەوە، ئازاد بکرێن.

لە هەنگاریا، دەیان کەس لە نووسەران و هونەرمەندانی دەستەبژێری شیوعی، لە سەرەتاکانی تشرینی دووەمی ١٩٥٦ یاداشتێکیان ئاراستەی لێژنەی ناوەندیی حزبی شیوعی کرد بۆ رێگرتن لە فەرمانبەرانی رەسمی لە پێڕەوکردنی "هەندێ شێوازی نادیموکراسییانە کە ژیانی رۆشنبیریمان فەلەج دەکا" و بەم شێوەیە بۆچوونی خۆیان روون دەکەنەوە: "تاکە رێگە بۆ نەهێشتنی دژوارییەکان و رزگاربوون لە بیر و بۆچوونە هەڵەکان، سازکردنی کەشێکی ئازاد و راستگۆیانە و تەندروست و دیموکراسییە لە سایەی رۆحییەتی حوکمڕانییەکی میللیی راستەقینەدا".

وەک لە رێگەکانی تری ناو ئەم کتێبەدا دیارە، بێ کۆتا نموونە لەوبارەوە هەن.

## پێوەندیکردن بەجەماوەرێکی فراوانەوە

هەندێ لە ڕێگەکانی ئەم دەروازەیە بەپلەی یەکەم بۆ ئەوە ئامادە کراون تا لە ڕێیانەوە بیر و بۆچوون و زانیارییەکان بگاتە جەماوەرێکی بەرفراوانتر. رەنگە ئامانج کارتێکردنی تاقمە دژبەرەکە، یاخۆ بەدەستهێنانی سۆز و پاڵپشتیی تیمێکی سێیەم بێ (رای گشتیی ناوەخۆیی و جیهانی)، یان مەبەست کەمەندکێشکردنی ئەندام و لایەنگری نوێ، یان پاڵپشتیی گرووپە ناتوندوتیژەکە بێ. ئامانج لەم ڕێگەیانە بەزۆری، بەئەندازەی یەکسان، قایلکردن و ناڕەزاییە.

ئەم شەش ڕێگەیەی باس کراون، نموونەی بینراو و زارەکیشیان تێدایە.

١- دروشم و کاریکاتێر و هێما

لە بەربڵاوترین شێوەکانی ناڕەزایی ناتوندوتیژانە بەکارهێنانی دروشم و کاریکاتێر و هێماکانە، ئەمانەیش دەکرێ لە شێوەی تۆمارکراو، رەنگکراو، وێنەکێشراو، چاپکراودا بێ...

لە هاوینی ١٩٤١ەوە تا ئایاری ١٩٤٢ ژمارەیەک لە لاوانی بەرگریکاری جوولەکە لە بەرلین بەناوی گرووپی "بووم"، کۆمەڵێ چالاکیی هاوشێوەیان ئەنجام دا، بەبێ ئەوەی – وەک پرۆفیسۆر بیر مارک دەڵێ- هیچ ئەندامێکیان دەستگیر بکرێ. "چوونە دەرەوە بەشەو بە دۆڵچەیەک بۆیە و فڵچەیەکەوە پڕ مەترسی بوو. لەگەڵ ئەوەیشدا شەڕوانانی لاو بە دڵگەرمییەوە لەسەر دیوارەکان بڵاوکراوەیان هەڵدەواسی و وێنەدروشمیان دەکێشا. ئەو کارانەیان بە تاقیکردنەوەی دڵگەرمیی شۆڕشگێڕانەی تاک و

باشترین ڕێگە بۆ بەهێزکردنی وره‌ی شۆڕشگێڕانە و گیانی فیداکاری لای ئەندامان دادەنا".

ئەو وێنانەی لەسەر دیوار و بەرد و شووره‌کان دەکێشران، بەزۆری بۆ دەربڕینی نارەزایی بەکار دەهێنران. لە کاتی داگیرکردنی نازیدا، بۆ نموونە، هێمای HVII بڵاو کرایەوە، وەک ئاماژە بۆ "هاکونی حەوتەم"ی شای دوورخراوەی نەرویج. هەروەها هێمای داماڵینی چەکی ناوکی و خاچی شکاوەی نازی لە زۆر دەوڵەت دەبینرێ.

لە میونیخ لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٤٣ لاوانی سەر بەگرووپی بەرگریکاری "گوڵە سپییەکە" لەسەر دیوارەکان نووسیبوویان "بڕووخێ هیتلەر".[٣٦] هەروەها لە پۆڵۆنیای داگیرکراو لە ساڵی ١٩٤٢ کۆمەڵێ لاو کە ناویان لە خۆیان نابوو "گورگە بچووکەکان" بۆیەیەکیان بۆ رازاندنەوەی بارهەڵگر و ئۆتۆمۆبێل و ماڵە ئەڵمانیاییەکان بەکار دەهێنا کە سڕینەوەی ئاستەم بوو و دروشمی وەک "پۆڵۆنیا هێشتا دەجەنگێ"یان دەنووسی و ئەم دروشمانە هەموو بەیانییەک لە وارسۆ دەبینران. هەروەها وێنەی کاریکاتێری و پۆستەراتیان بەکار دەهێنا. کۆمێنتەرێکی پۆڵۆنیایی بەم شێوەیە وەسفی چالاکیی ئەو لاوانە دەکا "ئەو تاقمە دڕ و بەکارە، کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو لەسەر ئاڵۆزبوونی کەشوهەوای سایکۆلۆجیی دژ بەئەڵمان و بەهێزکردنی گیانی بەرگری".

لە چیکۆسلۆڤاکیایش پاش پەلامارەکەی رووسیا لە ئابی ١٩٦٨، یەکێک لە بەربڵاوترین ئەو دروشمانەی لەسەر دیوارەکانی پراگ دەبینرا ئەم دروشمە بوو "لینین هەستەوە! بریجنێف شێت بووە"

٢- بەیداخ و پۆستەرات و ڕێگەکانی پێوەندیکردنی خۆنوێنی

ئامرازەکانی پێوەندیکرنی تۆمارکراو و کێشراو و چاپکراو وەک لافیتە و پۆستەرات و ئاماژە خۆنوێنی (استعراضی)یەکان، بەشێوەیەک لەیەک دەچن

کـە دەکـرێ پێکەوە پۆلبـەندییـان بکەین، بەڵام مـەودای هەمـەجـۆرییـان تا رادەیەک فراوانە.

لە کاتی گوتارەکەی سەرۆک ویلسۆن لە بەردەم کۆنگرێس لە ٤ی کانوونی یەکەمی ١٩١٦ پێنج ئافرەتی ئەندامی "یەکەتیی کۆنگرێس" کە یەکێکە لەو کۆمەڵانەی داوای دەکرد ئازادیی دەنگدان بدرێتە ئافرەت، لە هۆڵی میوانانـدا لافیتەیەکی زەردیان بەرز کردەوە لەسـەری نووسرابوو "جەنابی سەرۆک، چی دەکەی لەگەڵ مافی دەنگدانی ئافرەتان؟"

لە هیندسـتـان بەدرێژاییی مـاوەی ملمـلانەکـە لە نێـوان سـاڵی ١٩٣٠ و ١٩٣١دا، شـانە شـۆسـتـە و تەنانەت شـەقـامـەکـانیش وەک رووتەخت بۆ تۆمارکردنی تێبینیی ئاراستەکراو بۆ کۆنگرێسی نیشتمـانیی هیندی بەکار دەهێنران.

لە مـاوەی جـەنگی رۆهـەردا شـەڕوانانی بەرگریی ئـەڵمـانی ئەو بەیاننامـە و پۆسـتـەراتانەیان دەدڕاند کـە پاسـاویان دەدایە داگـیـرکـردنی فـرەنسـا و بەیاننامـە و پۆسـتـەراتی خۆیـانیان لە جێگەیاندا هەڵدەواسی. لە رۆتردام لە سـاڵی ١٩٤٢ هـەندێ پۆسـتـەرات بەدیوارەکانی شاردا هـەڵواسـران کە هانی خـەڵکیان دەدا "کاتێ لە شەقامەکاندا بە جوولەکە دەگەن رێزیان بۆ پێشـان بدەن"، جـوولـەکـە ناچار کـرابوون ئەسـتـێـرەیەکی زەرد بـەجلەکـانیـانـدا هەڵبواسن.

هەروەها لـە کـاتی سـەردانی لـێـژنەی مـۆنکتـۆن بۆ رۆدیسـیـای باکـور و نیـاسـالاند لە سـاڵی ١٩٦٠، بۆ لـە نێــزیکەوە بینینی بارودۆخ لـەبارەی داهاتووی فیدراڵیـەتەوە لە نێوان رۆدیسیا و نیاسـالاند و ئاگەدارکردنەوەی بەریتانیا لە ئەنجامەکان، لە شار و شارۆکەکان پۆستەرات بڵاو کرانەوە کە هانی خەڵکیان دەدا بایکۆتی لێژنەکە بکەن، ئەویش پاش ئەوەی ئەفریقیاییە رەشپێستەکان نارەزاییان بەرامبەر لێژنەکە دەربڕیبوو و بە ئامرازێک بۆ

بالادەستیی ئەوروپایان لەقەڵەم دەدا.

لە شەوی ٢٤ی ئابی ١٩٦٨ هێزەکانی داگیرکەری سەر بە پەیمانی وارسۆ بە شەقامەکانی پراگدا بڵاو بوونەوە بۆ لێکردنەوە و دڕاندنی بەیاننامە و راگەیەنراوەکانی هێزی بەرگریی نیشتمانی لەسەر دیوارەکان، کە داوایان لە هاوولاتییان دەکرد بەرگری بکەن و لە جێی ئەوە بەیاننامەی داگیرکەریان هەڵواسی.

رۆژنامەی سڤۆبۆدا نووسی "ئەوە بێ سوودە! چونکە سبەی بەیانی هی تر هەڵدەواسنەوە، پراگ وەک ئەوەی بووبێتە یەک لافیتە کە هاوار دەکا "داگیرکەران چۆڵی کەن!".

لە وێستگەی شەمەندەفەرەکان لە پراگ دووکەڵکێشێکی درێژ بەم دەستەواژەیە رازێنرابووەوە: "دۆستایەتی، نەک داگیرکردن".

هەروەها لە بەرەبەیانی ٢٥ی ئاب پاسەکان بە شەقامەکانی پراگدا دەسووڕانەوە و نیشانەی" UN:SOSیان هەڵگرتبوو، واتە نەتەوە یەکگرتووەکان فریامان بکەوە. هەروەها ڕووبەرێکی فراوانی رووکاری پێشەوەی دوکانە بازرگانییەکانی ناوەڕاستی شار تەرخان کرابوو بۆ نووسینی تێبینی. لەسەر ئۆتۆمۆبێلێک نووسرابوو "زانکۆی چارلزیان داگیر کرد"

٣- بڵاوکراوە و کوڕاسە و کتێب

ئامانجی سەرەکی لە چاپ و دابەشکردنی بڵاوکراوە یان کوڕاسە و کتێب، گوزارشتکردنە لە بیر و بۆچوونێک کە نەیار یاخۆ پاڵپشتی لە سیاسەتێکی دیاریکراوی دەسەڵات، یان سیاسەتی دەسەڵات بەگشتی دەکا، یان رەنگە تەنانەت دژ یان بۆ پاڵپشتیی خودی حوکمەکە ئاراستە کرابێ. لەوانەیە ئەم رێگەیە لە سایەی هەلومەرجێکدا کە سەرکوتکردن و ململانە باڵی بەسەردا

کێشابێ بەکەڵک بێ. رەنگە دابەشکردنی بڵاوکراوە بەربڵاوترین رێگە بێ کە دەستە و تاقمە بەرهەڵستکارەکان بەکاری دێنن بۆ پێوەندیکردن بەخەڵکەوە. بەڵام کاتێ "چاودێری" مەرجەکانی دەسەپێنێ، دەکرێ کتێبیش بەکار بێ.

ئەو ئەدەبیاتەی بانگەشە بۆ بەرگری کارا دەکا، کە جیاواز بێ لە تەنیا دەربڕینی بیــــر و بۆچوونێک لە بابەتێکی دیاریکراودا، لە دەروازەی "هاوکارینەکردنی سیاسی"دا ریزبەندی کراوە، ئەویش لە روانگەی ناوەڕۆک و سەرەنجامی ئەو جۆرە بانگەشانەوە.

لە کـاتی ئاهەنگگێـڕان بەبۆنەی ســەدەمین ســاڵوەگـەڕی راگــەیاندنی سـەربەخۆیی لە فیلادلفیا، کۆمەڵێ لەو ئافرەتانەی داوای مافی دەنگدانیـان بۆ ئافرەتان دەکرد خۆیان کرد بەهۆڵی ئەنجوومەنەکەدا و بڵاوکراوەیەکیـان بەسـەر ئەندامـان و سـەرۆکدا دابەش کـرد کـە داوای مـافـەکـانی ئافـرەتی دەکرد. هەروەها لە بەشی ژێر دەسەڵاتی داگیرکەری نازی لە پۆڵۆنیا، هێزی بـەرگــری لە ســاڵی ١٩٤٢ وەڵامی هـەڵمـــەتێکی پڕوپاگــەندەی نازی بۆ ئاشناکردنی پۆڵۆنیاییەکان بە دەسکەوتەکانی ئەڵمانیای دایەوە، ئەویش لە رێی ئامادەکردنی ژمارەیەک پۆستەری هاوشێوەی ئەوەی نازییەکان، لەگەڵ گۆڕینی ریشــەیی پڕوپاگـەندەکـە بۆ گـاڵتـەپێکردنی توند و ژماردنی کـارە وەحشییەکان و ئەو لەداردانانەی نازییەکان پێی هەستاون.

نامەکانی ناڕەزایی کە رێکخراوە نەرویجییەکان ئاراستەی کۆمسیاری رایخ جۆزێف تیربۆڤینیان کرد لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٤١دا، لە نەرویج چاپ کـرابوون، ئەویش بەپێی ئەو دەقـانەی لە ئینگلتـەرا بڵاو بوونەوە، کـە هـەزاران دانەیان لە ســـەرتاســـەری وڵاتدا لێ بڵاو کـــرایەوە.(٤٩) بـەپێی راپۆرتەکان ئەو نامانە ئاسەوارێکی بەهێز و بزوێنەریان بەجێ هێشتووە.

ساڵی ١٩٤١ و ١٩٤١ چاپ و بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەی جیاواز و کوڕاسە و نامیلکە یەکێک بوو لە بوارەکانی چالاکیی "گرووپی بوم"ی بەرگریکاری

جـووڵەکـە لـە بەرلین، کـە دەیانناردن بۆ مـاڵ و نـووسـینگەکـان و بەسـەر کرێکاراندا دابەشیان دەکردن و شەوانە لە دیوارەکانیان دەدا.

لە میـونیخـیش گرووپی قـوتابیانی "گـوڵە سپـییـەکە" ژمارەیـەک بڵاوکراوەی دژ بە نازییەتیان چاپ کرد و لە میونیخ و ژمارەیەک لە شـارەکانی باشووری ئەڵمـانیـا بڵاویان کـردەوە. بڵاوکـراوەکـان بەزۆری دەخـرانە سندووقـەکـانی پۆسـتـەوە. دواتر لە سـاڵی ١٩٤٣ وای لێ هات بەئـاشکرا لە زانکۆی میـونیخ بڵاو دەکرانەوە.

لێژنەی کاری راسـتەوخۆی دژ بەجەنگی ناوکی، لە نیسان و ئایاری ساڵی ١٩٥٩، بڵاوکراوەی بەشێوەیەکی بەرفراوان لە ناوچەی نورفولک لە ئینگلتەرا بڵاو کردەوە.

لە رۆژە بەراییەکانی داگیرکردنی چیکۆسلۆڤاکیادا، بڵاوکراوەی زۆر بڵاو کرانەوە کە داوای رۆیشتنی هێزەکانی پەیمانی وارسۆیان لە وڵات دەکرد، پشـتـیـوانـیـیـان لـە حکوومـەتە شـەرعـیـیـەکـە و داوای بەرەنگاربوونەوەی داگیـرکـەرانیـان دەکرد. لەو بڵاوکراوانەدا هـانی هێزەکانی پەیمانی وارسۆ درابـوو "وەک دۆست نـاوچەکـــەمـــان بەجـێ بێـــڵن و دەست لە کـــاروبـاری ناوەخۆمان وەرنەدەن".

لە بەرامـبەردا رووسـیاش هـەڵمـەتێکی دابەشکردنی بڵاوکراوەی دەست پێ کرد و بۆ ئەو مـەبەسـتـە کـۆپـتـەر و ئۆتۆمـۆبـێلیـشـیـان بەکار هێنا. ئێـزگەی بەرگریی چیکۆسلۆڤـاکی بڵاوی کردەوە ئەو بڵاوکراوە سـاخـتـانەی ئیـمزای ئەندامانی پەرلەمانی چیکۆسلۆڤاکیای لەسـەرە، هێزەکانی داگیرکەر بڵاویان کردووەتەوە.

کتێبیش لە کاتی ملمـلانەدا بایەخی خـۆی هـەیە لە دەربڕین و وروژاندنی بیـر و بۆچوونەکان و بەشـداریکردن لە کار و گۆڕانکاریی فراوانتـردا. کتێب لە بارێکدا ئەم کاریگەرییەی دەبـێ کە بە رەسمـی رێگەی پێ درابێ، هـەروەها

کاتێ دەزگای چاودێری فەرمانی قەدەغەکردنی بڵاوکردنەوەی دابێ. لەم بارەی دواییدا کتێب بەدەستنووسی بڵاو دەکرێتەوە، یان بە ئامێری چاپ چاپ دەکرێ، یان بە نایاسایی لە ناوەخۆ چاپ دەبێ یاخۆ لە دەرەوە بەقاچاخ دێتە ناوەوە. لەو کتێبانە رۆمانی "چار چییە" (ما العمل)ی ن. ج. چیرنشڤسکییە کە بیری گرینگی تێدایە لەبارەی پرەنسیپە شۆڕشگێڕییە میللییەکان.

دانەر کتێبەکەی لە زینداندا نووسیوە لە نێوان ساڵانی ١٨٦٢ و ١٨٦٣. بەرپرسی سانسۆر وای زانیبوو فەرمانبەرانی تر خوێندوویانەتەوە بۆیە رێگەی بەچاپکردنی دابوو. رۆمانەکە بە زنجیرە لە رۆژنامەی سۆڤەرمنیکدا بڵاو بووەوە و "نەوەیەکی تەواوی لە قوتابیانی میللی و شۆڕشگێڕ لە بۆتە دا و بوو بەکارنامەی بۆ رۆشنبیرە لاوەکان".

رۆمانەکە ئاماژەی بەهەندێ چالاکی دا کە پێویستە شۆڕشگێڕەکان ئەنجامیان بدەن و پێداگریی کرد لەسەر پێویستیی بەرەنگاریکردنی دلێرانەی تاکڕەوە.

چەندان کتێب هەن کە ئاسەواری گرینگیان لە ململانە جیاوازە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و ئاینی و سیاسییەکان بەجێ هێشتووە.

٤- رۆژنامە و کۆوارەکان

رۆژنامە و کۆوارە یاسایی و ناساییەکان بەبەردەوامی وەک ئامرازی خستنەڕووی ئەو بیروڕا و پرسانەی بڵاوکەرەوەکانیان باوەڕیان پێیانە، رۆڵی بەرچاویان لە مێژووی ململانە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا هەیە. لەوانەیە هەندێ جار دەسەڵاتداران دەرچوونی ئەم بڵاوکراوانە بەنایاسایی دابنێن و لە هەندێ حاڵەتی هاوشێوەیشدا ئەم رێگەیە بەیەکێک لە رێگەکانی یاخیبوونی مەدەنی دادەنرێ و لە دەروازەی "هاوکارینەکردنی سیاسی"دا پۆلبەندی دەکرێ.

چاپ و بڵاوکـردنەوەی ڕۆژنامــە و گـۆوارە نایاسـاییــیـەکـان ڕۆڵێکی زۆر گـرینگیـان لە بزووتنەوەی شـۆڕشگێـڕیی رووسـیـا لـە سـەدەی نۆزدەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا هەبووە.

نەرویج لە کـاتی داگـیـرکـردنی نـازیدا هـەڵمــەتێکی چالاکـیـی چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی نایاسـایی و بڵاوکراوەی نوێ بەخـۆوە بینی، هەندێ دەوڵەتی تری وەک دانیمـارک و هۆڵەندا و پۆڵۆنیـایش حـاڵەتی هاوشـێوەیان بەخۆوە بینی. لـەوانەیە بەئەندازەی ئەوەی هەلومەرجی سیـاسی ڕێگە بدا، بۆ دەربڕینی بیروڕا وتار و جاڕدانیش بڵاو بکرێتەوە.

٥- قەوان و رادیۆ و تەلەڤزیۆن

لە هەندێ هەلومەرجی تایبەتدا قـەوان و رادیۆ و تەلەڤزیۆنەکان لە خۆیاندا دەبنە ئـامـرازی ناڕەزایی و قـایلکردنی نـاتوندوتیـژانـە. لەوانەیە کـاسـێت و قەوانەکان لە ڕێی مۆسیقا یان گوتار یان لێدوانەوە بیروڕاکان بگوێزنەوە.

زۆربەی مـۆسـیـقـای ڕۆکی ئەمـەریکایی لە شـەسـتـەکاندا گوزارشـتـیـان لە بـەرهـەڵســـتی و بێــزاری دەکــرد، بـۆ نموونـە وەک لە گــۆرانــی "لە بـەردەم ڕەشـەبادا!"ی بۆب دیلان.

لەو گۆرانییەدا دیلان دەپرسێ:

- چەند جـار مـرۆڤ دەتوانێ چاو لە سـتـەم بپـۆشـێ وەک ئەوەی تێبـینیی هیچی نەکردبێ؟

- دەبێ چەند جار زریکەی ناسۆری بەرز بێتەوە تا سـەرنجی بدرێتێ؟

- دەبێ چەند کـات بگوزەرێ و خـەڵک بەدەست دۆخی ئارایانـەوە گرفـتـار بن، پێش لەوەی ئازادی تاقی بکەنەوە؟

مـاوەی چەنـدان سـاڵە گرووپە سـیـاسـیـیـە جیـاوازەکان قـەوانی گـۆرانیی خـاوەن مـەغزای سیـاسـی دابەش دەکـەن. سـاڵی ١٩٦٨ لە بـەرەبەیانی ٢٤ی

ئابدا ژمـــارەیەکی زۆر کـــۆپیی قـــەوانی نویّ لە پراگ ئامـــادە بوون بـۆ دابەشکردن، کە بـەیاننامەیەکی چواردەمین کۆنگرەی نائاساییی حزبی تێدا تۆمار کرابوو کە لە ٢٢ی ئاب دەرچووبوو.

ئەو بـەیاننـامـەیە کـە ئاراسـتـەی هـاوولاتیـیـان کـرابوو، سـەرکـۆنەی داگیرکردنەکەی دەکرد و پاساوەکانی سۆڤیاتی بۆ ئەو کارە رەت دەکردەوە. داوای ئازادکـردنی هەمـوو بەرپرسـانی رەسـمـیی دەسـتگیـرکـراوی ولات و کێشانەوەی هێزە بیانییەکانی دەکرد.

لە بەیاننامەکەدا هاتبوو "چیکۆسلۆڤاکیای سۆشیالیستی قەت رازی نابیّ بەئیدارەیەکی سەربازیی داگیرکەر یان بەرێژیمێکی خۆماڵیی کلک گرێداو، کە پشت بە هێزەکانی داگیرکەران ببەستیّ".

لەگەڵ ئەوەی تەکنیکی پەخشی ئێزگەییی ئاراستـەکراو بۆ دانیـشتـوانە بەرگریکارەکە لـەو دەوڵەتانەی لە جەنگی جیـهانیی یەکەمدا داگیر کرابوون باو بوو، بەلام چیکۆسلۆڤـاکیـا ئەو ولاتـە بوو پێـشکەوتووترین شـێـوازی بۆ کـەڵکوەرگـــرتن لـەم جــۆرە پـەخــشـــە داهـێنا، کـــە لـە ناوەخـــۆی ولاتـە داگیرکراوەکەوە دەردەچوو.

تۆڕی پەخـشی ئێزگەیی نهێنی کە هـەندیّ جار دەیتوانـی بۆ مـاوەی دوو هـەفـتـە بەبیّ پچـڕان بەردەوام بیّ، تەنیـا بەوەندەوە نەدەوەسـتـا کە زانـیـاری لـەبارەی ئـەوەی روو دەدا بگـوێزێتـــەوە، بگرە ئەو سنوورەی تـیّ دەپەڕانـد و بەیاننـامـەی دژ بەداگیـرکـەریشی بلاو دەکردەوە. هـەروەهـا ئێزگـەکە داوای ئەنجـامـدانی هـەندیّ چالاکیی بەرگریکارانەی دەکرد، بـەلام وریایی دەدا لە بەکـارهـێنانی توندوتیـژی و هانی پابەندبوون بە رێبـازی ئاشـتـیـیـانەی لە خەباتدا دەدا، سەرکۆنەی هاوکاریکردنی داگیرکەری دەکرد، وریایی دەدا لە مەترسیی دەنگۆکان و هەندیّ ئەرکی کارگێڕیی لە ناکاوی دەگرتە ئەستۆ.

پەخشی تەلەڤزیۆنیش (کە سەرچاوەکەی هەندیّ شوقەی تایبەت و شوێنی

تری دوور لە ستۆدیۆ باوەکانی ژێر دەسەڵاتی سۆڤیات بوون) تا ڕۆژە بەراییەکانی ئەیلوول بەردەوام بوو.

٦- نووسینی ئاسمان و نووسینی زەوی

ئەم جۆرە نووسینە بریتییە لە هەندێ وشە یان هێما کە لە ڕێی دوو ئامرازی راگەیاندنی نائاساییەوە، کە زەوی و ئاسمانن، دەگەیەنرێتە خەڵک لە مەودای ڕووبەرێکی بەرفراواندا. لە ١٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٩ فڕۆکەیەک نووسینی ئاسمانی ئەنجام دا کاتێ لە ئاسمانی باخچەی گشتی لە بۆستن، ماساچوستس، کە کۆبوونەوەیەکی گەورەی دژ بەجەنگی ڤێتنامی تێدا ساز کرابوو، وێنەی هێمایەکی داماڵینی چەکی ناوکیی دروست کرد.

لە کالیفۆرنیا ئیدوین فرایزەری جووتیار کە لە نێزیک سان دیاگۆ دەژیا، بۆ دەربڕینی ناڕەزاییەکەی پەنای بۆ نووسین لەسەر زەوی برد، ئەویش پاش شکستهێنانی هەوڵە نەرمەکانی بۆ ناڕەزایی دەربڕین لە دژی شریخە و گرمەی فڕۆکەکانی فڕۆکەخانەی سەر بە هێزی دەریایی لە میرامار. فرایزەر هەستا بە هەڵکۆڵینی وشەی "بێدەنگی!" بە گەورەیی لە لەوەڕگای سەر بە کێڵگەکەی، بەڵام ئەویش سوودی نەبوو.

لێرەدا باس لە هەندێ هەمەجۆریی مومکین لەم بوارەدا دەکەین وەک ئەوەی لە ڕووبەرێکی دیاریکراودا هەندێ رووەک و درەختی جۆرەوجۆر بچێنی بۆ وێنەکێشانی شێوە خوازراوەکە، یان بەرد و درەختیلەکان لە قەدپاڵی گرد و چیاکان بەشێوەیەک ڕێک بخرێن کە وشەیەکی دیاریکراو یاخۆ هێمایەک بنووسن.

## نوێنەرایەتیکردنی بەکۆمەڵ

لەوانەیە گرووپەکان پەنا بۆ نوێنەرایەتیکردن ببەن لە پێناو پاڵپشتی یان بەرهەڵستیکردنی سیاسەتێکدا، ئەویش بە شێوازی جۆرەوجۆر. لەو پێنج ڕێگەیەی لەم دەروازەیەدا باس کراون چواریان پشت بەئامادەبوونی کەسیی ئەوانەی نوێنەرایەتییەکە دەکەن دەبەستن، بەڵام ڕێگەکەی تریان بەو شێوەیە نییە.

١- راسپاردن (انتداب)

دەکرێ لە ڕێی گرووپێکەوە کە خۆبەخۆ دروست دەبێ، یان لە ڕێی نوێنەرانی ڕێکخراوێک یاخۆ چەند ڕێکخراوێکەوە گوزارشت لە ناڕەزایی و ڕەفز بکرێ. ئەوانە چاویان بەکەسی بەرپرس لە سکاڵاکەیان یان نوێنەرەکەی دەکەوێ، هەندێ جار نوێنەرەکان هەوڵ دەدەن سیاسەتێکی نوێ یان ڕێوشوێنێکی نوێ بخەنە روو یان پەسند بکەن.

نێزیکەی ساڵی ١٨٩٠ لە یەکێک لە هەرێمە نێزیکەکانی پایەتەختی ئیمپراتۆریەتی چین، باجەران بەهۆی بەدڕەفتاریی چەندبارەی باجگرەکەوە کە بەپێی بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی بەشێوەیەکی رەمەکی تێکڕای نرخی ئاڵوویری نێوان دراوی نەختینەی مس و زیوی دەگۆڕی، چەند نوێنەرێکی خۆیان بە کۆمەڵێ بەڵگەنامەوە کە لێژنەیەکی ناوەخۆیی ئامادەی کردبوون رەوانەی پایەتەخت کرد. یەکەم شاندی ڕاسپێردراو لە ئەرکەکەیدا شکستی هێنا و هەر ئەندامێکیان بە لێدانی پەنجا دار خەیزەران و غەرامەکردن سزا درا، بەڵام دووەم شاند سەرکەوتنی بەدەست هێنا، باجگرەکە بەفەرمانێک لە

کارەکەی دوور خرایەوە و وەرگرتنی هەر پۆستێکی حکوومەتیشی لە داهاتوودا لێ قەدەغە کرا.

لە رووسیا، قەیسەر نیکۆلاسی دووەم لە بڕیارێکی ستەمکارانەدا یاسایەکی دەرکرد و بەو پێیە سوپای فینلەندای لکاند بە سوپای رووسیاوە و لە بەیاننامەیەکدا لە ١٥ی شوباتی ١٨٩٩ رای گەیاند مافی ئەوەی هەیە، بەچاوپۆشین لە بیرورا و بڕیارەکانی ئەنجوومەنی یاسادانانی فینلەندایی، یاسا لەبارەی فینلەنداوە دەربکا. بەو هۆیەوە شاندێکی راسپێردراو کە لە پێنجسەد پیاو پێک هاتبوو نارەزایینامەیەکیان برد بۆ قەیسەر کە ٥٢٣ هەزار کەس، واتە نێزیکەی نیوەی کەسە پێگەیشتووەکانی وڵات ئیمزایان کردبوو، بەڵام قەیسەر پێشوازیی نەکردن.

لە یەکی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٥٨ رێکخراوێکی لەندەنی بەناوی "لێژنەی جنێڤ بۆ ماڵ" شاندێکی لە ئافرەتان رەوانەی جنێڤ کرد بۆ بینینی بەشدارانی ئەو کۆنگرەیەی بڕیار بوو لەبارەی تاقیکردنەوە ناوکییەکان ببەسترێ، بەمەبەستی هاندانیان بۆ دانانی سنوورێکی کۆتایی بۆ ئەو تاقیکردنەوانە.

لە مۆسکۆ لە ١٨ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٣ خۆپێشاندانێک بە بەشداریی ٣٠٠ تا ٤٠٠ قوتابیی ئەفریقیایی دەستی پێ کرد. خۆپێشاندانەکە لە بەردەم کرملیندا لەنگەری گرت و شاندێکی راسپێدراوی قوتابیان روویان کردە وەزارەتی رۆشنبیری بۆ دەربڕینی نارەزایی لە جیاکاریی رەگەزی لە مۆسکۆ. هەردوو وەزیری رۆشنبیری و تەندروستی پێشوازییان لە شاندەکە کرد.

لە ٢٤ی ئابی ١٩٦٨ لێژنەی جێبەجێکردنی سەر بەلێژنەی حزبی شیوعیی شاری پراگ، شاندێکی راسپێردراوی رەوانەی باڵیۆزخانەی سۆڤیاتی کرد بۆ ئازادکردنی هاورێ بوهومیل سیمۆن ئەندامی نوێ و هەڵبژێردراو لە

لێـژنەی ناوەندی و سکرتێـری یەکـەم لە لێـژنەی شـاری پراگ. سـەرەتا پاشکۆی باڵیۆزخانەکە گوتی گوایە هیچ لەبارەی سیمۆنەوە نازانێ، بەڵام زۆری نەبرد شاندەکەی دڵنیا کردەوە کە ناوبراو لە دۆخێکی باشدایە و کار بۆ ئازادکردنی دەکرێ.

٢- خەڵاتی گاڵتەپێکردن

لەوانەیە هەندێ جار نارازییان بەمەبەستی گوزارشتکردن لە سکاڵایەکی دیاریکراو، یان رەنگە بەمەبەستی هاندانی بۆ هەڵگرتنی ئەو ستەمەی هەیە، "خەڵات"ی گاڵتەپێکردن بدەنە دژبەرەکە. لە تشرینی دووەمی ١٩٦٩ لە ماساچوسیتس لە کاتی بەڕێوەچوونی یەکێک لەو دانیشتنانەی بۆ تاوتوێکردنی پیسبوونی پیشەسازی ساز کرابوو، هەڵمەتی کاری ژینگەیی لە شاری بۆستن خەڵاتی "یەکەم پیسکەری ئەم مانگە"ی بەخشییە کۆمپانیای ئیدیسۆن، ئەو کۆمپانیایەی سکاڵای زۆری لەسەر بوو کە موەلیدەکانی هەوا زۆر پیس دەکەن.

٣- لۆبیی بەکۆمەڵ

کاتێ مەبەست لە "لۆبی" ئەوە بێ دەنگدەر بەتایبەت سەردانی نوێنەرەکەی لە ئەنجوومەنێکی نوێنەرایەتی یان کۆمەڵەیەکی یاسادانان بکا، بۆ ئەوەی لەوێ کار لە دەنگەکەی بکا، ئەوە ئەو کارە تەنیا دەربڕینێکی زارەکییە بیر و بۆچوونێکی دیاریکراوە، بەڵام کاتێ دەبێتە ئامراز بۆ کارێکی بەکۆمەڵ، لەو کاتەدا لۆبی شێوەی کاری یەکگرتوویی ناتوندوتیژانە وەردەگرێ، چونکە جگە لە قەناعەتهێنان بەو ئەندامەی دەستە یاسادانەرەکە، کۆبوونەوەی ژمارەیەکی زۆر خەڵک بۆ خۆی دەبێتە کارتێکی فشار کە بارتەقای خۆپێشاندانە. لەوانەیە ئەم جۆرە کارە شێوەی "لۆبیی گرووپی بچووک" وەربگرێ کاتێ ئەو گرووپە وەک تاک تاکە، یان گرووپ گرووپ و بە ژمارەی

گونجـاو، بەمەبەسـتی کـارتێکردنی لە بۆنـەیەکی دیاریکراو یان بـەدرێژاییی ماوەیەک یان لە چەند بۆنەیەکدا، سەردانی نوێنەرەکەیان دەکەن.

لە بەهـاری ١٩٦٦ بە چاودێریی لیـژنـەی هـاوڕێیـان بـۆ یاسـادانانی نیشتمانی، ژمارەیەک کەس و گرووپ هەموو چوارشەمانێک بۆ ماوەی چەند هەفتـەیەک، سـەردانی نوێنەرانیـان لە ئەندامـانی کۆنگرێس و ئەنجـوومـەنی پیران لە واشنتۆن دەکرد بۆ تاوتوێکردنی سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ڤیێتنام[٧٥]. هەروەها دەکرێ لە پێناو کۆکردنەوەی ژمارەیەکی زۆر خەڵک لە رۆژێکی دیاریکراودا پەنا بۆ رێکخستنی لۆبی ببرێ. ئەمەیش پێی دەگوترێ "لۆبیی جەماوەری"، لەوانە ئەو "لۆبیی جەماوەری"یە بوو کە بزووتنەوەی دژ بەسیاسەتی جیاکاریی رەگەزی بۆ پاڵەپەستۆ خستنەسەر ئەندامانی ئەنجوومەنی گشتیی بەریتانیا لە ٨ی ئاداری ١٩٦٥ ئەنجامی دا. ئەندامانی بزووتنەوەکە ئەندامانی پەرلەمانیان هان دا کار بکەن بۆ ئەوەی هەڵوێستێکی توند دژ بەباشووری ئەفریقیا بگیرێتە بەر، ئەویش بەرێگەی جیاواز، لەوانە قەدەغەکردنی فرۆشتنی چەک بەو دەوڵەتە و بڕیاردان لەسەر سەپاندنی سزای ئابووریی جۆرەوجۆر و رێوشوێنی تر.

٤- شەونخوونی لەسەر پاراستنی جموجۆڵەکە

رەنگە پاراستنی جموجۆڵەکە کۆششێک بێ بۆ قایلکردنی خەڵکی تر بۆ ئەنجامدان یان دەستهەڵگرتن لە کارێکی دیاریکراو، هەروەها دەکرێ رێگەیەک بێ بۆ دەربڕینی نارەزایی لە رێی بوونی کەسەکە خۆی لە جێگەیەکی دیاریکراو کە پێوەندیی بە کێشە هەنووکەییەکەوە هەیە. ئەم رێگەیە بە وەستان، یان دانیشتن، یان هاتن و چوون جێبەجێ دەکرێ. "ئێشکچی"ەکە دەتوانێ ئاگەدارینامە هەڵبگرێ یان بڵاوکراوە دابەش بکا، دەشتوانێ ئەوە نەکا. هەروەها دەتوانێ لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکەیدا قسە لەگەڵ کەسانی تر بکا، یان نەیکا.

له رۆئاوا، بەشـێـوەیەکی تایبـەت، ئـەم رێگەیـە بەگـشـتی بەسـتـراوە بە مانگرتنەکانەوە، ئامانجیش دڵنیابوونە لەوەی شکستپێهێنەرانی مانگرتنەکە بەکـارەکـانی مـانگرەکـان رازی نابن، یان ئـەوەی کـە مـانگرەکـان پێش لە گەیشتن بە رێککەوتنێک ناگەڕێنەوە سەر کارەکانیان.

لوید ج. رینـۆڵدز کـە نـووسـەرە لە کـاروباری ئابـووری و کرێکاری لەبارەی ئەو رێگەوە دەڵێ "ئەو تەگبیرەی سـەندیکاکان دایان هێنا بۆ دوورخستنەوەی کـرێکاران لە کـارگـەیەکی داخـراو بـەهـۆی مـانگرتنەوە، برێتـی بوو لە هێـڵـی "ئێشکچییەکان". مانگرەکان پاسـەوانیی دەروازەی کارگەکە دەکەن، دێن و دەچن، بەو لافـیـتـانـەی هـەڵیان گـرتوون و بە دەمـەتەقـێکانیـان بەردەوامـیـی مـانگرتنەکە دووپات دەکەنەوە. هەروەها داوا لەو کرێکارانەی دەیانەوێ بێنە ناو کارگەکە دەکەن دەست بەکار نەکەنەوە. کاتێ کرێکاری کارگەکەیش پاش تەواوبوونی نۆبەتەکەی خـۆی دەڕوا، لەوانەیە یەکێک لە "ئێشکچی"یەکان بۆ مـاوەیەکی کورت هـاوەڵیی بکا، تا هـەڵی بنێ رۆژی دواتر نەگـەڕێتـەوە سـەر کارەکەی.

ئەم رێگەیـە لە سـایەی ئاراسـتـەکردنێکی زیرەکانەدا دەبێـتـە ئامـرازێکی کـاریگەر، بەڵام ئەمـە بـەو واتایە نییـە کـە هـەندێ جـار بەرەو چنگەپرچەیەکی جەستـەیی ناخزێ. ئەگەر دەویستـرێ جموجۆڵەکە کاریگەریی تەواوی هـەبێ، پاراسـتنی پرۆسـەکـە پێویسـتی بەپاڵەپەسـتۆی ئەخـلاقی دەبێ. ئەوە تەنـیا ئامـرازێک نیـیـە بۆ قـایلکردنی ئەوانەی رەنگە شکست بە مـانگرتـنەکە بێنن، بگرە ئامانج ئەوەیە هەست بە شەرم بکا و تا دەگاتە ترساندنیشی.

لە بارودۆخـێکی لەم شـێـوەیەدا، پاسـەوانیکردنی جـمـوجـۆڵەکـە دەبێـتـە ئامـرازێکیـش بۆ ئاگـەداربوونی خـەڵک لە مـانگرتنەکـە و کـێـشـەکـانیـان و هـاوکات هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی هاوسۆزی و پاڵپشتییان.

دەکـــــرێ ئـەم رێـگـەیـە لـەگـــــەڵ هـەردوو رێـگـەی "بـایـکـۆتـکـردن" و

"هاوکارینەکردنی سیاسی"دا یەک بخرێ. ئامێتە

هیندستان لە ماوەی خەباتی ناتوندوتیژانەی لە پێناو ئازادیدا بەشێوەیەکی تایبەت ئەم حاڵەتەی بەخۆوە بینی. ساڵی ١٩٣٠ نیشتمانپەروەرەکان هۆڵەکانی دادگەیان خستە ژێر پاسەوانیی خۆیان (کە ئینگلیزەکان سەرپەرشتییان دەکرد) و هانی ئەو خەڵکەیان دەدا کە بۆ داوەریکردن هاتبوون تا روو بکەنە دادگە پێنج قۆڵییەکان کە لە گوند و شارۆکەکاندا دانرابوون و کۆنگرێسی نیشتمانی زیندووی کردبوونەوە. هەروەها قوتابخانە و پەیمانگەکانیش خرانە ژێر پاسەوانی و "ئێشکچی"یەکان هانی قوتابیانیان دەدا بچنە ریزی "دامەزراوەی نیشتمانی"ی سەربەخۆ لە حکوومەتی بەریتانی.

ئەم رێگەیە هەروەها لە بەردەم ئەو دوکانانەیشدا پێڕەو کرا کە ئەو شمەکانەی بەمەبەستی کەمکردنەوەی بەکاربردنیان داوای بایکۆتکردنیان کرابوو، دەفرۆشت. هەروەها بیناکانی حکوومەتیش خرانە ژێر باری پاسەوانیکردن و ئامانجیش لەوە هاندانی ئەو هاووڵاتییە هیندییانە بوو کە وەزیفەی رەسمییان هەبوو، تا لە پێناو رزگارکردنی هینددا دەست لە کارەکانیان هەڵگرن. هەروەها دوکانەکانی فرۆشتنی ئەفیون و خواردنەوە رۆحییەکانیش زۆربەی جار لەلایەن ئافرەتانەوە "پاسەوانی" دەکران تا کڕیارانیان لێ دوور بخەنەوە.

هەروەها لەوانەیە "پاسەوانیکردن" رێگەیەکیش بێ بۆ دەربڕینی ناڕەزایی دژی سیاسەت یان کار یان ئاراستەیەکی سیاسیی گشتیی حکوومەت، یان دژ بەئاراستەی ئەو دەستەیەی نووسینگە یاخۆ سەنتەرەکانی دەخرێنە ژێر باری "پاسەوانیکردن"ەوە.

بۆ یەکەم جار لە مێژووی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا "پاسەوانیکردن" لە بەردەم کۆشکی سپیدا لە ١٠ی کانوونی دووەمی

١٩١٧دا ئەنجام درا، کە ئەو ئافرەتانەی داوای مافی دەنگدانی ئافرەتانیان دەکرد ئەنجامیان دا و چەند رۆژێکی خایاند. ئەنجامدەرانی جموجۆڵەکە دەیانویست دەری بخەن کە سەرۆک ویلسۆن لە بەڵێنەکەی بۆ بەخشینی مافی دەنگدان بە ئافرەتان پاشگەز بووەتەوە. لە مانگی ئاداری ئەو ساڵە نێزیکەی هەزار خانم لە بەردەم کۆشکی سپیدا خۆیان دابەست. لە تشرینی یەکەمی ١٩٥٨ کاتێ سەرۆکی ئایزنهاوەر گەیشتە تەلاری کۆبوونەوە گشتییەکان لە شاری سان فرانسیسکۆ، ریزێکی ٢٠٠ کەسی سەر بە لێژنەی کارۆلینای باکوری لە بەردەمیدا بینی کە داوای هەڵوەشاندنەوەی چەکی ناوکییان دەکرد. ئارسەر واسکۆ گوتی "کەسوکاری هەندێ لە قوتابییە سپیپێستەکان لە بەردەم قوتابخانەکانی شارەکانی باکوری ولآتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دایان بەست، ئەویش بەمەبەستی دانانی سنوورێک بۆ ئەو جیاکارییە رەگەزییەی لە قوتابخانەکاندا هەبوو.

وەک زۆر لە رێگەکانی تر، رەنگە خۆدابەستن (المرابطە)یش بە کارێکی نایاسایی دابنرێ. هەندێ رێژیمی دیموکراسیی پەرلەمانی قەدەغەیان کردووە، وەک بەریتانیا کە نێزیکەی بیست ساڵی پێش ساڵی ١٩٤٦ قەدەغەی کردبوو. مەرسوومی کێشە پیشەییەکان و یەکەتیی کرێکاری کە لە ساڵی ١٩٢٧ دەرچووە و پاش ئەو مانگرتنە دانرا کە لە ساڵی ١٩٢٦ لە بەریتانیا ئەنجام درا، خاڵێکی تێدایە جۆلیان سیمۆنز ئاماژە بەوە دەکا ئەو بەندە بە هەندێ دەستەواژەی تەمومژاوی دابەستنی لە بۆتە داوە بە رادەیەک هەر شێوەیەک لە شێوەکانی دابەستن لە بەردەم مەترسیی دادگەییکردندا دەبێ. ئەو مەرسوومە ساڵی ١٩٤٦ هاتە هەڵوەشاندنەوە.

لەو دەوڵەتانەی لە ئاستێکی گونجاو لە ئازادییە مەدەنییەکان بەهرەمەندن، رێگەی دابەستن بەزۆری وەک ئامرازێکی دەربڕینی نارەزاییە دژ بە سیاسەتی حکوومەت و لە هەمان کاتدا هەندێ حکوومەتی بیانیش.

باڵیۆزخانە و کونسوڵخانە و دادگە و دەستەکانی یاسادانان و ئیدارەکانی دەوڵەت و ئاژانسەکان و... هتد دەکرێ ببنە سەنتەری تەوەری نارەزاییەکان کە خۆدابەستنیش دەگرێتەوە. دابەستن بەپێی چەندان هۆکار تا رادەیەکی بەرچاو جۆرەوجۆرە، وەک ئەوەی پێویستە چالاکییەکە چەندە درێژە بکێشێ، پێویستە تا چ ئەندازەیەک قایلکەر یان لەمپەر بێ، ئەمە جگە لە ژمارەی بەشداران کە لە ژمارەیەکی رەمزییەوە دەست پێ دەکا تا دەگاتە جەماوەرێکی زۆر. لە هەندێ حاڵەتی تایبەتدا، دەکرێ (مورابەتە) لەگەڵ رێگەکانی وەک مانگرتن و بایکۆت و رۆژووگرتن ئامێتە بکرێ.

٥- هەڵبژاردنی گاڵتەئامێز

دواین رێگە لە نوێنەرایەتیکردنی بەکۆمەڵدا هەڵبژاردنی گاڵتەئامێزە. تاقمێکی نەیار بۆ دەربڕینی نارەزاییی خۆی، پەنا بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی نایاسایی یاخۆ دەنگدانی میللیی راستەوخۆ لەبارەی پرسێکی ناوخۆیی دەبا. لەوانەیە ژمارەیەک "ناوەندی دەنگدان" دیاری بکا، یان بە رێگەیەکی تر دەنگەکان کۆ بکاتەوە، وەک گەڕانی ماڵ بەماڵ. کەمینە گەورەکان، یان زۆرینەکان پەنا بۆ ئەم رێگەیە دەبەن، ئەویش کاتێ کۆت و بەند لەسەر کاری سیستمی هەڵبژاردنی پەرلەمانیی ئاسایی دادەنرێ بەشێوەیەک رێگەی بەشداریکردن لە ئۆپۆزسیۆن دەگیرێ، چ بەتەواوی بێ یان بەشێوەیەکی تر. تەنانەت ئەو کەمینانەیش کە سیستمی هەڵبژاردنی کارپێکراو رێگەیان پێ دەدا بگەنە ناوەندی بڕیار، لەوانەیە پەنا بۆ هەڵبژاردنی گاڵتەئامێز ببەن کاتێ هەست بکەن پێویستیان بە ئامرازی تر هەیە بۆ بادانەوەی خەڵک بەلای پرسەکەیاندا.

ئەم رێگەیە لە ساڵانی ١٩٦٣ و ١٩٦٤ لە میسیسیپی تاقی کرایەوە. کۆمەڵەکانی مافە مەدەنییەکان "تۆمارێکی ئازاد"یان کردەوە بۆ هەموو ئەو کەسانەی دەیانەوێ ناوی خۆیان تۆمار بکەن، ئەویش بە چاوپۆشین لەو کۆت

و بەندە زۆر و زەبەندانەی بەمەبەستی بێبەشکردنی زنجییەکان لە دەنگدان دانرابوون. لەو ماوەیەدا تەنیا ٧٪ی زنجییەکان لەوانەی گەیشتبوونە تەمەنی دەنگدان، واتە ٢٣ هەزار زنجی، بەشێوەی یاسایی ناویان تۆمار کرابوو بۆ دەنگدان.

نێزیکەی ٨٣ هەزار کەس بەشدارییان لە "تۆمارکردنە ئازاد"ەکە کرد و "ئازادانە" دەنگیان دا بۆ هەڵبژاردنی حاکم و جێگری حاکمی ویلایەتەکە لەناو کاندیدەکانی هەردوو حزبی دیموکراتی و کۆماری و لیستێکی کاندیدەکانی مافە مەدەنییەکان. جایمز فارمەر سەرۆکی پێشووی کۆنگرەی یەکسازیی نەژادی دەڵێ: "ئەوە تەنیا کارێکی درامی نەبوو بۆ راکێشانی سەرنجی نیشتمانی، هەڵبژاردنە گاڵتەئامێزەکە سەلماندی کە ئامرازێکی فێرکردنی نایابە بۆ رێپێشاندانی زنجییەکان لە میسیسیپی و هۆشیارکردنەوەیان لەبارەی رێگە و ئامرازەکانی دەنگدانەوە".

ئارسەر واسکۆ ئاماژەی بەوە دا ئەگەر ئەو دەنگانە لە بەرژەوەندیی کاندیدی کەمینە بوونایە لە هەڵبژاردنێکی شەرعیدا، بەهۆی زۆرییانەوە دەیانتوانی ئەنجامەکە بگۆڕن. بەم شێوەیە هەڵبژاردنە گاڵتەئامێزەکە "بۆ زنجییەکانی سەلماند کە چ هێزێکن ئەگەر بێتو رۆژێ لە رۆژان دەرفەتیان بۆ رەخسا بەشداری لە سیستمی سیاسیی ئارادا بکەن".

پاش ئەوەی رێگە بەحزبی زنجیی دیموکراتی ئازاد نەدرا بەشداری لە هەڵبژاردنە یاساییەکەدا بکا، حزبەکە بڕیاری دا لە پایزی ١٩٦٤دا هەڵبژاردنی تایبەتی خۆی ئەنجام بدا و داوای لە هەموو دانیشتوانی میسیسیپی کرد دەنگ بدەن، بۆ ئەو مەبەستەیش لیستێک کاندیدی راگەیاند کە هەموو ئەو کاندیدانەی لەخۆ دەگرت کە کاندیدکردنیان پەسند بوو، لەگەڵ چەند کاندیدێکی حزبی دیموکراتیی ئازاد کە دەنگی زۆربەی "دەنگدەران"ی بەدەست هێنا کە ژمارەیان دەگەیشتە نێزیکەی ٨٠ هەزار "دەنگدەر". سێ

ژنه کـانديدی حـزبی ديموکـراتيی ئازاد کـه سـەرلەنوێ له هەڵبـژاردنەکـاندا بردبوويانەوە، بـەبێـهوده نارِەزاييـيـان له دژی ئەندامـيـەتيی هـەندێ کـانديدی نيزامی له ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئـەمەريكا دەربڕی و هێرشی توندیان کرده سـەر بێـبـەشکردن له مــافی دەنگدان له مـيـسـيـسـيـپی کـه ٤٣٪ی ئەو هاووڵاتيـيـانەی گـەيشـتـوونەته تەمـەنی ياسـاييی دەنگدان، له مـافی دەنگدان بێبەش کرابوون.

## کاری ئاشکرای ڕەمزی

چالاکانی ناتوندوتیژ بۆ گوزارشت لە بۆچوون و خستنەڕووی سکاڵاکانیان، پەنا بۆ چەندان هەڵسوکەوتی ڕەمزی دەبەن. ئەو شێوە-کارانە ساڵانێکی زۆرە باون، ئەو شێوازانەیش لێرەدا باس کراون هەموویان ناگرێتەوە.

١- نواندنی ئاڵا و ڕەنگی ڕەمزی

نواندن و پێشاندانی ئاڵای گرووپێکی نیشتمانی، ئاینی، کۆمەڵایەتی یان سیاسی، یان نواندنی هەندێ ڕەنگ کە هێمان بۆ گرووپێکی دیاریکراو، یاخۆ نواندنی ئاڵا یان ڕەنگەکان لەگەڵ شێوەی تری ڕەمزی، بەشێوەیەک لە شێوەکانی نارەزایی ناتوندوتیژانە دادەنرێ. ئەم کارانە بەزۆری هەستە قووڵەکان بزوێنەریانن، یان بەرەنجامی ئەو هەستانەن.

لە کاتی سەردانی ئیمپراتۆر فرانز جۆزێف بۆ پایەتەختی هەنگاری لە ٦ی حوزەیرانی ١٨٦٥، خەڵکی "پیت" سەرەتا ژمارەیەکی کەم ئاڵای ئیمپراتۆریەتیان بەرز کردەوە، لەبەرئەوەی دژ بەباڵادەستیی نەمسایی بوون و داوای حوکمی زاتییان بۆ هەنگاریا دەکرد. پاش ئەوەی پافلی حاکمی دانراو لەلایەن نەمساییەکانەوە هاتە ناو کێشەکە، شارەکە هەموو ئاڵایان بەرز کردەوە و ئیمپراتۆر لەو کاتەی لە سەردانی پێشانگەی کشتوکاڵیی شارەکە دەردەچوو بەو دیمەنە سەرسام بوو، بەڵام زۆری نەبرد زانی ڕەنگی ئاڵاکە سەوز و سپی و سوورە، کە ڕەنگەکانی ئاڵای ڕەسمیی هەنگاریای سەربەخۆیە.

ئاڵای ڕەش لە زۆر بۆنەدا وەک هێمای نارەزایی و ڕەفز بەکار هاتووە:

ساڵی ١٩٢٨ نیشتمانپەروەرانی هیندستان بەکاریان هێنا، کە رەتیان دەکردەوە هاوکاریی لیژنەی سایمۆنی سەر بە پەرلەمانی بەریتانیا بکەن کە سەردانی ولاتەکەی دەکرد. ساڵی ١٩٥٧ کەمینەی تامیل بەکاریان هێنا، لە پاکستانیش ئاڵای رەش هێما بوو بۆ سەرکۆنەکردنی لکاندنی کەشمیر بە هیندستانەوە.

لە ٢٦ی کانوونی دووەمی ١٩٣٠ نیشتمانپەروەرانی هیند بەبۆنەی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی، ئاهەنگیان دەگێڕا و لە رێپێوان و ئاهەنگەکانیاندا ئاڵای نیشتمانییان بەرز دەکردەوە. لە کانوونی یەکەمی ١٩٥٦ قوتابیانی زانکۆی جینا لە ئەڵمانیای رۆهەلات بە بەرزکردنەوەی رەنگەکانی ئاڵای نیشتمانیی بەریتانیا لە هۆڵی سەمای زستانە، پشتیوانیی خۆیان بۆ شۆڕشگێڕانی هەنگاری دەربڕی.

ئاڵاکان رۆڵی گرینگیان لە ساڵی ١٩٦٣ بینی، ئەویش لە هەڵمەتی بوودییەکان دژ بەدەسەلاتی دییم لە باشووری ڤیێتنام. نارەزاییەکانی حکوومەت لەسەر بەرزکردنەوەی ئاڵای بوودی رۆڵێکی کاریگەری هەبوو لە سەرهەڵدانی کێشەکەدا. لە ٩ی ئەیلوولی ئەو ساڵە قوتابیانی ناوەندیی "شوڤان ئان"ی کوڕان لە ناوچەی شولون لە سایگۆن کە چینیی زۆری تێدایە، هەستان بە دڕاندنی ئاڵای حکوومەت و ئاڵای بوودییان بەرز کردەوە، بەو هۆیەوە زیاتر لە هەزار قوتابی گیران.

لە رۆژە بەراییەکانی دەستپێکردنی چالاکیی بەرگریی چیکی ساڵی ١٩٦٨، ئاڵا و رەنگە نیشتمانییەکان وەک هێمای بەرگری پێشان دەدران. بەرەبەیانی رۆژی ٢١ی ئاب، پاش چەند سەعاتێکی کەم لە داگیرکردنەکە، جەماوەر لە شەقامەکانی پراگدا ئاڵای چیکۆسلۆڤاکیایان بەرز دەکردەوە و پەیکەری سانت ونسیلاس بە ئاڵا رازێنرایەوە، قوتابیان ئاڵایەکی خوێناوییان لە گۆڕەپانی ونسیلاس بەرز کردەوە. دوای چوار رۆژ ئاڵاکان لە سەرتاسەری پراگی پایەتەختدا دەشەکانەوە.

ئەو ئاڵایانەی نیشانەی هەندێ ڕێڕەوی سیاسیی تایبەتن، هەندێ جار بەشێوەی نائاسایی دەخرێنە روو. لە بەرەبەیانی ١٩ی کانوونی دووەمی ١٩٦٩ ئاڵای ڤێتکۆنگ بینرا کە بەسەر لووتکەی تاوەری ناوەندی لە کاتدرائیەی نوتردام لە پاریس دەشەکێتەوە، کە بەرزاییەکەی ٢٤٠ پێیە. درێژیی ئاڵاکە ١٥ پێ و پانییەکەی ٦ پێ بوو. کۆپتەری سەر بە ئاگرکوژاندنەوەی پاریسیان بۆ لێکردنەوەی ئاڵاکە بەکار هێنا.

٢- پۆشینی هێما

کەسانێک بۆ دەربڕینی نەیاریی سیاسییان هەندێ جار شتێکی سەرنج ڕاکێش لە جلوبەرگەکانیان دەدەن، بۆ وەک لە بەرۆکدانی رەنگێکی دیاریکراو، یان نیشانەیەک یان گوڵێک و شتی لەو شێوە. ساڵی ١٧٩٢ لە فرەنسا لەبەرکردنی "کڵاوی سووری ئازادی" لەلایەن حزبی Sans-culotters ەوە باو بوو. لە جەنگی جیهانیی دووەمدا قوتابیان لە دانیمارک کڵاوی سپی و شینیان لەسەر دەکرد بۆ لاساییکردنەوەی هێمای هێزی ئاسمانیی شاهانەی دانیمارکی، ئەوەیش وەک هێمای نارەزاییان بۆ داگیرکردنی نازی. هەروەها لە نەرویجیش بۆ هەمان مەبەست کڵاوی سوور بوو بەباو. لە ئەڵمانیا و فرەنسا هاووڵاتییانی ناجوولەکە ئەستێرەیەکی زەردیان بەخۆوە کرد، ئەویش وەک هاوهەڵوێستییەک لەگەڵ جوولەکەکان، کە دەسەڵاتدارانی نازی ناچاریان کردبوون ئەو ئەستێرەیە لە بەرۆکیان بدەن تا لە باقیی هاووڵاتییان جیا بکرێنەوە. لە هۆڵەندایش خەڵک بۆ دەربڕینی هاوسۆزییان لەگەڵ جوولەکە گوڵی زەردیان لە بەرۆکی چاکەتەکانیان دا. هێماکان لە نەرویج جیاواز بوون، لە نێوان هەڵگرتنی گوڵێک لە یادی حەفتا ساڵەی لەدایکبوونی شا هاکون، تا هەڵواسینی پارچە نووسینێک بە بەرۆکی چاکەتەکانیاندا کە لەسەری نووسرابوو "هاوهەڵوێست بمێننەوە"، هەروەها چەندان جۆری تر.

له رۆژه یەکەمەکانی پاش پەلامارەکەی رووسیا، هاووڵاتییان له پراگ شریتێکیان به جلەکانیانەوه دەکرد که له سێ رەنگه نیشتمانییەکەیان پێک دەهات.

له باشووری ڤێتنام، شێوەیەکی هاووێنەی نارەزایی بەکار هات، که پشتی بەپۆشینی هێمایەکی دیاریکراو نەدەبەست، بەڵکو پشتی بەگۆڕینی رواڵەتی تاک وەک ئامرازێک بۆ نارەزاییی رەمزی دەبەست.

له ساڵی ١٩٦٣ له کاتی خەباتی بوودی دژ به حوکمڕانی دییمدا، "ڤوڤان ماو"ی وەزیری دەرەوه دەستی له پۆستەکەی کێشایەوه و "سەری تاشی، وەک نارەزایی دەربڕین لەسەر ئەو سیاسەتی توندوتیژییەی رێژیمی دەسەڵاتدار پێڕەوی دەکرد".

"تیچ نات هانه" رووداوەکه دەگێڕێتەوه و دەڵێ "دوای ئەوه، چەندان مامۆستا و قوتابیش دەستیان کرد به تاشینی سەریان. بەدڵنیاییەوه ئەو جموجۆڵەی قوتابی و مامۆستاکان، به قووڵی لەژێر کاریگەریی ئەو کارەدا بوو".

هەروەها لەوانەیه شێوەی لەبەرکردنی پارچه جلێک لەلایەن کەسێکەوه و ئەو کاتەی بۆ ئەنجامدانی ئەو کاره هەڵی دەبژێرێ، گوزارشت بێ له بیر و بۆچوونێکی دیاریکراو. بۆ نموونه له ئاهەنگی دەستپێکردنی ئەنجوومەنی چینەکان له ٥ی ئایاری ١٧٨٩ شای فەرەنسا شەبقەکەی کردەوه سەری و وەک باوه پیاوانی ئاینی و خانەدانەکانیش بەدوایدا هەمان کاریان کرد، کەچی نوێنەرانی چینی سێیەم (چینی عەوام) که بەپێی نەریتی باو دەبێ به سەرپەتی بمێننەوه، بەڵام "گژبەرییان کرد و ئەوانیش شەبقەکانیان کردەوه سەریان".

٣- نوێژ و پەرستن

هەندێ جار نوێژ و خواپەرستی دەبێتە شێوازێکی ئاینی بۆ نارەزاییی سیاسی و سەرکۆنەکردنی ئەخلاقییانەی کارێک. ئەوەیش لە ڕێی ناوەڕۆکی نوێژەکە، کەشە ئاینییەکە یان شوێن و کاتی نوێژکردنەکەوە روون دەبێتەوە.

لە ٢٤ی ئایاری ١٧٧٤ پاش ئاگەداربوونی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ڤێرجینیا لە پلانەکەی بەریتانیا بۆ داخستنی بەندەری بۆستن لە هەرێمی کەنداوی مەساچوسیتس لە یەکی حوزەیرانی ١٧٧٤، ئەنجوومەنەکە بڕیاری دا رۆژی یەکی حوزەیران بە "رۆژی بەرۆژووبوون و کزکردن و نوێژ" دابنرێ. ئارسەر شلسینڤەر دەڵێ "حاکم دەنمور ترسی لێ نیشت رۆژووگرتنەکە پێشەکییەک بێ بۆ ئامادەکردنی خەڵک بۆ قبوولکردنی بڕیارگەلێک کە زیاتر هانی یاخیبوون دەدەن، لەوەیشدا راستی بۆ چووبوو، هەر بۆیە دوو رۆژ پاش ئەو راگەیاندنە، ئەنجوومەنی ناوبراوی هەڵوەشاندەوە".

لە پۆڵۆنیای داگیرکراو، ئەڵمانەکان ساڵی ١٩٤٢ هەموو ئەو پەیکەر و یادگاری (مینۆمێنت)انەیان شکاند کە بۆ زیندووراگرتنی یادی هەندێ لە قارەمانانی پۆڵۆنیا دروست کرابوون یان هەندێ رووداوی نیشتمانییان یاد دەخستەوە. "پۆڵۆنییەکان بەتێکڕا بە ئاشکرا لە دەوری ئەو شوێنانە کۆ دەبوونەوە کە یادگارییان تێدا بوو، تەنانەت هەندێ کەس لەو شوێنانە نوێژیان دەکرد، ئەوەیش بەرپرسانی ئەڵمانیی شێتگیر کردبوو".

لە ساڵی ١٩٥٢ لە باشووری ئەفریقیا، لیو کوپەر باس لەوە دەکا ئەو نوێژەی لە چوارچێوەی هەڵمەتی گژبەریکردندا ئەنجام دەدرا، رۆڵێکی گرینگی هەبوو لە جموجۆڵەکەدا:

بەم شێوەیە، لە مانگی تەمووز لە "یواتنهاگ" لە کاتی دادگەییکردنی دە بەرگریکاردا، سەدان کەس چۆکیان دادا و دەستیان بە نوێژ کرد، پیرەژنێکی ئەفریقیایی سەرکردایەتیی دەکردن کە شاڵێکی سووری لەبەر بوو.

هەروەها لە رۆژهەڵاتی لەندەن نێزیکەی ٢٥٠ کەسی ئەفریقیایی کۆ بوونەوە و لە دەرەوەی تەلاری دادگە، کە دادگەییی ٨٥ کەس لە هاوڕێکانیانی تێدا دەکرا کە لە هەڵمەتێکدا بەتۆمەتی نەبوونی مۆڵەتی گەڕان لە شەودا گیرابوون، گۆرانییان دەوت و نوێژیان دەکرد..

نێزیکەی هەزار ئەفریقیایی لە بەردەم دادگەی پۆرت ئەلیزابیس کۆ بوونەوە و لە پێناو تۆمەتبارەکاندا سرووودی ئاینییان دەخوێندەوە و نوێژیان دەکرد. لە پۆرت ئەلیزابیسیش نێزیکەی ٥ هەزار ئەفریقیایی لە پێناو سەرکەوتنی هەڵمەتەکەدا نوێژیان کرد، ئەویش پاش ئازادکردنی ٢٥٠ کەس لە خۆبەخشە دەستگیرکراوەکان.

ئەلبێرت لۆتۆلی دەگێڕێتەوە لە ساڵی ١٩٥٩ ژمارەیەک ئافرەتی ئەفریقیایی بەشداریی رێپێوانێکیان لە ئیکزۆبۆ دەکرد، پۆلیس فەرمانی پێ دان بڵاوەی لێ بکەن، ئەوانیش "چۆکیان دادا و دەستیان بە نوێژ کرد"، پۆلیسەکان لە جێی خۆیان نائومێدانە دۆش دامان.

لە ١٢ی تشرینی دووەمی ١٩٦١ لە شەقامی ترافلگەر لە لەندەن، لە ساڵوەگەڕی قوربانییانی جەنگدا، ئاهەنگێکی ئاینیی میللی بەهەناسەیەکی دژە جەنگ و لایەنگر بۆ داماڵینی چەکی ناوکی، بەبەشداریی نێزیکەی هەزار کەس بەڕێوە چوو. کۆمەڵەی "کاری مەسیحی" و گرووپی مەسیحیی سەر بە "هەڵمەتی داماڵینی چەکی ناوکی" چاودێریی ئاهەنگەکەی دەکرد.

لە مانگی ئابی ١٩٦٢ شەش لەوانەی لە بواری مافە مەدەنییەکاندا کاریان دەکرد لەسەر پلیکانەکانی تەلاری هۆڵی شارەوانیی ئەلبانی لە ویلایەتی جۆرجیا چۆکیان دادا و دەستیان بە نوێژ کرد. لە کاتی هەڵمەتی ساڵی ١٩٦٣دا لە بێرمنگهام لە چەندان بۆنەدا نوێژی بەکۆمەڵ ئەنجام درا.

لە ئەلاباما ئێوارەی یەکشەم ٥ی ئایار "کەمێک پێش لە خۆرئاوابوون نێزیکەی دوو هەزار زنجی لە کەنیسە هاتنە دەرەوە و بەرامبەر پیاوانی

پۆلیس وەستان. هەمووان بەبێدەنگی چۆکیان دادا و یەکێک لە قەشەکانیش بە سەنگینی نوێژی دەکرد و دەیگوت "لێیان گەڕێن با بە ئاو بڵاوەمان پێ بکەن. با سەگەکانیان بەکار بێنن. لە جێی خۆمان نابزوین. خوایە لێیان خۆشبە".

رەنگە ئەوە هەستی پۆڵ کونوری بزواندبێ، چونکە رێگەی بەزنجییەکان دا هێڵی هێزەکانی پۆلیس تێپەڕێنن و نێزیکەی ١٥ خولەک لە گۆڕەپانێکی نێزیک گرتووخانەی شارەکەدا بەسەر بەرن و لەوێدا نوێژیان کرد و سروودی ئاینییان بەگوێی سەدان خۆپێشاندەری گیراو لە ناوەوەدا چرپاند. پاش ئەوە گەڕانەوە بۆ کەنیسە و رایان گەیاند رۆژی دووشەم کوڕەکان خۆپێشاندان دەکەن.

ساڵی ١٩٦٣ لە کاتی خەباتی بوودییەکان دژ بەدەسەڵاتی دییم، وەک ناڕەزاییەکی رەمزی دژی حکوومەت، بابی کاسۆلیکی کاو ڤان لوان سەرۆکی زانکۆی هیوی، بەمەبەستی نوێژکردن پێشی قوتابیان کەوت بۆ پەرستگەی تودامی بوودی. بودییەکان لە هیوی و کوانتری (باشووری ڤێتنام) لە حوزەیرانی ١٩٦٦ لە ناوەڕاستی شەقامەکاندا قوربانییان سەردەبڕی و سروودی ئاینییان ئەنجام دەدا، ئەمە لە کاتێکدا هێزەکانی حکوومەت بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی شارەکە دەیانویست ئازادیی جموجوڵ لە شەقامەکان قەدەغە بکەن. تیچ نات هان گواستنەوەی قوربانیکردنەکان بۆ شەقامەکان بەمەبەستی رێگرتن لە پێشڕەویی تانکەکان لەلایەن ماڵباتەکانەوە بەکارێک دادەنێ کە "کارەساتبارییەکەی کەمتر نییە لە خۆ بەقوربانیکردنەکەی رێزدار تیچ کوانگ".

بە رای تیچ، گواستنەوەی رێورەسمی سەربڕین بۆ شەقامەکان لەلایەن ماڵباتەکانەوە، "بەکارهێنانی بەها نەریتی و هاوسەنگەکان لە بەرامبەر توندوتیژی و بەربەریەت بەرجەستە دەکا". هەروەها رەگەزی کارتێکردنی سایکۆلۆجیی تێدا دیارە. لەو ساڵەدا بۆ دەربڕینی ناڕەزایی لە جەنگ، نوێژ

له سەرتاسەری ڤێتنامدا ئەنجام درا و گوتراوە کە ئەو هەنگاوە "کاریگەریی مەزن"ی هەبووە.

له ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٦٦ پاش تەواوبوونی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پیران، دوازده ئەندامی کویکرز له هۆڵی میوانان له تەلاری ئەنجوومەنی پیرانی ئەمەریکا دیدارێکی ئاینیی کپیان ئەنجام دا، بۆ نوێژکردن و خواپەرستی بەمەبەستی نارەزایی دەربڕین لە نەجووڵانی ئەنجوومەن له کاتێکدا توندوتیژی له باکوری ڤێتنام تا دەهات زیادی دەکرد. له ئەنجامی کۆبوونەوەکەدا کە دوو سەعات و نیوی خایاند، بەهۆی ئەوەی هۆڵەکەیان گرتبوو و گوێیان بەفەرمانی چۆڵکردنی نەدا، دەستگیر کران.

له کاتی مانگرتنە گەورەکەی رووسیا کە شۆڕشی رووسیا له ساڵی ١٩٠٥ رای گەیاند، قوتابیانی نەوجەوان بەشێوەیەکی نێزیک لەو شێوەیەی له سەرەوە باس کرا گوزارشتیان له نارەزاییی سیاسییان کرد، بەڵام شێوازەکەیان تا رادەیەک جیاواز بوو:

"تزارسکوی سیلۆ، ئەو شارۆکە بچووکەی بەتەواوی لەژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتدا بوو، ئەویش رۆژی خۆی هەبوو: قوتابیانی قوتابخانەی ناوەندیی ناوەخۆیی مانگرتنیان راگەیاند و چوونە سەر شەقام و قوتابیانی ناوەندیی کچانیش چوونە ریزیان، هەروەها قوتابیانی قوتابخانەی سەرەتایی بە رەتکردنەوەی ئەنجامدانی نوێژی بەیانی هەستی خۆیان دەربڕی، کاتێ نوێژیان بۆ دەخوێنرایەوە دەستیان بە فیکە لێدان دەکرد، کە ئەو وەڵامە له رووسیا نیشاندانی بێڕێزییە".

٤- پێدانی شتومەکی رەمزی

پێدانی شتومەکێک کە هێما بێ بۆ ستەمێک یان بۆ ئامانجێکی دیاریکراو بە بەرپرسانی پێوەندار، رێگەیەکە بۆ پێشاندانی بیر و بۆچوونی کەسانی نارەزا.

بۆ نموونە لە شیکاگۆ، ڕێکخراوی "دارستان - مێرگ" کە لە ناوچەیەکدا کاری دەکرد زنجییەکانی هەژارەکانی تێدا نیشتەجێ بوون، دەیویست هانی دالی سەرۆکی شارەوانی بدا بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ باری نالەباری هەرێمەکەیان. بۆ ئەو مەبەستە، وەک سول ئەلینسکی لە ڕاپۆرتەکەیدا باسی دەکا، بڕێکی زۆر جرجیان لەسەر پلەکانەکانی بینای شارەوانی کۆ کردەوە.

بۆ دەربڕینی ناڕەزایی دژی ئەو تاقیکردنەوە ناوکییانەی سۆڤیات ئەنجامی دەدان، لە تشرینی یەکەمی ١٩١٦ لە لەندەن، لێژنەیەک کە لە سەد کەس پێک هاتبوون سەدان شووشەی شیریان کۆ کردەوە و بەخەتی سوور لەسەریان نووسی: "مەترسیدار-چالاکیی تیشکی" و لە بەردەم تەلاری باڵیۆزخانەی سۆڤیاتی دایاننان.

سەرۆک کنێدی لە ساڵی ١٩٦٣ ئەو بەڵێنەی بەجێ نەگەیاندبوو کە لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەیدا لە ساڵی ١٩٦٠ دابووی بەوەی جیاکاری لە پرۆسەی نیشتەجێکردندا کە حکوومەتی فیدراڵی پاڵپشتیی دەکرد، هەڵدەوەشێنێتەوە. جایمس فارمەر جەختی کرد کە زانیاریی باوەڕپێکراو ئاماژە بەوە دەکا فەرمانی ئیداریی لەو بارەوە هەیە کە تیمی کارکردنی سەرۆک ئامادەیان کردووە، بەڵام لە ساڵی ١٩٦١ەوە بەبێ ئیمزاکردن لە نووسینگەی سەرۆک ماوەتەوە. کۆنگرەی یەکسانیی ڕەگەزیش چووە پاڵ هەوڵەکانی سەرخستنی ئەو پرسە. لەو بارەوە فارمەر دەڵێ "بڕوامان وابوو مرەکەبی قەڵەمەکەی سەرۆک وشک بووەتەوە، هەر بۆیە هەزاران قوتووی مرەکەبمان بۆ کۆشکی سپی نارد".

٥- خۆڕووتکردنەوەی ناڕەزاییانە

یەکێک لە شێوە کۆن و دەگمەنەکان بۆ دەربڕینی ناڕەزاییی ناتوندوتیژانە - کە سەرلەنوێ زیندوو کراوەتەوە - ئەوەیە خەڵک بۆ دەربڕینی ناڕەزاییی ئاینی یان سیاسییان، خۆیان لە جلوبەرگەکانیان ڕووت دەکەنەوە. لە کاتی

داگیرکردنی Quakers بۆ داگیرگە (مستعمرة)ی کەنداوی مەساچوسیتس لە سەدەی حەڤدەم، خاتوو لیدیا وردیل وەک هەڵویستێکی نارەزایی بەرووتی چووە ناو کەنیسەی نیوبۆری. باس لەوە دەکرێ ئەندامانی تایفەی "رۆڵەکانی ئازادی" کە دوکهۆبرییەکان لە کۆڵۆمبیای بەریتانیایی لە کەنەدا لەوانن، "بەبێ ژمار نمایشیان بەرووتی ئەنجام داوە". لە هەندێ حاڵەتدا ژنێک لە بەردەم ماڵەکەیدا جلەکانی دادەکەند و ئاگری تێ بەردەدا، ئەویش وەک نارەزایی لە دژی دەستوەردانی بێ پەردەی حکوومەت، وەک بۆ نموونە دادگەییکردنی مێردەکەی بەهۆی چالاکییەکانی لەناو هێزی بەرگریدا.

کاتێ جۆن دیڤنبایکەری سەرۆک وەزیران بەشداریی گردبوونەوەیەکی سیاسیی دەکرد لە ترایل، لە کۆڵۆمبیای بەریتانیایی لە ٢٨ی ئایاری ١٩٦٢، ژمارەیەک ئافرەتی دوکهۆبری کە پیاوەکانیان بەتۆمەتی ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی دەستبەسەر بوون، کۆبوونەوەیەکیان پچڕاند و بەهۆی ئەو "مامەڵە خراپ"ەی لەگەڵ گرووپەکەیان دەکرێ، دەستیان بە گریان کرد و وەک جۆرێک لە دەربڕینی نارەزایی جلەکانیان داکەند.

یەکێک لە حاڵەتەکانی خۆرووتکردنەوەی نارەزایی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ساڵانی رابردوودا، ئەوە بوو ژمارەیەک لە لاوانی سەر بەبزووتنەوەکانی نارەزاییی کۆمەڵایەتی و رەتکردنەوەی جەنگ، لە ٥ی شوباتی ١٩٦٩ لە بەردەم گرینڵ کۆلێدج، ئەیوا پێی هەستان و لەو کاتەی یەکێک لە نوێنەرانی کۆواری "بلای بۆی" گوتاری دەدا، وەک نارەزاییەک لە دژی "وروژاندنی سێکس لە کۆوارەکەدا نواندنێکیان بەرووتی پێشکێش کرد".

٦- لەبەینبردنی شتە تایبەتەکانی خۆ

یەکێک لە رێگە نائاساییەکانی نارەزاییی ناتوندوتیژانە ئەوەیە کەسێک پەنا بۆ لەبەینبردنی شتە تایبەتەکانی خۆی ببا لە پێناو دەرخستنی

توورەییی خـۆی لـە دۆخـێکی دیاریکراو. لـەبەرئەوەی لـەبەینبـردن یاخـۆ تێکشکاندن لەوانەیە مـەترسیدار بێ، هـەر بۆیـە هـەمـووان لە شـوێنەکە دوور دەخرێنەوە تا کەس ئازاری پێ نەگا.

لە ئەمـەریکا، کـۆڵۆنیسـتـە نیـشـتـمـانیـیـە بەراییـیـەکـان بە ئاشـکرا ئەو نامـانەیان لەناو دەبرد کـە ناوەڕۆکـە سیـاسـیـیـەکانیـان بەدڵ نەبوو. کـاتێ بازرگـانەکـانی نیـویۆرک لە تـەمـووزی ١٧٧٠ بـڕیاریان دا پابەند نەبن بەو سیـاسـەتە گشـتـییـەی کە ڕێگەی بەهـێنانی شـمـەکی بەریتـانیـایی نەدەدا، نامـەیان بۆ فیلادلفیا و بۆستن دەنووسی و تێیاندا بڕیارەکەیان رادەگەیاند. "کـاتێ وێنـەیەکی ئەو نامـانـە گـەیشـتنە پرینسـتـۆن، جـایمس مـادیسـۆن و هاوڕێکانی جلی رەشـیـــان پۆشی و بەڕێزەوە لە دەوری "جـــەلاد"ێک کــۆ بووبوونەوە کـە نامـەکـەی دەسـووتـاند، بەدەم ئەوەیشـەوە زەنگی پەیمانگەکە زەنگێکی خـەمناکی لێ دەدا". لە بۆستن بـازرگانەکان لە هۆتێلی فـاینویل کۆ بوونەوە و بەکـۆی دەنگ بڕیاریان دا نامـەکـەی نیویۆرک "پێویسـتـە بە رق و توورەییـــیــەوە بدڕێنرێ و فـــڕێ بدرێ، لـەبـەرئەوەی شـــایســـتـــەی هیچ بایەخپێدانێک نییە، هـەر وایش کرا".

وەک هـاوهـەڵوێسـتـییـەک لەگەڵ ئەو جـموجـۆڵەی بۆ جێبەجێکردنی سـزای ئابووری دژ بە ئینگلتـەرا دەسـتی پێ کـردبوو، بـازرگـانـانی چارلسـتـۆن، کارۆلینای باشوور، کۆمەڵەیەکیان بۆ قەدەغەکردنی بەکاربردنی چای هیندی لە یـەکی تـشـرینی دووەمـی ١٧٧٤ەوە دامـەزراند، جـا ئاخـۆ رسـومـاتی هـاوردەکردنـەکەی درابێ یاخۆ نا. هەر بەهاندانی بازرگـانەکان قـوتابیـانی قـوتابخـانەکان هـەڵمـەتێکی کۆکردنەوەی چایان لـە مـاڵەکان ئەنجام دا و لە ٥ی تشـــرینی دووەم، کـــە ڕۆژی پیـــلانی بارووتەکـــە بوو، لە ئاهـەنگی یادی سـاڵوەگـەڕی هـەوڵی تەقـاندنەوەی تەلاری ئەنجوومـەنی پەرلەمـان لە لەندەن، چاکەسیان سووتاند. لە ٢ی ئاداری ١٧٧٥ لە بروڤیدانس، دوورگەی رود، لە دووەم ڕۆژی جێبەجـێکردنی قـەدەغـەکـردنی یەکجارەکیی بەکـاربردنی چا،

ئاگر لە ٣٠٠ ڕەتڵ (ی ئینگلیزی) چا کە لە ماڵەکان کۆ کرابووەوە، بەردرا.

لە شوباتی ١٧٧٥ لە هەرێمی کەنداوی مەساچوستیس، کۆڵۆنیل لیزلی کە ئەفسەرێکی بەریتانیایی بوو، بە دەریادا لە بۆستنەوە چوو بۆ ماربلهید بۆ گێڕانەوەی ژمارەیەک تۆپ کە کۆڵۆنیستەکان بەمەبەستی چاککردنەوەیان بردبوونیان بۆ "سالم":

"کەتیبەکە بەرەبەیانی ڕۆژی یەکشەم بەسەلامەتی لەسەر وشکانی دابەزی، بەڵام لەگەڵ گەیشتنی هەواڵەکە بە نێزیکترین نوێژگە، نوێژکەران هاتنە دەرەوە و لە نێزیک ڕێڕەوێکی ئاو کە ڕێگەی لە کەتیبەکە دەبڕییەوە خۆیانیان دامەزراند و ڕێگەیان نەدا پردە بزۆزەکە دابەزێنرێ، کاتێ لیزلی هەوڵی دا دەست بەسەر چەند کەشتییەکدا بگرێ، خاوەنەکانیان هەستان بە نوقمکردنیان. سەربازەکان بە ڕمەکانیانەوە هێرشیان کردە سەر خەڵکەکە و هەندێکیان بریندار کرد...".

یەکێک لە گرووپەکانی سەر بەتایفەی ئاینیی دوکهۆبەر، بەسووتاندنی ماڵەکانیان وەک نارەزایی بەرامبەر یاساکانی حکوومەت یان سەرکوتکردنی چالاکییەکانی بەرگری، بەناوبانگن.

لە ساڵی ١٩١٨ و ١٩١٩ چەند ئافرەتێکی سەر بەحزبی ئافرەت (کە داوای مافی دەنگدانی ئافرەتانی دەکرد) گوتارەکانی سەرۆک ویلسۆن لە واشنتۆنیان سووتاند بەپاساوی ئەوەی، ئەو بەرگری لە ئازادی و دیموکراسی دەکا بەڵام هەموو کۆششی خۆی لە پێناو بەخشینی مافی دەنگدان بە ئافرەتان ناخاتە کار.

حاڵەتی تری کاری ڕەمزیش هەن، لەوانە سووتاندنی جلوبەرگی هاوردە لە کاتی خەباتی ناتوندوتیژانە لە هیندستان "وەک گوزارشت لە ڕەتکردنەوەی پشتبەستن بە دەوڵەتانی بیانی و سووربوون لەسەر بنیاتنانی نیشتمانێکی ئازاد و خۆبەس".

هەروەها لەوانە تێکشکاندنی پەیکەری ستالین لە بۆداپێست لە کاتی شۆڕشی هەنگاریدا.

ئەم ڕێگەیە لەوانەیە لە هەندێ حاڵەتدا لەبەینبردنی هەندێ بەڵگەنامەش لەخۆ بگرێ کە حکوومەت یان ڕێکخراوێک پێشکێشیان دەکا و داوا لە کەسەکان دەکرێ بیانپارێزن یان بۆ ماوەیەکی زۆر هەڵیان بگرن، وەک مۆڵەتنامەکان و ئەنکێتی ئەندامیەتیی حزبی و پاسپۆرت و ناسنامە و تۆماری بەسەربازکردنی زۆرەملێ (التجنيد الاجباري). ئەم شتانە لە واقیعدا بەموڵکی ئەو کەسانە دادەنرێ کە بەدەستیان دێنێ، بەڵام لە رووی یاساییەوە هی حکوومەت یان حزب یان هەر دەستەیەکی ترن.

ساڵی ١٩٦٠ پاش دەستپێکردنی هەڵمەتی کۆنگرەی گشتیی ئەفریقیایی دژ بەیاسای مۆڵەتنامەی هاتوچۆ لە باشووری ئەفریقیا، داوای لە کۆنگرەی نیشتمانیی ئەفریقیایی ڕکابەری کرد مۆڵەتنامەکان بسووتێنێ. ئەلبێرت لوتۆلی باسی ڕووداوەکە دەکا و دەڵێ "چیی تر حەز ناکەین کۆت و زنجیرەکانمان لە ماڵدا بهێڵینەوە، بگرە بڕیارمان دا خۆمانی لێ ڕزگار بکەین. من کارتەکەی خۆمم سووتاند، هەروەها کەسانی تریش بەهەمان شێوە کارتەکانیان سووتاند، ئاگرەکە تا دێ کڵپە دەسێنێ".

لە ١٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٥ لە کاتی گردبوونەوەیەکی گەورەی ئەوانەی دژ بەجەنگ بوون لە دەرەوەی سەنتەری سەربازیی بەسەربازکردن لە شاری نیویۆرک، لاوێک لە بەرچاوی ژمارەیەک لە هێزەکانی ئاسایشی فیدراڵی سەربازنامە (دەفتەر خدمە)کەی خۆی سووتاند. ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز بڵاوی کردەوە لە کاتی ئەو کۆبوونەوانەی لە ١٦ی ئابی ١٩٦٧ لە سەرتاسەری وڵاتدا بۆ ڕەتکردنەوەی جەنگ لە ڤێتنام بەڕێوە چوون، لە فیلادلفیا پێنج لاو سەربازنامەکەی خۆیانیان سووتاند، هەروەها ٦٧ لاوی تر لە کەنیسەی ئارلنگتۆن ستریت لە بۆستن سەربازنامەکانیان سووتاند، لە

لۆس ئەنجلسیش لانی کەم ٨ لاو سەربازنامەکانی خۆیانیان سووتاند. هەروەها راپۆرتەکان باسیان لەوە کرد لەم شارەی دوایی ژمارەیەک شەروانی دێرینیش بڕوانامەی کۆتاهاتنی خزمەتی سەربازیی خۆیانیان سووتاندووە.

ژمارەیەکی زۆر سەربازنامە لە سەرانسەری وڵاتەوە بۆ نووسینگەکانی سەربازگرتن یان بۆ بریکارە رەسمییەکان لە وڵاتە یەکگرتووەکان گەڕێنراونەتەوە.

٧- رووناکیی رەمزی

زۆرجار مەشخەڵ و چرا و مۆم لە کەژاوە و رێپێوانەکانی نارەزاییدا بەرز دەکرێنەوە. هەندێ جاری تریش لە وێنەی تری چالاکیی نارەزاییدا بەکار دێن.

لە ٢٦ی حوزەیرانی ١٩٥٣ لە باشووری ئەفریقیا لە ساڵوەگەڕی هەڵمەتی گژبەرییەی ساڵی ١٩٥٢دا، سەرکردەی کۆنگرەی نیشتمانیی ئەفریقیایی ئەلبێرت لوتۆلی داوای لە ئەفریقیایی و هاوپەیمانەکانیان کرد ئاگر بکەنەوە یان مۆم و چرا لە بەردەم ماڵەکانیاندا دابگیرسێن "وەک هێمایەک بۆ ئەو رووناکیی ئازادییەی کە مکورین بە زیندوویی لە دڵەکانماندا بیپارێزین، هەروەها وەک ئاماژەیەک بۆ دۆستانی ئازادی کە پێیان بڵێین ئێمە بەدرێژاییی ئەمشەو بێدار دەبین".

جان پالاش پاش سێ رۆژ لە خۆسووتاندنی وەک نارەزایی لە دژی داگیرکردنەکەی سۆڤیات، لە ١٩ی کانوونی دووەمی ١٩٦٩ کۆچی دوایی کرد. بەو بۆنەیەوە ژمارەیەک لە لاوان لەژێر رۆشناییی مۆمدا رێپێوانێکیان بۆ شوێنی رووداوەکە لە گۆڕەپانی ونسیلاس لە پراگ ئەنجام دا. بەبێدەنگی ئاڵای رەش و ئاڵای سوور و سپی و شینی چیکۆسلۆڤاکییان بەرز کردبووەوە و بەرەو ئەو نافوورەیە دەچوون کە دەکەوتە گۆڕەپانەکە و پالاش

خۆی تێدا سووتاند و دەکەوتە بەردەم تەلاری مۆزەخانەی نیشتمانی کە هێشتا شوێنەواری گوللەکانی سۆڤیاتی پێوە مابوو.

ئەلڤین شوسترە لە راپۆرتەکەیدا بۆ نیویۆرک تایمز دەنووسێ: "سەدان کەس بە خەمناکی دەوری نافوورەکەیان دا، هەندێکیان مۆم و تاجە گوڵینەیان لە تەنیشتی دادەنا، هەندێکیشیان لە دووریی ٥٠ یاردە لە دەوری پەیکەری ونسیلاس کۆ بوونەوە، کە بە یادگارییەکی نارەسمی دانراوە بۆ ئەو کەسانەی لە داگیرکردنەکەی ئابدا گیانیان لەدەست دا. پەیکەرەکە خۆیشی بە مۆم رووناک بووبووەوە".

٨- نواندنی وێنەی هەندێ کەسایەتی

ناتوندوتیژان بە بەرزکردنەوە و نواندنی ئاشکرای وێنەی قارەمانانی خەباتی رزگاریخوازی یان کەسانێک کە ئامانجەکانی جموجۆڵەکە بەرجەستە دەکەن، لابەندیی سیاسیی خۆیان لە بەردەم دژبەرەکان و رای گشتیدا ئاشکرا دەکەن. لە کاتی خەباتی هیندی لە ساڵانی ١٩٣٠ و ١٩٣١ وێنەی سەرکردە نیشتمانییەکانی وەک گاندی و نەهرۆ و هی تر بەزۆری دەفرۆشران و لە ماڵ و دوکانە بازرگانییەکاندا هەڵدەواسران. لە چیکۆسلۆڤاکیایش بەهەمان شێوە لە مانگی ئابی ١٩٦٨ وێنەی سەرۆک سڤۆبۆدا و دوبچیکی سکرتێری یەکەمی حزبی شیوعیی چیکۆسلۆڤاکی لەسەر باڵەخانەکاندا هەڵواسران.

٩- وێنەی نارەزایی

لە کاتی راپەرینەکەی ئەڵمانیای رۆهەڵاتدا لە ١٧ی حوزەیرانی ١٩٥٣، کرێکارە نۆبەتچییەکانی شەو لە بەندەری دروستکردن و چاککردنەوەی کەشتی لە سترالسۆند بە بۆیەیەکی رەشی تاریک ناوی کەشتییە نوێیەکەیان داپۆشی، بەو هۆیەوە ئەو ئاهەنگەی بریار بوو رۆژی دوای ئەوە بۆ

دابەزاندنی کەشتییەکە بۆ ناو ئاو تا بچێتە ریزی کەشتیگەلی ماسیگرتنی رەنکە، ساز بکرێ، دوا خرا.

ساڵی ١٩٦٢ لە شاری ئایزنباخ، لە ئەڵمانیای رۆهەلات، کەسێک گەمەی بە وێنەیەکی زەبەلاحی والتەر ئۆلبەریخ کردبوو و حەبلێکی بە دەوری ملیدا کێشابوو.

١٠- هێما و ناوی جێگرەوە

یەکێک لە شێوەکانی ئەم رێگەیە بریتییە لە دانانی هێما لەو جێیانەی رێگەکان کە هێمایان لێ نییە، یان گۆڕینی ناوە کۆنەکانی شەقامەکان بەناوی نوێی خاوەن دەلالەتی رەمزی. بەتەواوی لابردنی هەموو هێماکان لە شەقام و رێگە گشتییەکان و شارۆکە و وێستگەکانی شەمەندەفەر، یاخۆ گۆڕینی ئەو هێمایانەی هەن بە هی تری چەواشەکەر، تەنیا کارێکی رەمزی نییە، بگرە کارێکی ناهاوکارییانەیە و لێرەشەوە لە دەروازەی "هاوکارینەکردنی سیاسی"دا پۆلبەندی دەکرێ.

بۆ نموونە لە پۆڵۆنیای داگیرکراو لە ساڵی ١٩٤٢ ژمارەیەک لە لاوانی بەرگریکاری سەر بە گرووپی "گورگە بچووکەکان" لە هەڵمەتێکدا چەندان لەو تابلۆیانەیان دزی کە لەسەریان نووسرابوو "تەنیا بۆ ئەڵمانەکانە" و بەسەر باشترین قاوەخانە و سینەما و هۆتێلەکانی وارسۆدا هەڵدەواسران. چەندانی تریشیان لە وێنەی ئەو دروست کرد. بەیانییەک لەپڕ تابلۆکانی "تەنیا بۆ ئەڵمانەکانە" لەسەر ستوون و درەختەکانی شوێنە جیاوازەکانی شار کە ئەڵمانەکان بەزۆری پەتی قەنارەیان بۆ لەداردانی نیشتمانپەروەرە پۆڵۆنیاییەکان تێدا هەڵدەواسی، دەرکەوتنەوە.

بەپێی فەرمانێک کە لقێکی حکوومەتە نهێنییەکە دەری کردبوو، پۆڵۆنییەکان ناوەکانی زۆربەی شەقامەکانی ولاتیان گۆڕی. "لە ماوەیەکی زۆر کورتدا دیوار و گۆشەی شەقام و ستوونی لەمپاکان بە ناوی نوێ

رازێنرانەوە، کە ناوی قارەمانان یان ئەو پیاوانەی دەوڵەت بوون کە جێی سەرسامیی خەڵک بوون، وەک جادەی نیدزیالکوسکی، ڕێگەی راتاج، شەقامی رۆزڤلت، بولڤار چەرچڵ". هەموو نیشتمانپەروەران ئەو ناوە نوێیانەیان بەکار دەهێنا، ئەو ناوەی کەسێک بەکاری دەهێنا هەڵوێستی سیاسیی ئەو کەسەی نیشان دەدا، مەگەر بەکرێگیراوی ئەڵمان بوایە.

١١- دەنگی رەمزی

دەکرێ لە هەڵوێستێکی قەیراناویدا بۆ گەیاندنی بیرو بۆچوونەکان پەنا بۆ دەنگە زارەکی یاخۆ میکانیکییەکان ببرێ. زەنگلێدان بەزۆری بۆ ئەو مەبەستە بەکار هاتووە، وەک کە پێشتر باسمان کرد جایمس مادیسۆن و قوتابییانی تر، لەگەڵ سووتاندنی ئەو نامەیەی بەدڵیان نەبوو زەنگی کۆلێجەکەیش ئاوازێکی ماتەمگێرانەی لێدەدا.

حاڵەتێکی تری جیاواز لە کۆتاکانی ساڵی ١٩١٧ رووی دا، کە حاڵەتی یاخیبوون لە ریزەکانی سوپای فەرەنسادا رووی لە زیادی دەکرد. "لە چوارچێوەی ناوچە سەربازییەکەدا ژمارەیەک لە سەربازانی ئەو یەکانەی فەرمانیان پێ کرابوو بەرەو چاڵ و کەندڕەکان پێشڕەوی بکەن، وەک ئەو مەڕانەی بەرەو سەربڕگە پەلکێش دەکرێن دەیانباڕاند و ئەفسەرەکانیش نەیاندەتوانی ئەو بارەباڕەیان بوەستێنن".

هەروەها لەنێوان سەعات ٩ تا ٩ و چارەکی پێش نیوەڕۆی ٢٦ی ئابی ١٩٦٨ لە سەرتاسەری چیکۆسلۆڤاکیادا زەنگی کەنیسە و بووق (صفارە)کان لێدرا. وەک لە راپۆرتی لیدوڤا دیموکراسیدا هاتووە، "ئەوە گوزارشت بوو لە نارەزایی هاوولاتییانی دەوڵەتی خاوەن سەروەریی چیکۆسلۆڤاکیا لەدژی داگیرکردنی زۆرەملێیانە و بەربەری و هێزی وەحشییانەی داگیرکەران. ناڵەناڵی بووقەکان لەگەڵ زرینگانەوەی دەنگی بە شکۆی زەنگی کڵێساکان ئاوێزان دەبوو. د.جۆزێف هەلوش ئوسقوفی

کەنیسەی سیسک بودجۆفیس بەو زەنگلێدانە داوای لە هەموو پیاوانی ئاینیی ئەبرەشیەکەی کرد پاڵپشتیی ئەو دانوستاندنە بکەن کە پیاوانی دەوڵەت لە مۆسکۆ ئەنجامی دەدەن. لە شەقامەکانی پراگیش ئۆتۆمبێلەکان، تەنانەت ئۆتۆمبێلەکانی سەردانیکارە بیانییەکانیش یەکبین هۆڕنیان لێدەدا".

راپۆرتەکان بەم شێوەیە باسیان لە کاردانەوەی رووسیا کرد: "پێدەچێ ئەم خۆپیشاندانە هێزەکانی داگیرکەری ترساندبێ. ئەوە بوو لە یەکێک لە وێستگە سەرەکییەکانی شەمەندەفەردا چەند ئەفسەرێکی رووس هێرشیان کردە سەر ئەندازیارێک و دەمانچەیان لێ راکێشابوو تا ناچاری بکەن ویقەی شەمەندەفەرەکە بوەستێنێ. لەکاتی خۆپیشاندانەکەدا کچێک لە کلارۆڤ بە گوللە بریندار بوو و بۆ نەخۆشخانە گوێزرایەوە، بەڵام هێندەی نەبرد گیانی لەدەست دا".

١٢- چاککاریی رەمزی

لەکاتی بوونی ناکۆکی لەبارەی خاوەندارییەتی یان چۆنیەتیی بەکارهێنانی پارچە زەوییەک، دەتوانرێ هەندێ هەنگاو بنرێ کە ئاماژەیە بەوەی بژارەیەکی تری بنیاتنەرانە هەیە بۆ وەبەرهێنانی زەوییەکە. لەوانە تۆوکردن یان چاندنی رووەک و دارودرەخت و چاککردنی زەوییەکی بایەر و پشتگوێخراو یان دەستبەسەرداگیراو، یان دروستکردنی خانوویەک کە بەکارهێنانی پێچەوانەی سیاسەتی هەنووکە و داهاتووی دژبەرەکە بێ.

بۆ نموونە لە تشرینی یەکەمی ١٩٦٢ خۆپیشاندەران داوایان لە ئەندامانی "لێژنەی سەد" لە بەریتانیا کرد لەدژی چەکی ناوکی نارەزایی دەربڕن، بۆ ئەو مەبەستە لە چواردەوری بنکەی چەکی ئاسمانیی شاهانەدا لە هۆنیگتۆن، ئینگلتەرا تۆویان وەشاند، ئەویش وەک ئاماژەیەک بەوەی دەیانەوێ زەوییەکە بۆ ئامانجی مەدەنیی بنیاتنەرانە بەکار بێ.

١٣- هەڵسوكەوتێكی زبر

هەڵسوكەوتی زبر و رەفتاری سووكایەتی ئامێز لە چەندان شێوەدا دەردەكەوێ. رەنگە بەشێوەیەكی دەگمەن لە بواری ململانەی سیاسی یان كێشەی نێودەوڵەتیدا بەكار بێن. ئیدمۆند ستیڤنز لەو بارەوە نموونەیەک لە كێشەی چینی-سۆڤیاتی دێنێتەوە و لە راپۆرتەكەیدا لە كانوونی دووەمی ١٩٦٧ دەڵێ:

"هەموو بەیانییەک فەسیلەیەكی تەواوی سەربازانی چینی بەسەر شەختەدا دەچوون و هەریەكەیان پانتۆڵەكەی دادەكەند و پاشەڵی روو دەكردە رووسیا، ئەوەیش بەلای چینییەكانەوە ئەوپەڕی سووكایەتییە. سەربازەكان لەسەر ئەم جۆرە مەشقە بەردەوام بوون، رۆژێكیان لەو كاتەی چینییەكان خۆیان بۆ ئەركەكەیان ئامادە دەكرد، رووسیاییەكان چەند وێنەیەكی گەورەی ماویان روو بەوان دانا. چینییەكان بە هەڵەداوان پانتۆڵەكانیان لەبەركردەوە و بە پەلەپرووز پاشەكشەیان كرد و جارێكی تر ئەو رەفتارەیان دووبارە نەكردەوە".

## فشارخستنە سەر تاکەکان

چەندان ڕێگە هەیە بۆ فشارخستنە سەر ئەندامانی بەرەی دژبەر، چ لە بەرپرسان بن یان لە سەربازانی ئاسایی. ئەم کارانە دەکرێ دژ بە چەند کەس یان کۆمەڵێ کەس بکرێن، یان مەبەست دروستکردنی پاڵەپەستۆ بێ لەسەر چەند کەسێک کە بەشێکن لە بارستەیەکی فرەوانتر، بۆ نموونە وەک سوپای داگیرکەر. ئەم وێنانەی لێرەدا باس کراون هەموویان نین، هەندێ ڕێگەی تری وەک پاسەوانیکردن و شوورەی مرۆییش دەکرێ بۆ ئەو مەبەستە بەکار بێن، هەروەک دەکرێ بایکۆتی کۆمەڵایەتی و ڕۆژووگرتنیش بەکار بێ، وەک لە بەشەکانی داهاتوودا باسی دەکەین.

١- ڕاوەدوونانی بەرپرسان

هەندێ لە خۆبەخشان، لەپێناو ئەوەی سەرنجی بەرپرسان بۆ "نائەخلاقیبوون"ی ڕەفتارەکەیان لە سەرکوتکردنی بزووتنەوەی بەرگریی ناتوندوتیژانەدا ڕابکێشن و لێبڕان و قارەمانیی بەرگریکاران دووپات بکەنەوە، هەندێ جار بەرپرسان بۆ هەر جێیەک بچن دوایان دەکەون و بەم ڕێگەیە بەردەوامیی لێبڕانی خەڵکیان بیر دەخەنەوە. وەک نموونە لەسەر ئەم حاڵەتە، جوان بوندورانت باس لەوە دەکا لەکاتی هەڵمەتی باردوی لە هندستان لە ساڵی ١٩٢٨ "ژمارەیەک خۆبەخش بووبوونە سێبەری بەرپرسان و بۆ هەر کوێ بچوونایە دوایان دەکەوتن، لەسەر ڕێگەکانی بەردەم ماڵی بەرپرسەکاندا خێوەتیان هەڵدەدا. کاتێ دەستگیر دەکران ژمارەیەک خۆبەخشی تر جێیان دەگرتنەوە و بەم شێوەیە، تا دەسەڵاتداران لەو کردەیە ماندوو و وەڕس دەبوون".

٢- توانجدان له بەرپرسان و سەرزەنشتکردنیان

لەبری ئەو بێدەنگییە زاڵ و رەفتارە جوانەی لەو رێگەیەی سەرەوەدا پێڕەو کران، لەوانەیە خەڵک پەنا بۆ گاڵتەکردن بە بەرپرسان و سووکایەتی پێکردنیان ببەن، جا چ لە کاتێکی دیاریکراودا بێ یان لە ماوەیەکی دیاریکراودا کە لە جێیەکەوە بۆ جێیەکی تر دوایان دەکەون. بۆ نموونە لە هاوینی ١٩٤٢ لە هونانی چین لەکاتی دەسەڵاتی کیومنتانگدا، باجگر و سەربازەکان بەزۆرەملێ دەستیان بەسەر کۆگای دانەوێڵەکەدا گرت لەگەڵ ئەوەی جووتیارەکان بەدەست برسێتییەکی خراپەوە دەیانناڵاند و رازی نەدەبوون لەبری ئەوە پارە یان کەرەستەی کشتوکاڵی قبووڵ بکەن، لە ئەنجامی ئەوەدا "لە زۆر گوند، باجگرەکان پێش ئەوەی زات بکەن و ئەو دانەوێڵەیەی هەبوو دەست بەسەردا بگرن سەربازەکانیان بانگهێشت دەکرد تا پاسەوانییان بکەن. لەوکاتەی فەردە دانەوێڵەکانیان رادەکێشا جووتیارەکان دوایان دەکەوتن و لاسایی ترسانەکەیان دەکردەوە و داخلەدڵانە گاڵتەیان پێ دەکردن و هەندێ جاریش هەڕەشەیان لێ دەکردن، بەبێ ئەوەی کەمترین گوێڕایەڵی و ملکەچکردنیان پێوە دیار بێ".

٣- برایەتی

لەباتیی بایکۆتکردنی کۆمەڵایەتیی سەرباز و پۆلیسەکانی لایەنی دژبەر، دەکرێ لەڕێی ئاڕاستەکردنی هەڵمەتی بانگەشەیەکی چڕی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، یان هەردووکیانەوە کاریان تێ بکرێ و برایەتییان لەگەڵ بکرێ. دەکرێ ئامانجی ئەم رێگەیە بریتی بێ لە:

١) دروستکردنی دۆستایەتییەکی کەسیی لەگەڵ سەربازەکان و قەناعەت پێکردنیان بەوەی چالاکیی بەرگریکردن، واتای بوونی هەستی دوژمنکارانەی کەسیی دژ بەوان و ئازاردانی ئەوان نییە.

٢) قەناعەت پێکردنیان بەوەی ئامانجەکانی ئەو ڕێژیمەی ئەوان خزمەتی دەکەن نادادپەروەرانە و نائەخلاقییانەیە و ئامانجی چالاکانی ناتوندوتیژ دادپەروەرانە و ڕاستە.

٣) هاندانی سەربازان و داردەستەکانی تری سەرکوتکردن، بۆ کەمکردنەوەی وردیی جێبەجێکردنیان بۆ ئەو فەرمانانەی بۆ بەرەنگاریکردنی بەرگریکاران و خەڵک پێیان دەگا، یاخۆ دواجار هاندانیان بۆ یاخیبوون و جێبەجێنەکردنی ئەو فەرمانانە.

٤) هاندانیان بۆ پێدانی زانیاریی پێویست بە گەل و بزووتنەوەی بەرگریکارەکەی لەبارەی پیلانەکانی ڕێژیمە دژبەرەکە.

ئەم برایەتییە هاوشانە لەگەڵ هاوکارینەکردنی ڕێژیم و سەرپێچیکردنی یاساکانی.

وەک نموونە ئاماژە بەوە دەکەین کە لەکاتی شۆڕشی هەنگاری لە ساڵی ١٩٥٦ ڕووی دا.

ئەگەرچی بەرگریی هەنگاری تەنیا پشتی بە ئامرازە ناتوندوتیژانەکان نەدەبەست و توندوتیژیشی بەکار دەهێنا، هەنگارییەکان هەوڵیشیان دەدا برایەتی لەگەڵ سەربازانی سۆڤیات دروست بکەن و کاریان تێ بکەن، ئەویش لەڕێی قسەکردنی ڕووبەڕوو لەگەڵیان و دابەشکردنی بڵاوکراوە بە زمانی ڕووسی بەسەریاندا. پێدەچێ ئەو کۆششە هەندێ سەرکەوتنی بەدەست هێنابێ، ڕۆژنامەنووسێک لە ڕاپۆرتێکیدا ئاماژەی بەوە دابوو کە لەئەنجامی قسەکردنی هەنگارییەکان لەگەڵ سەربازانی ڕووس، "خەریکە سەرەتای دۆستایەتییەک لەنێوان هەردوولادا دەردەکەوێ".

لە چیکۆسلۆڤاکیایش لە قۆناغە بەراییەکانی داگیرکردنی ئەو وڵاتە لە ئابی ١٩٦٨، هەوڵی ڕاستەوخۆی زۆر دران بۆ کارکردنە سەر سەربازانی ڕووس. ڕۆژنامەنووسێکی چیکی لە ڕۆژنامەی "ڕود پراڤۆ" باس لە چیرۆکی

بەشداریکردنی لە دەمەتەقێیەکدا دەکا کە لەنێوان نەقیبێک و فەرماندەیەک و دوو فریاگوزاری ناو سوپای سۆڤیاتی لەلایەک و نەقیبێک و هاووڵاتییەک و چەند فریاگوزارێکی چیکی رووی دابوو و دەڵێ "دەمەتەقێکە گەرم و گوڕ بوو، بۆچوونەکانی خۆمان (واتە چیکییەکان) لەبارەی داگیرکردنەکە خستە روو و بیروڕامان گۆڕییەوە، لە کۆتای دیدارەکەدا گوتمان: "قەت پێتان نالێین خواتان لەگەڵ، قەت هیوای بەختێکی باشتان بۆ ناخوازین و قەت تەوقەتان لەگەڵ ناکەین". ئەم هەڵوێستەمان توندترین بوو. فرمێسک بە چاوانی نەقیبە سۆڤیاتییەکەدا دەهاتە خوار، هەروەها نیشانەی گرژی لە ناوچاوانی فەرماندەکەدا دەبینرا. ئەو سەربازە رووسیاییانەی گوێیان لە گفتوگۆکە گرتبوو سەریان داخستبوو. کاتێ ئەزنەکمان دا هەستین و شوێنەکە بەجێ بێڵین، نەقیبەکە چەند هەنگاوێک یاوەری کردین و گوتی: هەموومان بیر لەو شتانە دەکەینەوە کە ئەمڕۆ گەنگەشەمان کردن. پێم وایە لە هەندێکیاندا هەق بەئێوەیە، ئەمە مەرگەساتێکی ترسناکە. ئەگەر ویستتان دەتوانن ئەم قسانە بڵاو بکەنەوە. پێم گوت: ئەگەر هەڵوێستەکە هەر بە راستی بەم شێوەیە بێ، لەو بڕوایەدام رۆژێ لە رۆژان دەستی تەوقەکردنتان بۆ درێژ دەکەین".

لە ماوەی چوار رۆژدا سەرکردایەتیی سۆڤیاتی ناچار بوو گۆڕانکاری لە یەکەکانی داگیرکردندا بکا.

٤- پاڵەپەستۆی چاودێری

بانگهێشت بۆ ئەنجامدانی چاودێریکردن بەمەبەستی دروستکردنی پاڵەپەستۆ ئاڕاستەی زۆر کەس دەکرێ نەک تەنیا دەستەیەکی کەم. پاڵەپەستۆی چاودێریکردن وەک پاراستنی جمووجوڵەکە وایە، کە بریتییە لە مانەوەی خەڵک لە جێگەیەکی دیاریکراو لەپێناو دەربڕینی بیرو بۆچوونێکی دیاریکراو. بەڵام لەوەدا لە پاراستنەکە جیاوازە کە ئەم بۆ ماوەیەکی درێژ

دووباره دەکرێتەوە و هەندێ جار بەبێ پچڕانیش. هەروەها لەچوارچێوەیەکی سەنگینتردا بەڕێوە دەچێ و زۆر جار مۆرکێکی یاسایی یاخۆ ئاینی وەردەگرێ. هەروەها ئەم جۆرە چالاکییە بەزۆری بێخەوی و مانەوە تا درەنگانی شەویشی تێ دەکەوێ.

ساڵی ١٩١٧ ژمارەیەک لە ئافرەتانی هۆڵەندا بۆ چەندان هەفتە لە دەرەوەی ئەو باڵەخانەیەی دەستووری نوێی وڵاتی تێدا ئامادە دەکرا مانەوە، ئامانجیشیان ئەوە بوو بەندێک لە دەستوورە نوێکەدا دابنرێ کە مافی دەنگدان بداتە ئافرەتان. داڕێژەرانی دەستوورەکە ئەو بەندەیان زیاد نەکرد، بەڵام پێیان وا بوو مافی دەنگدانی ئافرەت بابەتێکە پەرلەمان دەتوانێ بە زۆرینەی دەنگ پەسندی بکا.

لە ساڵانی ١٩٢٤-١٩٢٥ لە ڤیکیۆم لە باشووری هندستان حاڵەتێکی مانەوەی هاوشێوە لەلای ئەو بەربەستانەی بۆ ڕێگرتن لە خۆبەخشەکان (لەناویاندا ئەندامانی چینی ناسراو بە بێزراوان) دانرابوون تا نەتوانن ئەو ڕێگەیە بەکار بێنن کە بە بەردەم پەرستگەیەکی هندۆسیدا تێدەپەڕێ، ئەنجام درا کە ١٤ مانگی خایاند. هەروەها لە ساڵی ١٩٥٥ و ١٩٥٦ ژمارەیەک لە ئافرەتانی باشووری ئەفریقیا کە ملپێچی ڕەشیان پۆشیبوو، بە بێدەنگی و هێمنی لەبەردەم بارەگای حکوومەتدا وەستان بۆ دەربڕینی نارەزاییان بەرامبەر ئەو هەوڵانەی بۆ هەمووارکردنی دەستووری باشووری ئەفریقیا بە ئاراستەی زیاتر "بەسەربازیکردن"ی دەستوورەکە دەدران.

لێژنەی کارکردنی ڕاستەوخۆ دژ بە جەنگی ناوکیش ماوەی نۆ هەفتەی لەسەریەک، بە شەو و ڕۆژەوە (لە مانگی تەمموز تا ئەیلوولی ١٩٥٨) لەبەردەم تەلاری دامەزراوەی ئەڵدەر ماستۆن بۆ لێکۆڵینەوە لەبارەی چەکی ناوکی لە ئینگلتەرا، مایەوە.

هەروەها ژمارەیەک لە بانگەشەکارانی ئاشتی و خەڵکی تر، بۆ دەربڕینی

نارەزاییيان بەرامبەر ئەو توێژینەوە و ئەزموونانەی لە کارگەکەدا ئەنجام دەدران بۆ دروستکردنی چەکی میکرۆبی، لە سەرەتای یەکی تەمموزی ١٩٥٩وە بۆ ماوەی یەک ساڵی رەبەق لەبەردەم کارگەی چەکە میکرۆبییەکان لە فۆرت دتریک، لە فریدریک، ماریلاند مانەوە. لایەنگرانی دامالینی یەکلایەنەی چەکی ناوکیش هەوڵیان دا لەپێناو دانانی سنوورێک بۆ خۆچەکدارکردنی ناوکی، بانگەشە بۆ مانەوە لە گۆرەپانی سوور لە مۆسکۆ لە ١٣ی تەمموزی ساڵی ١٩٦٢ بکەن.

## شانۆ و مۆسیقا

لەوانەیە هەندێ جار نارەزایی و قایلکردنی ناتوندوتیژانە لەرێی نواندنی شانۆیی و مۆسیقاوە بێ. دەشکرێ هەندێ گۆرانکاری لەم رێگایانەی لێرەدا ئاماژەیان بۆ کراوە بکرێ.

١- نوکتە و (سکێچ)ی گاڵتە

گاڵتەی سیاسی لەو کاتەی لە فۆرمی دەربرینێکی کۆمەلایەتی وەک نوکتە، یان سکێچی گاڵتەبازانە یاخۆ شانۆگەریی کۆمیدیی سیاسی دەردەکەوێ، دەکرێ ببێتە یەکێک لە رێگەکانی کاری ناتوندوتیژانە.لەم جۆرە حاڵەتانەدا قسەی خۆش و گاڵتەبازی تەنیا بەرهەڵستکارییەکی سیاسیی زارەکیی سادە نییە (کە بەزۆری لە دەوڵەتە دیکتاتۆرییەکاندا لەرێی ئەو نوکتە سیاسییانەی دەماودەم دەگوێزرێنەوە، گوزارشتی لێ دەکرێ)، بەڵکو دەبێتە چالاکییەکی نارەزاییانەی سیاسیی گشتی.

ئەگەرچی مەحاڵە بەڵگەنامەی مێژووییمان بۆ سەلماندنی ئەوە دەست بکەوێ، بەلام دەگوترێ لە نەمسا دەنگوباس بلاو بووەتەوە کە پێش لە ئیمزاکردنی رێکەوتنامەی ئاشتی و لەوکاتەی هێزەکانی رووسیا هێشتا چەند بەشێک لە ڤیەننا و گوندەکانی دەوروبەریان داگیر کردبوو، ژمارەیەک قوتابی جانتایەک کتێبیان بە قاچی پەیکەرەکەی ستالیندا هەڵواسیوە.

لە کۆتاکانی ساڵی ١٩٥٦ قوتابییانی زانکۆی جینا لە ئەڵمانیای رۆهەلات چەند شانۆگەرییەکیان پێشان دا کە گاڵتەئامێزانە لاسایی کارەکانی ئارەزوومەندانی ئەو شانۆگەرییەی دەکردەوە کە ئامانجی پروپاگەندەکردن

بوو بۆ شیوعییەت لە چوارچێوەی بەرنامەی کات بەسەربردنی ئاهەنگەکانی زستاندا، ئەم شانۆگەرییانە دەنگدانەوە و سەرسامییەکی گەورەیان لێ کەوتەوە. یەکێکیان لەبارەی راوچییەک و سەگەکەیەوەیە. راوچییەکە دەڵێ گوایە دەمامکێکی کردووەتە دەمی سەگەکەی تا لە زەردەواڵە ئازاربەخشەکان بیپارێزێ. کاتێ سەگەکە هەڵدێ راوچییەکە تەقەی لێ دەکا و بانگەشەی ئەوە دەکا گوایە تەقەی لەو زەردەواڵە کردووە کە هێرشیان کردووەتە سەر سەگەکە. راوچییەکە بەرپەچی ئەو رەخنانە دەداتەوە کە ئاراستەی کراون بەوەی لە رابردوودا لە سەگەکەی داوە و بە تۆمەتی "زمانگەلێکی تیژ کە زێدەڕۆیی لە رەخنەگرتن دەکەن"ی لەقەڵەم دان. کەسێکیان وەسفی راوچییەکە دەکا بەوەی "بەرگریکاری راستگۆ"یە لە سەگەکان و نەوەکانی ئایندە کارەکەی بەرز دەنرخێنن.

٢- نمایشی شانۆیی و مۆسیقی

لەسایەی هەندێ هەلومەرجی سیاسیی دیاریکراودا، هەندێ نمایشی شانۆیی و ئۆپرالی و نمایشی مۆسیقایی تر جۆرێکە لە نارەزایی سیاسیی ناتوندوتیژانە. بۆ نموونە لە سەرەتاکانی کانوونی دووەمی ١٩٢٣ لەرێی شانۆوە سەرکۆنەی داگیرکردنی ئەڵمانیا بۆ فرەنسا کرا و "پێشکێشکردنی شانۆگەریی ویلیام لەسەر شانۆی شارەوانیی شاری ئیسن، بوو بە نمایشێک بۆ بەرجەستەکردنی ئیرادەی نیشتمانییانەی بەرگری، ئەوەیش هێزە داگیرکەرەکانی ناچار کرد هەڵبکوتنە سەر شانۆکە و جەماوەری بینەر بڵاوە پێ بکەن".

نموونەیەکی تری لەو شێوەیە لە کانوونی دووەمی ١٩٤٣ لە نەروندهایم لە نەرویجی ژێر داگیرکردنی نازیدا رووی دا. دوای سێ مانگ لە جێبەجێکردنی ژمارەیەک سزای لەسێدارەدان لە شارەکەدا لەلایەن نازییەکانەوە، هاووڵاتییان لە هەوڵێکدا بۆ دەربڕینی نارەزاییان، ئامادە

نەبوون بچنە شانۆکانی شارەکە کە هەندێ شانۆگەریی تەرفیهییان تێدا نمایش دەکرا، وێڕای هەموو هەوڵە رەسمییەکان بۆ پڕکردنیان، هۆڵەکانی شانۆکە بە بەتاڵی مانەوە. کەچی کاتێ لە هەمان رۆژدا مۆسیقار ئینجبۆرگ گریسڤیک دوو ئاهەنگی مۆسیقی لە کەنیسەی فروکیرکا ساز کرد (کە وەرگرتنی مۆڵەتی دەسەڵاتدارانی نازی نەدەویست)، هێندە خەڵک هاتبوون دوو شەقامی سەرەکییان پڕ کردبوو و لە ریزی درێژدا وەستابوون تا سەرەیان بێ و بچنە ژوورەوە. لەناو کەنیسەکەیشدا دوو هەزار و پێنجسەد کەس گوێیان لە ئاوازە خەمناک و سەنگینەکەی ژەنینی پیانۆ گرت. لەو پارچە مۆسیقییانەی پێشکێش کران، ئاوازی Balladeی دانەری نەرویجی گریگ بوو.

نووسەرێکی نەرویجی لەبارەی نمایشەکەوە دەڵێ "بەرنامەکە وەک خۆپیشاندانێکی کولتووریی نەرویجی بوو".

٣- گۆرانی

گۆرانی لە بارودۆخی گونجاودا رێگەیەکە بۆ دەربڕینی نارەزایی ناتوندوتیژانە. وەک گۆرانی وتن لەکاتی وتارێکی ناپەسند، چڕینی سروود و ستایشی نیشتمانی و ئاینی، ئامادەکردنی بەرنامەی مۆسیقی بۆ رکابەریکردنی ئەو بەرنامانەی دژبەرەکە سازیان دەکا و خەڵک بایکۆتیان دەکا، گۆرانی وتن لەکاتی بەشداریکردن لە رێپێوان یان یاخیبوونێکی مەدەنی یاخۆ هەر کارێکی تر لە کارەکانی ئۆپۆزسیۆن، وتنەوەی ئەو گۆرانییانەی گوزارشت لە گاڵتەبازی یاخۆ نارەزایی لە هەردوو بواری کۆمەڵایەتی و سیاسیدا دەکەن.

بۆ نموونە فینلەندییەکان وەک نارەزایی لەدژی دەستپێشخەرییەکی ستەمکارانەی قەیسەر بۆ سەپاندنی یاسایەکی نوێ بۆ بەسەربازکردنی زۆرەملێ لە تەممووزی ١٩٠١، یاخیبوونیان راگەیاند، کە بەلای ئەوانەوە ئەو

یاسـایە پێچـەوانەی دەسـتـوورە (بەپێی ئەم یاسـایە فنلـەندییـەکـان لە ریزی سـوپای رووسـیـادا دەکرانە سـەرباز)، کـاگـال (ئەو گـرووپە نهـێنیـیـەی رابەرایەتیی بزووتنەوەی یاخیبوونەکەی دەکرد) داوای لە فنلەندییەکان کرد هاوکـاریـی دەسـەڵاتداران نەکـەن. دەبوو هـەر کـەسـێک لای خـۆیـەوە هـەر هاوکاریکردنێک رەت بکاتەوە: لاوان نەچنە بەردەم فەرمانگەکانی تایبەت بە بەسـەربازکـردنیـان، پزیشکان پشکنین بۆ سـەربازەکـان نەکـەن، یەکـە ئیدارییەکان ئەندامانی ئەو دەستانە هەڵنەبژێرن کە خشتەکان دادەنێن، پیاوانی ئاینی لە دوانگەکانیانەوە باس لە خزمەتی سەربازی نەکەن.

کاتێ زۆربەی کاهینەکان بانگەوازەکەی گرووپی کاگالیان پشتگوێ خست و لەباتیی ئەوە فـەرمـانی سـەرۆکی ئوسـقـوفـەکـانیـان جـێبـەجێ کـرد بە راگـەیاندنی بەسـەربازکردنی زۆرەملێ: "کـاتێ کـاهینەکـە لە دوانگەکـەیەوە باسی ئەم بابەتەی دەکرد رۆڵەکانی ئەبرەشییە جیاوازەکان بە دەنگی بەرز سروود (تراتیل)یان دەخوێندەوە".

لە دانیمـارک، لەکاتی داگیرکردنی نازیدا، دانیمـارکییـەکان بایکۆتی ئەو ئاهەنگە مۆسیقاییانەیان دەکرد کە مۆسیقای سەربازیی ئەڵمانییان تێدا دەژەنرا و خـۆیان بەجیا ئاهەنگی گـۆرانیی بەکـۆمـەڵیـان سـاز دەکرد، کـە گۆرانیی فۆلکلۆریی دانیمارکییان تێدا پێشکێش دەکرا.

ئەفـسـەرێکی جـوولەکـە لە سـوپای سـوور لەنێـو دیلەکـاندا بـوو لە گرتووخانەیەکی نازییەکان لە سوبیبۆر لە پۆڵۆنیای رۆژهەڵات، دوو رووداو دەگێڕێتەوە کـە تێیاندا زیندانییـەکان بە گۆرانی وتن گژبەریی خـۆیانیـان دەربڕیوە. ئەو ئەفسەرە کە ناوی ئەلیکسەندەر پشرسکییە ئاماژە بەوە دەدا لە ٢٤ی ئەیلوولی ١٩٣١ لە بەرەبەیانی رۆژی پاش گـەیشـتنی جـوولـەکـە رووسـیاییـیـەکان بە سـەربازگەکە، فرانزی فـەرماندەی نازی فـەرمـانی پێ کردوون سرووردی رووسی بڵێن:

"پێم گوت: نازانین بۆمان هەیە چ جۆرە گۆرانییەک بڵێین. زیندانییەک کە پلەی پۆلیسی هەبوو هەستا و قسەکەمی بۆ وەرگێڕا. فرانز وەڵامی دایەوە: ئەو گۆرانییانە بڵێن کە دەیانزانن. تسیبولسکی کە جوولەکەیەکی بەژن درێژی روومەت خڕی خەڵکی دونباز بوو، ئاوڕی لە من دایەوە و گوتی: ساشا چ گۆرانییەک بڵێم؟ منیش پێم گوت:

- گۆرانی "ئەگەر سبەی جەنگ بێ " بڵێ.

- چیت لێ قەوماوە؟ دەمانکوژن

- بەڕای من بیڵێ، ئێمە جگە لەوە گۆرانی تر نازانین.

تسیبولسکی دەستی بە گۆرانی کرد:

ئەگەر سبەی جەنگ بێ

سبەی دەڕۆین

ئەگەر لە هێزەکانی شەڕ بدەیت..

جا زیندانییەکانی تریش بۆیان سەندەوە و تێکڕا درێژەیان دایە:

گەلی سۆڤیەتی هەموو یەک دەگرێ

وەک ئەوەی تاکە پیاوێک بێ

نیشتمانە ئازاد و رەسەنەکەشی هەڵدەستێ".

"لەکاتی تێپەڕبوونی تابوورەکەمان بەبەردەم بنکەکاندا پاسەوانەکان بەپەلە دەهاتنە دەرەوە بۆ بینینمان. لەم گرتووخانەیەدا کە مەرگ و بێئومێدی خێوەتیان هەڵدابوو، دەنگی زوڵاڵی گۆرانی سۆڤیەتی وەک هەورەترەقەی بەهار نرکەی دەهات. هەستکردن بە جۆش و خرۆش و شادومانی گیانی داگرتین، وەک ئەوەی هەر ئێستە هەواڵی خۆشمان پێ گەیشتبێ، یان بەڵێنی سەرکەوتن و رزگاریمان پێدرابێ".

لە ئەنجامی دەستگیرکردنی ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردەکانی بەرگری لە

باشووری ئەفریقیا لە سەرەتاکانی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٥٦، لە یەکەم ڕۆژی ئەنجامدانی پرسوجۆی بەرایی لەگەڵیان، خەڵکێکی زۆر لەبەردەم هۆڵی دریل هۆڵ لە جۆهانسبێرگ کۆ بوونەوە. ئەلبێرت لوتۆلی بەم شێوەیە باسی ماجەراکە دەکا: "پێش لە دەستپێکردنی دانیشتنەکە حەشاماتە گەورەکە دەستیان بە وتنەوەی سروودی نیشتمانیی ئەفریقیایی کرد. وامان دەزانی ئەو دەنگە لە کۆرسێکی فریشتەیییەوە دەردەچێ، دەنگەکە بۆ ئێمە وەک ئەوە وا بوو لە ئاسمانەوە هاتبێ".

لە ئایاری ١٩٦٣ زیاتر لە ٥ هەزار منداڵی زنجی لە سەنتەری بازرگانیی شاری بێرمنگهام لە ئەلاباما کۆ بوونەوە. "هەندێکیان چوون لەناوەوە و دەرەوەی دووکانەکاندا خڕ دەبوونەوە و گۆرانییان دەوت: "ڕێگە بە کەس نادەم بمگۆڕێ" و "من لە ڕێگەدام بەرەو وڵاتی ئازادی"

لە پراگ پاش پەلامارەکەی شەو، لە سەعات ٨ی بەیانیی ٢٨ی ئابی ١٩٦٨ کۆمەڵێ هاووڵاتی لە بەشێکی گۆڕەپانی شارە دێرینەکە سروودی نیشتمانییان دەوتەوە، لەلایەکی تریش هەندێکی تریان لەگەڵ نەقیبێکی سوپای سۆڤیاتی وتووێژیان دەکرد و هانیان دەدا بگەڕێتەوە وڵاتەکەی خۆی. دوای ٣٥ خولەک کاروانێکی ئۆتۆمبێلەکانی چیکۆسلۆڤاکیا لە گۆڕەپانی ونسیلاسەوە بەرەو گۆڕەپانی شارە دێرینەکە پەڕییەوە، کە هاووڵاتییانی چیکۆسلۆڤاکییان هەڵگرتبوو و سروودی نیشتمانیی چیکۆسلۆڤاکییان دەوتەوە: "لەبان تاتراس هەورەترەقە و هەورە برووسکەیەکی ترسناکە"

هەروەها لە خەباتی بووزییەکان لە باشووری ڤێتنام، بەتایبەت لە ساڵی ١٩٦٣، گۆرانیی سیاسیی گاڵتە و شیعری فۆلکلۆری و گوتەی بەناوبانگیش بۆ هۆشیارکردنەوە و دەربڕینی نارەزایی بەکار دەهاتن. لەو بارەوە "تیش نات هانە" دەڵێ:

"گۆرانییە سیاسییە گاڵتەکان لەبەرکردنیان ئاسانە و خێرا بڵاو دەبنەوە و

لەکاتی خەبات لەدژی نقودین دیبم کە لە ساڵی ١٩٦٣ لە پۆستی سەرۆکی حکوومەت لادرا، بە بەرفراوانی بەکار دەهات. سەدان لەو جۆرە گۆرانییانە هەبوون، بەناوبانگترینیان گۆرانییەک بوو باسی لەگەندەڵی لەو رێژیمەدا دەکرد".

بەلام گوتنەوەی گۆرانیی تەنز و نارەزایی داهێنانێکی نوێ نییە، هەروەک بەدڵنیاییەوە داهێنانێکی ڤێتنامیش نییە. ئەم جۆرە دەربرینە لانی کەم بۆ سەرەتاکانی سەدەی چواردەیەم دەگەرێتەوە کە لە فرەنسا سەری هەڵدا و دوور نییە زۆر لەوە کۆنتریش بێ. ئەلیخاندرۆ پلانشارت کە مەرجەعێکە لە مۆسیقای سەدەکانی ناوەراستدا لەبارەی ئەو قۆناغەوە دەڵێ: "ئەو قۆناغە لە شلۆقترین قۆناغەکانە لە مێژووی فرەنسادا". لەم قۆناغەدا گەندەڵی لەنێو خانەدان و پیاوانی ئاینیدا تەشەنەی کردبوو، جەنگی سەدساڵە هەڵگیرسا و پاپا بۆ ئەڤنیون دوور خرایەوە و کەنیسە تووشی لێکترازان بوو.

"لەو کاتەی کۆشکەکان لە ناز و نیعمەتدا بوون برسێتی برستی لە گوندەکان بریبوو و دزی و تالانی پەرەیان سەندبوو. هەربۆیە دەبینین لەپاڵ گۆرانییەکانی خۆشەویستی کە شاعیرەکانی کۆشک دایاندەنان، چامەی سیاسیی توورەیش هەبوون کە هێرشی توندیان دەکردە سەر شێوە باوەکانی گەندەڵی"

مۆسیقای نارەزایی سیاسی لە ژمارەیەک دەستنووسدا پارێزرا، لە بەناوبانگترینیان پارچە مۆسیقای Le Roman de Fauvel بوو کە دەقی گۆرانییەکە لە چامەیەکی تەنزئامێزی "جرڤیس دو بۆس" وەرگیرابوو کە مێژووەکەی بۆ ماوەی نێوان ساڵی ١٣١٠ و ١٣١٤ دەگەرێتەوە. Fauvel ئاژەڵێکی رەمزییە، گوێدرێژێکە، ناوەکەی لە پیتە یەکەمەکانی وشەکانی: مامەحەمەیی flateterie، چرووکی avarice بێنرخی vialanie، هەمەجۆری vaerite، ئیرەیی envie، ترسنۆکی lachete پێک دێ (بە زمانی فرەنسایی).

پاشتر چامە بنەڕەتییەکە لە هەندێ دەقی ترەوە بۆی زیاد کرا و ژمارەیەک پارچە مۆسیقایان بۆ دانرا کە چەند گۆڕانکارییەکیان تێدا کرا. یەکێک لەو شێوانەی لە پێشکێشکردنی مۆسیقادا پێڕەو دەکرا گوتنی دوو دەقی جیاواز بوو لەهەمان کات و بە دوو ئاوازی جیاواز. وەک نموونە لەسەر ئەوە ئاماژە بە هاوکاتبوونی گۆرانیی دوو گۆرانیبێژ دەکەین. گۆرانیی یەکەمیان لەبارەی سەرکۆنەکردنی گەندەڵی بوو لە ژیانی پیاوانی ئاینیدا، گۆرانیی دووەمیش لەبارەی هەندێ کاروباری دنیاییەوە بوو. ئاوازی Ruina لە هەردوو گۆرانییەکەدا ئامادەیە. ئەم دەقەی خوارەوە بەشێکە لە دەقی گۆرانیی دووەم:

"ئەمڕۆ فێڵ و تالآنی باڵیان بەسەر تەختەکانی دنیادا کێشاوە. سەربازانی هیرەقل پاشەکشەیان کردووە. یاسای کەنیسە بەرەو نەمان دەچێ. چەک لە هەموو جێیەک وا جێگەی تەراتیلە ئاینییەکان دەگرێتەوە. لە ماڵەوە چاوچنۆکی و فێڵبازی باوە، لەسەر حسێبی لاوازەکان سامان کەڵەکە دەبێ. بەردی بناغەکە بنکەی نییە. هەموو ئەوە لەپێناو چیدا؟ وێرانبوون نێزیک بووەتەوە"!

## کەژاوەکان

کەژاوەکان بە یەکێک لە بەربڵاوترین ڕێگەکانی دەربڕینی ناڕەزایی و قایلکردنی ناتوندوتیژانە دادەنرێ، کە واتای بەشداریکردن لە ڕێپێوان دەگەیەنێ. پێنج شێوە هەیە بۆ ئەنجامدانی ئەم چالاکییە، وا لە خوارەوە باسیان دەکەین.

١- ڕێپێوانەکان

ڕێپێوان شێوازێکە لە شێوازەکانی قایلکردن و ناڕەزایی ناتوندوتیژانە، تێیدا کۆمەڵە خەڵکێک بەشێوەیەکی ڕێکوپێک بەرەو شوێنێکی دیاریکراو کە گریمانە دەکرێ پێوەندی بە کێشەیەکی دیاریکراوەوە هەبێ، دەکەونە ڕێ. ماوەی ڕێپێوان لەنێوان سەعاتێک تا دوو سەعات، تا چەند هەفتەیەک یان لەوە زیاتریش دەبێ. لەوانەیە بەشدارانی ڕێپێوانەکە بەیداخ و دروشم بەرز بکەنەوە و بڵاوکراوە بەسەر خەڵکدا دابەش بکەن.

لە ئایاری ١٧٦٥ پەنجا هەزار کرێکاری چنینی ئینگلیز لە سپیتلفیلدز کۆ بوونەوە و لە سێ ڕێگەی جیاوە ڕوویان کردە ویست مینستەر لە لەندەن، بە مەبەستی داواکردنی یارمەتی بۆ بەرەنگاریکردنی ڕکابەریی ئاوریشمی فرەنسایی.

لەکاتی هەڵگیرسانی شۆڕشی ڕووسیدا لە ساڵی ١٩٠٥ ڕێپێوانەکان چەندپات دەبوونەوە. لەکاتی مانگرتنە گەورەکەی تشرینی یەکەمی ١٩٠٥ کرێکارە مانگرتووەکانی هێڵی ئاسن لە تاشقەند چوون بۆ ماڵی حاکمی گشتی، سەربازەکان بەبێ خوێنڕشتن ڕێگەیان لێ گرتن.

له ئەنجامی دەرچوونی "بەیاننامەی تشرینی یەکەم" (کە تێیدا قەیسەر ڕەزامەندیی خۆی ڕاگەیاند لەسەر بەخشینی مافە مەدەنییەکان، بەخشینی مافی دەنگدان بە هەندێ گرووپ کە لێی بێبەش بوون و هەروەها قایلبوون بەوەی ئەنجوومەنی دۆما بە یاساکان ڕازی بێ و چاودێریی بەرپرسان بکا)، خەڵک لە چەندان شاری ناوچە جیاجیاکانی ئیمپراتۆریەتی رووسی کۆ بوونەوە و ڕوویان کردە ماڵی حاکمی شار یان بارەگای ناوخۆی دۆما بەمەبەستی ئاهەنگگێڕان و بەرزکردنەوەی داواکاریی نوێ، نەخاسمە ئەوەی پێوەندی بە ئازادکردنی زیندانییە سیاسییەکانەوە هەبوو.

له سیئۆلیش لە ساڵی ١٩١٩ سێ هەزار کەس چەند جارێک ڕێپێوانیان بۆ بەردەم کونسوڵخانە بیانییەکانی شارەکە ئەنجام دا، بەمەبەستی ئاشناکردنی جیهان بەوەی کۆرییەکان نەیاری حوکی ژاپۆنی بوون.

هەر لەوانە، دەتوانین ئاماژە بە ڕێپێوانی "خوێ" بکەین کە گاندی لە ساڵی ١٩٣٠ پێشەوایەتیی کرد بەرەو لێوار لە داندی بەمەبەستی دووپاتکردنەوەی یاخیبوونی مەدەنی لەڕێی بەرهەمهێنانی خوێوە.

هەروەها ڕێپێوانە شەش هەزار میلییەکە (لە یەکی کانوونی یەکەمی ١٩٦٠ تا ٨ تشرینی یەکەمی ١٩٦١) لە سان فرانسیسکۆوە بۆ مۆسکۆ کە بانگەشەکارانی ئاشتی پێی هەستان بۆ هاندانی چەکداماڵینی یەکلایەنە.

لە بولگاریا لە ٢٢ی شوباتی ١٩٤٣ ئیمزاکردنی ڕێکەوتنامەیەک ئاشکرا کرا بۆ "ڕاگواستنی یەکەم کاروانی ٢٠ هەزار جوولەکە بۆ هەرێمەکان لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات" و ڕێکەوتنامەکە دوو بەرپرس ئیمزایان کرد یەکێکیان بولگاری و ئەوی تریان ئەڵمانی بوو. بەڵام کۆمەڵە شۆڕشگێڕەکانی سۆفیا داوایان لە ڕۆڵەکانی گەلی بولگاری کرد لەبەردەم ماڵ و لە گەڕەکەکانی جوولەکەکاندا کۆ ببنەوە، بۆ دەربڕینی ناڕەزاییان بەرامبەر پرۆسەی ڕاگواستنی جوولەکەکان. لە ٢٤ی ئایاری ١٩٤٣ جوولەکەکانی سۆفیا

جموجوولێکیان ڕێک خست کە ژمارەیەک لە بولگارییە ناجوولەکەکانیش تێیدا بەشدار بوون.

ماتی یولزاری لەبارەی ئەو چالاکییەوە دەنووسێ و دەڵێ "لەسەر بانگهێشتی حاخام دانیاڵ زیۆن و کۆمەڵێ لە لاوان، ژمارەیەکی زۆر خەڵک لە کڵێسایەکی جوولەکە لە یەکێک لە گەڕەکەکان کۆ بوونەوە. هەمووان لە ڕێپێوانێکی کاریگەردا کەوتنە ڕێ و بڕیار بوو بچنە پاڵ خۆپیشاندانێکی قوتابییانی زانکۆ و پێکەوە بەرەو کۆشکی شاهانە ڕێگە بگرنەبەر بۆ دەربڕینی ناڕەزایی لەو مامەڵە خراپەی لەگەڵ جوولەکە دەکرێ. پاش ئەوەی لەگەڵ پۆلیسدا پێکدادان رووی دا ژمارەیەک لە بەشدارانی ڕێپێوانەکە گیران".

"ئەم جموجووڵە جەماوەرییە ترسی خستە دڵی دەسەڵاتداران و لە جێبەجێکردنی قۆناغی دووەمی پلانی ڕاگواستنەکە بۆ پۆڵۆنیا پاشەکشەی کرد، کە جوولەکەکانی ئەوروپا لەوێ لەناو چوون. بەم شێوەیە لە ترسی سەرهەڵدانی پشێویی ناوخۆیی شا و حکوومەتە فاشییەکە ناچار بوون دەستبەرداری پلانەکەیان بۆ ناردنی جوولەکەکانی بولگاریا بەرەو مردن لە زیندانەکانی مەرگدا ببن".

لە کۆتاکانی ساڵی ١٩٥٦ لە هەرێمی ئۆرینتی کوبا، لە سەردەمی دەسەڵاتی باتیستادا، لەو ماوەیەی لەئەنجامی هەڵگیرسانی ڕاپەڕینەکەی تشرینی دووەمدا کە حکوومەت چەند هەڵمەتێکی تۆڵەکردنەوەی ئەنجام دا، تەرمی ٢٩ لاوی کوبی بە شێوێنراوی دۆزرانەوە. پاش ئەو ماوەیە شاری سانتیاگۆ شانۆی چەندان تاوان و دەستدرێژی بوو. لە ٢ی کانوونی دووەمی ١٩٥٧ سەربازەکان لە سانتیاگۆ ویلیام سولەریان گرت کە مێردمنداڵێکی ١٤ ساڵە بوو، شەوی دوای ئەوە تەرمەکەی لە چۆڵەوانییەکدا دۆزرایەوە کە شوێنەواری ئەشکەنجەدانی دڕندانە بەجەستەیەوە دیار بوو.

ڕۆبەر تایبەر بەم شێوەیە باس لە رووداوەکە دەکا:

"سەعات ١٠ی بەیانی (٤ی کانوونی دووەم) نێزیکەی چل ژنی رەشپۆش لە کڵێسای دولوریسەوە بە کەژاوەیەک لەسەرخۆ رێپێوانێکیان لە شەقامی کال ئەگیلیرا دەست پێکرد و بەدەم رێوە بە ملکەچییەوە نوێژیان دەکرد و دەنکی تەسبیحەکانیان دەجووڵاندا... دایکی ویلیام سولەر لە پێشیانەوە دەڕۆیشت و دایکی ئەو لاوانەیشی لەگەڵ بوو کە بەدەست پۆلیس و سەربازەکان کوژرابوون... ژنەکان ئالایەکی سپی گەورەیان بەرز کردبووەوە کە بە رەنگی رەش لەسەری نووسرابوو: "دەست لە کوشتنی رۆڵەکانمان هەڵگرن".

لەبەردەم پارکی گشتی و لەناوچە بازرگانییەکە ژمارەیەکی تر ژن هاتنە نێو کەژاوەکە. کاتێ کەژاوەکە یەکەم ریزی ماڵەکانی تێپەڕاند ژمارەی بەشدارانی گەیشتبووە ٢٠٠ ژن، ژمارەکە بۆ ٨٠٠ و پاشتر بۆ هەزار ژن بەرز بووەوە. لەو کاتەی کەژاوەکە لە رێپێوانەکەی بەردەوام بوو، ژنان دووکانەکانیان بەجێ دەهێشت و دەچوونە ناوی و شان بەشان بە شەقامە تەسکەکاندا دەڕۆیشتن. لە دووڕیانەکاندا هەندێ لەپیاوانی پۆلیس کۆ دەبوونەوە بەڵام هیچیان پێ نەدەکرا. پیاوان لەبەر دەرگای ماڵەکانیان دەوەستان و چاودێریی کەژاوەکەیان دەکرد و زۆریان لەو کاتەی ئافرەتەکان بەبەردەمیاندا رەت دەبوون و جگە لە ورتەی دەنگی نزاکانیان و ترپەی ماتەمگێڕانەی هەنگاوەکانیان هیچ دەنگێک نەدەبیسترا، لە شەرمەزاریدا دەگریان.

لە یەکێک لە دووڕیانەکاندا لەپڕ ئۆتۆمبێلێکی جیپی سەربازی وەستا، کۆمەڵێ سەربازی لێ دابەزین و لوولەی تفەنگەکانیان کردە کەژاوەکە. ئافرەتەکان وەستان و بەبێدەنگی چاوەڕوانییان کرد. بەڵام ژمارەی بەشداران تا دەهات زیادی دەکرد و لە شەقامەکانی ئەو ناوەدا بڵاو دەبوونەوە و بەو هۆیەوە هاتوچۆ لەو ناوە وەستا.

کاتێ سەربازەکان هەوڵیان دا بە زەبری هێز خۆپیشاندانەکە پەرت بکەن،

ژنەکـان ڕێگەیان بۆ والا کـردن تا بەبێ پێکدادان بەنێـویاندا گـوزەر بکەن، ئەنجـا جـارێکی تر ڕێڕەوەکانیـان دادەخـسـتـەوە. دایکەکـان نەیانـدەویست بەهیچ شـێـوەیەک خـۆ لە بەرگـریکردنی جـەسـتـاییـیـانە بگلێن و توانیـیـان پارێزگـاریی لـە بێـدەنگیـیـەکی بە شکۆ بکەن، تا سـەرەنجـام سـەربازەکـان وازیان لە هەوڵە بێـهوودەکانیان هێنا و بـە شەرمـەزاری پاشـەکشـەیان کرد. لەو کـاتـەدا ژنەکـان، دیسـان بە بێـدەنگی، وردە وردە بڵاوەیـان لێ کـرد. هەندێکیـان ڕوویان کـردە ئەنجـوومـەنی شـارەوانیـی شـارەکە و نووسـینگەی ژمـارەیەک لە ڕۆژنامـەکـان و ژمـارەیەک بەیاننامـەیان پێ دان کـە داوایان دەکرد سنوورێک بۆ تۆقاندن دابنرێ و کار بە جێبەجێکردنی یاسای مەدەنی بکرێتەوە. ئەنجا بەهێمنی گەڕانەوە بۆ ماڵەکانیان.

ڕێپێوانە نارەزاییـیـەکەی دایکان لە سانتیاگۆ گرینگییەکی تایبەتی هەبوو، چونکە یەکـەم جـمـوجـووڵی مـیللی بوو کـە بوو بە سـەرەتای چالاکی بەرگـریی مـەدەنـیی ڕێکخـراو لە مـەودایەکی فـراوان و بەکـارتر لە کوبا، ئـەویش لەژێر چاودێریی بزووتنەوەی فیدلیستا.

٢- نواندنی خۆپیشاندان ئامێز

نواندنی خـۆپیشـاندان ئامێز وەک ئامـرازێک بۆ نارەزایی و قـایلکردن، بەو واتایە دێ کـۆمـەڵە خـەڵکێک بە شـێـوەیەکی ڕێکوپێک ڕێپـێـوان دەکـەن لەپێناو ڕاکـێـشـانی سـەرنج بەلای سـکالایەکیـان یـان بیـرو بۆچوونێکی دیارکراودا. جیـاوازیی نواندنی خـۆپیـشـاندان ئـامـێز لەگـەڵ ڕێپـێـوان لەوەدایە ئەگـەرچی کـۆتـاخـاڵێکی دیاریکراوی هـەیە بـەڵام ئـەم خـاڵە گـرینگـیـیـەکی جـەوهەری بۆ خـۆپیـشـاندانـەکـە نـیـیـە. هەروەها لەوانـەیە لە نـواندنەکـەدا بەیداخ بەرز بکرێتـەوە، بڵاوکـراوە و پۆسـتـەرات دابەش بکرێ، یان لـەگەڵیـدا مـۆسـیـقـا بژەنرێ و چالاکیی جۆراوجـۆری تر ئەنجام بدرێ. لەوانەیە هیچ لەمـانەیشـی لەتەکدا نەبێ.

لە شوباتی ١٩١٣ شاری واشنتۆن یەکەم نواندنی خۆپیشاندان ئامێزی ئافرەتانەی لەپێناو داواکردنی مافی دەنگدان بۆ ئافرەتان بەخۆوە بینی، کە لەسەر بانگهێشتی کۆمەڵەی نیشتمانیی ئەمەریکایی بۆ مافی ئافرەت لە دەنگدان بەڕێوە چوو و لەنێوان هەشت هەزار تا دە هەزار کەس بەشدارییان تێدا کرد، کە ژمارەیەک لە ئەندامانی کۆنگرێس و هاوسەرەکانیشیان لەنێودا بوو.

نواندنە خۆپیشاندان ئامێزەکان لەکاتی بڵاوەپێکردنیاندا لەلایەن کەسانی نەیارەوە دووچاری هێرش و دەستدرێژیکردن دەبوونەوە، ئەوەیش هەرایەکی سیاسی و ئیعلامی لێ دەکەوتەوە.

لەکاتی خەباتی ناتوندوتیژانە لە هندستان، نواندنی خۆپیشاندان ئامێز بەزۆری بەکار دەهات، لەوانە نواندنەکانی موسڵمانان لە بۆمبای لە ٣ی حوزەیرانی ١٩٣٠ بۆ دەربڕینی پاڵپشتییان بۆ بزووتنەوەی بەرگریی مەدەنی.

لە ڕۆئاوایش ئاماژە بەو نواندنە خۆپیشاندان ئامێزە دەکەین کە شاری لەندەن لە تشرینی دووەمی ١٩٥٦ بەخۆیەوە بینی و چوار سەعاتی خایاند، ئەویش بۆ ناڕەزایی دەربڕین لەدژی هێرشکردنە سەر میسر.

شەش هەزار کەس لە لایەنگرانی حزبی گەلی یەکگرتوو لە ٢٤ی ئابی ١٩٥٨ خۆپیشاندانێکیان لە شەقامەکانی بلیز ئەنجام دا، بۆ دووپاتکردنەوەی داواکارییەکەیان بە دەستبەجێ ڕاگەیاندنی حوکمی زاتی لە هندۆراسی بەریتانیایی.

لە باشووری ئەفریقیا، لە حوزەیرانی ١٩٥٧ چەند هەزار کەسێک لە مامۆستا و وانەبێژ و قوتابییانی زانکۆی کایپ تاون بەشدارییان لە نواندنێکی خۆپیشاندان ئامێز لە شەقامەکانی کایپ تاوندا کرد، بۆ ناڕەزایی دەربڕین لەدژی جیاکاریی ڕەگەزی لە زانکۆکاندا کە بەو پێیە

فێرکردنی زانکۆیی فرەنەژاد لە وڵاتدا نایاسایی دەبێ.

لەوانەیە نواندنی خۆپیشاندان ئامێز زۆر شێوە وەربگرێ. دەتوانین وەک نموونە ئاماژە بەوە بکەین کە بازرگانانی ماربلهید لە هەرێمی کەنداوی ماساچوسیتس لە ٩ی تشرینی یەکەمی ١٧٦٩ پێی هەستان لەماوەی بایکۆتکردنی چا وەک بەشێک لە هەڵمەتی راگرتنی هاوردەکردن بەهۆی نارەزایی لەدژی رسوومی گومرگی، ئەویش کاتێ چایەکی هاوردەکراو لە بۆستنیان کردە ناو سندووقێکی عارەبانە و پاش گێڕان و نواندنی بەبازاڕدا، گێڕایانەوە بۆ سەرچاوەکەی خۆی.

لەکاتی ئەو هەڵمەتە ژاپۆنییەی کە بەرهەڵستیی هەمواركردنی رێکەوتنامەی ئەمنیی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و ژاپۆنی دەکرد لە ساڵی ١٩٦٠، گرووپێکی قوتابییان کە بە "زنگاکورین" ناسرابوو چەند شێوەیەکی نوێی نواندنی خۆپیشاندان ئامێزی داهێنا، لەوانە: "خۆپیشاندانی هێڵی پێچاوپێچ (کە لە مار دەچێ)، خۆپیشاندانی فرەنسایی (دەست لێک ئاڵاندن)، خۆپیشاندانی روو لە سەنتەر (خۆپیشاندانەکان لە چەندان خاڵەوە دەست پێ دەکەن تا دواجار لە ناوەندا خڕ دەبنەوە..)".

٣- کەژاوە ئاینییەکان

کەژاوەی ئاینی کە بە یەکێک لە چالاکییە ناتوندوتیژانەکان دادەنرێ، تایبەتمەندییەکانی رێپێوان یان نواندنی خۆپیشاندان ئامێزی هەیە، جگە لە هەندێ تایبەتمەندیی ئاینی، لەوانە بەرزکردنەوەی وێنە یاخۆ دروشمی ئاینی و وتنەوەی سروودی ئاینی و بەشداریکردنی بەرچاوی پیاوانی ئاینی و راهیبەکان.

لەم کەژاوانەدا رێژەی هاندانی ئاینی بەگوێرەی سەرچاوەکانی تری هاندان جیاوازی هەیە. لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم، لە هاوینێکدا لە ئەنجامی روودانی لافاوێکی گەورە لە کیانقسۆ، یەکێک لە پیاوماقووڵانی

هەرێمی کـاو-یو دەسـتی کـرد بە هاندانی خـەڵک تا داوای یارمـەتی لە حکوومـەت بکەن، ئەوەیش بۆ گژبەریکردنی حاکمی ناوچەکە، کە بەپێی ئەو یاداشتەی دەری کردووە، دیارە نەیاری ئەو کارە بووە.

"خـەڵک کۆ بوونەوە و قایـل نەبوون دەرگـای دووکانەکانیـان بکەنەوە، پەیکەری خواوەندەکانیان بەرز کردبووەوە و بە شـەقامەکاندا دەسووڕانەوە و بەرپرسانی حکوومەتیان هەراسان دەکرد".

لە ٩ی کانوونی دووەمی ١٩٠٥، باب گابون کۆمەڵێک لە رووسـیاییەکانی خـڕ کردەوە و بەرەو کـۆشکی زسـتانە بردنی، کەژاوەکـە دیمەنێکی ئـاینیی روونی وەرگرتبوو. خەڵکەکە بەپێی پلانێکی ورد هەنگاویان دەنا، بەشێوەیەک کرێکاران و خێزانەکانیان لە چەند خاڵێکی دیاریکراوی شاری پترسبێرگەوە کۆمـەڵ کۆمەڵ کەوتنە رێ و هەمـووان سەعات ٢ی پاش نیوەڕۆ لە گۆڕەپانی کۆشک بەیەک گەیشتن. کۆمەڵە خەڵکەکان "وەک ئەوەی لە کەژاوەی خـاچدا بن دەڕۆیشتن، پیاوانی ئاینی لە پێشەوە، بەدوای ئەواندا ئاینپەروەرەکان بە ویقـارەوە دەڕۆیشـتن، ئایکۆنەکـانیـان هـەڵگرتبـوو و تەراتیلیـان دەوتەوە...". یەکێک لە کۆمـەڵەکان بەسـەرکردایەتیی گابون بوو نێزیکەی نیوەڕۆ و پاش رێوڕەسمەکانی نوێژکردن و خواپەرستی کەوتە رێ:

"لە کـەژاوەیەکی رێکوپێکدا لەدوای سـەرکـردەکـەیانەوە دەچوون، لەڕێی کۆشکی پیتـەر هۆف شـوسـییـەوە، ئایکۆن و بەیداخـە ئاینییـەکان و ئاڵای نیـشـتـمـانیی رووسـیـا و وێنەی قـەیسـەر و خـاتوونی ئیـمـپراتۆریان بەرز کردبووەوە، لەکاتی پێشڕەویکردنیاندا هەندێ تەراتیلی ناسراویان دەوتەوە وەک "بابمان" و "خـودایە رەحم بە گـەلەکـەت بکە". کـەژاوەکـە سـەنگین بوو، پیاوانی پۆلیس بواریان دا رێپێوانەکە رێی خۆی بگرێتەبەر، وەک کە نەریتە بەو شێوە مامەڵە لەگەڵ کەژاوە ئاینییەکان بکرێ، خـەڵکیش کە لە ئەمـبەر و ئەوبەری شـەقـامـەکان خـڕ بووبوونەوە، بەو شـێـوەیەی باوە و لەگەڵ رەمـزە

ئاینی و نیشتمانییەکان دەکرێ، ڕێزی خۆیان بۆ کەژاوەکە نیشان دەدا".

سەرچاوەکان دەڵێن زیاتر لە سەد کەس لەو خۆپیشاندەرانە بە گوللەی سەربازانی قەیسەر گیانیان لەدەست دا و زیاتر لە ٣٠٠ کەسی تریش بریندار بوون.

ئەم دەستدرێژییە وای لە جووتیارەکان کرد پشت بکەنە قەیسەر و زۆربەی دەستەبژێری ڕۆشنبیر و هەروەها زۆربەی کۆنەپارێزەکانیش دژ بە ڕێژیمی دەسەڵاتدار بوەستن.

٤- حەج

حەجکردن وەک ڕێگەیەک بۆ سەرکۆنەکردنی ئەخلاقی، بایەخی ئەخلاقی و ئاینیی قووڵی هەیە. حەج بریتییە لەوەی کەسێک یان زیاتر بە پێ بەرەو شوێنێکی دیاریکراو بکەوێتە ڕێ لە پێناو:

١) گەیاندنی پەیامێکی دیاریکراو بۆ خەڵک.

٢) گوناهشۆریی ڕەفتار یان سیاسەتێک کە گەل یان حکوومەت کردوویانە.

٣) گوزارشت لە پابەندبوونی ئەو کەس یان کەسانە بە ڕێڕەوێکی دیاریکراو کە هەوڵ دەدا دۆخی ئارا بگۆڕێ. لە حەجکردندا بەزۆری ڕوو لە خاڵێک دەکرێ کە دەلالەتێکی تایبەتی هەیە چ بەلای ڕوانگە عەقائیدییەکانەوە کە بزوێنەری جموجووڵەکەیە، یان بەلای ئەو کێشەیەی لەناودایە.

ئەم جۆرە حەجە بەزۆری چەند ڕۆژێک دەخایەنێ و ڕەنگە هەندێ جاریش چەند مانگێک درێژە بکێشێ. واباوە بەشداران لە کارەکەیاندا بەیداخ و لافیتە و پۆستەرات بەکار ناهێنن، بەڵام ڕەنگە هەندێ جار بڵاوکراوە دابەش بکەن... هەندێ جاریش شان بەشانی پێ، هۆی گواستنەوە بەکار دێنن.

نموونە لەسەر حەجکردن بەو واتایەی لێرەدا شیمان کردەوە، ئەو ڕێپێوانە بوو کە گاندی لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٤٧ سەرۆکایەتی کرد و هەرێمی

نواکهالی تەی کرد، لەپێناو قایلکردنی هندۆس و موسڵمانەکان بە دانانی سنوورێک بۆ رووداوە گێرەشێوێنییە تاوانکارییەکان و پێکەوەژیانی ئاشتییانە.

٥- کەژاوەی ئۆتۆمبێل

یەکێک لە شێوە نوێکانی رێپێوان یان کەژاوە، رێپێوانی ئۆتۆمبێلە، کە شێوەی رێپێوان یان کەژاوە وەردەگرێ، بەڵام بەشدارانی ئەو رێپێوانانە ئەو ئۆتۆمبێلانە بەکار دێنن کە زۆر بەهێواشی دەچن. ئۆتۆمبێلەکان بەزۆری لافیتە یان دروشم هەڵدەگرن. لەوانەیە لەگەڵ ئۆتۆمبێلەکاندا خەڵکیش بە پێ بکەونە رێ.

نموونە لەسەر ئەم رێگەیە ئەو رێپێوانە بوو کە چەند گرووپێکی ئاشتیخواز بەئۆتۆمبێل رێکیان خست و لە هەردوو مانگی تشرینی دووەم و کانوونی یەکەمی ١٩٥٩دا بە شەقامەکانی بۆستندا سووڕانەوە، لە چەند شوێنێکی دیاریکراودا بەمەبەستی دابەشکردنی بڵاوکراوە و هاندانی خەڵک بۆ پاڵپشتیکردنی بانگەشەکردن بۆ ئاشتی و چەکداماڵین دەوەستان.

## ڕێزنان له‌ مردووان

چه‌ند ڕێگه‌یه‌كی ده‌ربڕینی ناڕه‌زایی و قـــایلكردنی ناتوندوتیـــژانه‌ زیندووكردنه‌وه‌ی یادی كه‌سانی كۆچكردوو له‌خۆ ده‌گرێ. له‌وانه‌یه‌ ئه‌و كه‌سه‌ی ڕێزی لێ ده‌گیرێ قاره‌مانێكی چه‌ند ساڵ یان چه‌ند سه‌ده‌ی ڕابردوو بێ، یان ئه‌و كه‌سانه‌ی یادیان ده‌كرێته‌وه‌ له‌كاتی به‌شداریكردنیان له‌ خه‌باتێكی سه‌رده‌می نوێدا گیانیان له‌ده‌ست دابێ. یه‌كێك له‌ ڕێگه‌كان ڕێگه‌ی "ماته‌مگێڕیی ته‌نزئامێز" و به‌كار دێ بۆ ناڕه‌زایی ده‌ربڕین له‌دژی له‌ناوبردنی پره‌نسیپ یان دۆخێكی كۆمه‌ڵایه‌تیی دیاریكراو، یان له‌به‌رئه‌وه‌ی یه‌كێك له‌و دووانه‌ له‌ مه‌ترسیدایه‌، یان بۆ ئه‌وه‌ی بڵێیت جێبه‌جێكردنی سیاسه‌تێكی دیاریكراو ژیانی خه‌ڵك ده‌خاته‌ مه‌ترسی.

١- پرسه‌ی سیاسی

زۆر جار هه‌مان ڕه‌مز كه‌ وا باوه‌ گوزارشت له‌ پرسه‌ ده‌كا بۆ مردنی كه‌سێك له‌پێناو نیشاندانی به‌رهه‌ڵستیی سیاسی و خه‌مباری بۆ هه‌ندێ ڕووداو و هه‌ڵوێستی سیاسیی دیاریكراو به‌كار دێ. پرسه‌ی گشتی یه‌كێك بوو له‌ ڕێگه‌ بنه‌ڕه‌تییه‌كان كه‌ له‌كاتی خه‌باتی كۆلۆنیسته‌ ئه‌مه‌ریكاییه‌كان دژ به‌ مه‌رسوومی مۆره‌كه‌ كه‌ له‌ ساڵی ١٧٦٥ ده‌رچوو، به‌كار هێنرا.

كاتێ مۆره‌كانی باجدانی تایبه‌ت به‌ به‌نسلڤانیا و نیوجێرسی و ماریلاند له‌ ڕێی كه‌شتییه‌وه‌ له‌ ٥ی تشرینی یه‌كه‌م گه‌یشته‌ فیلادلفیا، ئاڵای هه‌موو ئه‌و كه‌شتییانه‌ی له‌ به‌نده‌ره‌كه‌دا له‌نگه‌ریان گرتبوو هێنرایه‌ خواره‌وه‌، هه‌روه‌ها به‌درێژایی ڕۆژ زه‌نگی كڵێساكان له‌شار لێده‌درا.

هەروەها کـۆلۆنیـیـە جـیـاوازەکـان یەکەم رۆژی تشـرینی دووەم کـە تێـیـدا مەرسـوومەکە دەچووە واری جێبەجێکردن بە رۆژی پرسـەی گشـتی دانا، کە هاوکات بوو لەگەڵ لێدانی زەنگەکان.

لە بۆسـتن، بۆ نموونە، کۆمـەڵەی "نۆ وەفـادارەکە" یان "رۆڵەکانی ئازادی"بە جــەخــتـکردن لـە باش بەرێوەچوونی چـالاکــیـــەکــان لەو رۆژی دەربڕینـی نارەزاییەدا، بەشداری کرد.

لەکاتـی بەرگریکردنی پرۆتسـتانتە هـەنگارییەکان لە هەوڵەکانی نەمـسا بۆ نەهێـشـتنی سـەربـەخـۆیی کلێـسـا پرۆتسـتـانتیـیـەکان لە هەنگاریا، چەندان قـەشـە و مـەتران لە هـەردوو مانگی شـوبات و ئاداری ١٨٦٠ گیـران و چەندان جـار کۆبوونەوەکانی ناو کلێـسـاکان پەک خـران. قوتابییەکان جلی رەشیـان دەپۆشی و لە رێپێوانی خامۆشـدا روویان دەکردە ئەو شـارۆکانەی بڕیار بوو پیاوانی کەنیسەیان تێدا دادگەیی بکرێ.

هـەندێ جار پرسـە وەک دەربڕینی خـەمباری بۆ مردووەکان دەست پێدەکا و وردە وردە دەگۆڕێ بۆ نارەزایی سـیـاسـی، وەک لەم نموونەیەدا روو دەدا، کە شایەتحاڵێک لە وارسـۆ لە تشرینی دوەمی ١٩٣٩ باسی دەکا:

"لە گۆشـەی هـەردوو شـەقامی مـارشـاڵ و قودس، لە ناوەڕاسـتی وارسـۆ و لە نێـزیک وێسـتگەی ناوەندی هێـڵی ئاسنین، بینیم بـەردەکانی چەوڕێژکـردنی شــەقـامــەکـە هەڵکەنـرابوون و گـۆڕێکی گـەورە بۆ سـەربازانی ون لێـدرابوو. گۆڕەکە بە گوڵ داپۆشـرابوو و ئەڵقـەیەک و بە مـۆم دەور درابوو. لە تەنیـشت گۆڕەکە چـەند کەسێکی رەشپـۆش چۆکیان دادابوو و نوێژیان دەکرد. پاشـتر زانیم ئەو شـەونخوونـییە بەردەوامە، لەکاتی بەخـاکسـپاردنەکەوە سێ مـانگ لەوەوبەر دەسـتی پێ کردووە".

لە چەند هـەفتەی کەمی پاشـتردا کـەسانێکی رەشپـۆشم دەدی لە سپێدەوە تا کـاتی قـەدەغـەکردنی هاتوچۆ لـە تەنیشت گـۆڕەکـەدا چۆکـیان دەدا. وردە

ورده وای لێ هات ڕێوڕەسمەکە تەنیا دەربڕینی دڵسۆزی نەبوو بۆ ئەوانەی کۆچیان کردووە، بگرە لەهەمان کاتدا بووبوو بە سیمبولێکیش بۆ بەرگریی سیاسی. لە مانگی کانوونی یەکەم، موزەری نێردەی نازی هەستی بەو گرینگییە کرد، کە گۆڕەکە بەدەستی هێناوە و فەرمانی دا تەرمەکانی ناوی دەربهێنرێن و لە گۆڕستانێکی تردا بنێژرێن. بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا خەڵک هەر رووبیان دەکردێ و ئەو گۆشەیەیان کردبووە جێ نزرگەی خۆیان و لەوێدا چۆکیان دادەدا، نوێژیان دەکرد و مۆمیان دادەگیرساند، چاڵەکە وای لێ هات وەک ئەوەی شوورەیەکی پیرۆز دەوری گرتبێ کە بلدۆزەرەکانی سەربازانی نازی نەیانتوانی لایبدەن.

لە ئەرجەنتین لە سەرەتاکانی ١٩٤٣ نەیارانی دەسەڵاتی دیکتاتۆریی پیرۆن بە لەبەرکردنی پارچە جلی جۆراوجۆری رەشەوە کە هێما بوو بۆ تازیەباری دەستیان بە خۆپیشاندان کرد: وەک بۆینباخ، شریتی باڵ، ئەو شریتەی لە بەشی سەرەوەی چاکەت یان پاڵتۆ دەدرێ، ملپێچ و سەرپۆش، ئەو دەسەسڕەی ئافرەت بە دەنبووس بە کراسەکەیدا هەڵدەواسێ. ژمارەی بەشدارانی جموجووڵەکە بەخێرایی زیادی دەکرد، ئەوەیش بووە مایەی بەهێزکردنی هێزە نەیارەکانی ڕێژیم.

پاش کوژرانی ژمارەیەک لە ئەفریقیاییەکان لە شارب ڤیل لە باشووری ئەفریقیا لەئەنجامی گژبەریکردنی خۆپیشاندەران بۆ یاسا رەگەزپەرستییەکان، ئەلبێرت لوتۆلی داوای کرد رۆژی ٢٨ی ئاداری ساڵی ١٩٦٠ بکرێتە "رۆژی پرسەی نیشتمانی".

"داوام لە خەڵک کرد لە ماڵەکانیان بمێننەوە و ئەو رۆژە بکەنە رۆژی نوێژکردن. بەدەنگەوەهاتنی بانگەوازەکە بەشێوەیەکی گشتی باش، لە هەندێ ناوچەیش نایاب بوو. لە هەمو بارەکاندا فرەنەژاد بوو و زۆر سنووری هاوپەیمانە ئاساییەکانمانی تێپەڕاند".

لوتۆلی بۆ ماوەی چەند رۆژێک بۆینباخی رەشی بەستبوو و نیشانەیەکی تازیەباری لەسەر باڵی دانابوو".

لە سەرەتای خەباتی بووزی دژ بە رێژیمی دییم لە ساڵی ١٩٦٣ و لە ئەنجامی کوژرانی ٨ خۆپیشاندەر لە هیویەی پایەتەختی کۆنی ئەنامیە، بووزییەکان کە زۆرینەی دانیشتوانی شارەکە بوون، بەرگی سپیی تازیەبارییان پۆشی و ئەو جۆرە دەرکەوتنە لەلایەک وەک پرسەگێڕان دیار بوو بۆ مردووەکان و لەلایەکی تریشەوە هەڵوێستێکی نارەزایی بوو دژی سیاسەتی حکوومەت کە سیاسەتی جیاکاری دژ بە بووزییەکان پێڕەو دەکرد.

٢- ماتەمگێڕیی گاڵتە

هەندێ جار بۆ دەربڕینی نارەزایی سیاسی پەنا بۆ ئامادەکردنی "جەنازە"یەک براوە بۆ مەبدەئێکی دیاریکراو کە جێی پەسندی خۆپیشاندەرانە و دژبەرەکە تۆمەتبارە بەوەی بەنیازە پێشێلی بکا، یان جموجووڵەکە هەندێ جار شێوەی کەژاوەیەکی ماتەمگێڕیی تەنزئامێز وەردەگرێ، کە تێیدا بەشداران لەرێیەوە هەوڵ دەدەن بە هەڵسوکەوتی دامەزراوی خۆیان و پەنابردنیان بۆ هەندێ لە رواڵەتەکانی کەژاوەی ماتەمگێڕیی راستەقینەی وەک پۆشینی جلی رەش و هەڵگرتنی دارمەیت (نعش)، جەخت لە رژدیی نارەزاییەکەیان بکەن.

نیوپۆرت لە رود ئیلاند لە قۆناغێکی زۆر گرژ و نائارامدا، لە یەکی تشرینی دووەمی ساڵی ١٧٦٥دا نارەزاییەکی هاوشێوەی بەخۆوە بینی، ئەویش ئەو رۆژە بوو کە بڕیار بوو بە رەسمی کار بە جێبەجێکردنی مەرسوومی مۆرەکە بکرێ. ئیدمۆند س. و هێلین م. مورگان کە بەپشتبەستن بەوەی یەکێک لە رۆژنامەکان باسی کردووە دەڵێن:

"لە یەکی تشرینی دووەم لە ترسی روودانی کاری ئاژاوەگێڕی، رۆڵەکانی

ئازادی هەوڵیان دا هەستی خەڵک بگۆڕن و داوایان کرد بەشداری لە خۆپیشاندانێکدا بکەن کە وەک پرسەگێڕییەکی مەزن بێ بۆ ئازادی. کەژاوەکە بە شەقامەکاندا کەوتە رێ و هەموو بەشداران جلی رەشی تازیەبارییان پۆشی، تا ئاپۆراکە گەیشتە گۆڕستانەکە و دارمەیتێکیان بەرز دەکردەوە لەسەری نووسرابوو "ئازادیی دێرین". لەکاتی گەیشتنیان بە شوێنی ئەسپەردەکردنەکە، رۆژنامەی میرکۆری بەم شێوەیە رووداوەکە باس دەکا:

یەکێک لە رۆڵەکانی ئازادی لە زوڵمەتی نائومێدیی ترسێنەر دەرچوو و کەوتە گوتاردان بۆ ئەسپەردەکاران و گوتی: ئەی ئازادی! ئەی خۆشەویستەکەی گیانم! ئەی ئازادیی شکۆمەند! تۆی کە بەریتانیاییەکان خۆشیان دەوێیت و رێزت دەگرن! ئاخۆ ئازادی مردووە؟! ئەمە مەحاڵە! لەو کاتەدا دەنگی ناڵەیەک هات وەک ئەوەی لە دارمەیتەکەوە دەرچووبێ، پاش کەمێک دەرکەوت "ئازادیی دێرین" لە حاڵەتی بێهۆشیدا بووە و نەمردووە لەبەرئەوەی "بەریتانیا"ی خوداوەند فەرمانی بە فریشتە پاسەوانەکە کردووە کە "ئازادییە دێرینەکە" لە ژێر داروپەردووی مەرگی شەختەکردوودا بێنێتە دەرێ و بۆ خولگەی خۆری درەوشاوە بەرزی بکاتەوە، تا بتوانێ لەبەردەم هێرشەکانی ستەمکاری و چەوساندنەوەی ناشەرعیدا خۆی رابگرێ".

لە ئەنجامی ئەم دیمەنە تەنزئامێزەدا کە مایەی خۆشحاڵییەکی زۆر بوو، هەمووان ئەو ماوەیەی پاش نیوەڕۆیان بە شادمانی و خۆشی بردەسەر، زەنگەکان لێیان دا و هۆڵی دادگەکە بە ئاڵا رازێنرایەوە.

لە هەمان بۆنەدا کەژاوەی ماتەمگێڕیی هاوشێوە لە بۆرتسمۆس و نیوهامشێر و باڵتیمۆر و ماریلاند و ویلمنگتۆن و نۆرس کارۆلینا ساز کر.

لە تشرینی دووەمی ١٩٦١ لە رۆژی پاش تەقینەوەی بۆمبێکی زەبەلاحی سۆڤیاتی، خۆپیشاندەرانی نەیاری ئەنجامدانی ئەو جۆرە تاقیکردنەوانە، لە

ئۆسلۆ لە نەرویج کەژاوەیەکی ماتەمگێڕانەی تەنزئامێزیان ڕێک خست و مەشخەڵ و ئاڵای ڕەشیان بەرز کردەوە و روویان کردە باڵیۆزخانەی سۆڤیاتی، لە ئاداری ١٩٦٥ پاش ئەنجامدانی ڕێوڕەسمی نوێژکردن لە کڵێسایەکی بچووک لە لاوندیسبور لە ئەلاباما (نێزیکی ئەو شوێنەی خاتوو ڤیولا لیورزی تێدا کوژرا) خۆپیشاندەرانی بەرگریکار لە مافە مەدەنییەکان دە دارمەیتیان هەڵگرتبوو، کۆمەڵێ ئۆتۆمبێلیان گرت و کەژاوەیەکی جەنائیزیی تەنزئامێزیان ساز کرد و گەیشتنە مۆنتقمری پایەتەختی ویلایەتەکە. دە دارمەیتەکە هێما بوون بۆ دە کەس کە تا ئەو کاتە بەهۆی بەشدارییان لە خەبات لەپێناو مافە مەدەنییەکاندا لە ئەلاباما گیانیان لەدەست دابوو. دارمەیتەکان لە ئۆتۆمبێلەکان داگیران و بران بۆ شوێنێک لە تەنیشتی تەلاری پەرلەمان، لەوێ نوێژ کرا و ژنێکی ڕەشپۆش گوڵی لەسەریان دانا.

٣- ماتەمگێڕیی خۆپیشاندان ئامێز

لە سایەی پشێویی سیاسیدا، هەندێ جار بۆنەکانی یادکردنەوە و ماتەمەکان دەکرێنە دەرفەتێک بۆ دەربڕینی نارەزایی و سەرکۆنەکردنی ئەخلاقی بەتایبەت لە کەژاوەی ناشتنی ئەو کەسانەی لەسەر دەستی دژبەرانی سیاسیی کوژراون، یان ئەو سەرکردە دیارانەی ئۆپۆزسیۆن، یاخۆ ئەو خۆپیشاندەرە نەناسراوانەی گیانیان لەدەست داوە، یان ئەگەر بکوژەکە کاری بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی کردبێ یا سەر بە تاقمێکی نهێنی بێ، یاخۆ ئەگەر بکوژەکان سەرباز و پیاوانی پۆلیس بن. بە دەگمەن بۆنەکە بەهۆی مردنی کەسێکەوە دەبێ کە وەک نارەزایی خۆی کوشتبێ. (ئەم ڕەفتارە بە یەکێک لە ڕێگەکانی کاری ناتوندوتیژانە دانانرێ). لە جەنازەی خۆپیشاندان ئامێزدا وا گریمانە دەکرێ کە لە کەژاوەیەکی بە شکۆدایە.

چەندان نموونە لەسەر ئەم ڕێگەیە هەیە. لە ٢٢ی شوباتی ساڵی ١٧٧٠

لەکاتی نارەزاییەکانی کۆلۆنییە ئەمەریکاییەکان لەدژی یاساکانی رەسمی باج، یەکێک لە "دووزمانە سەرشۆر"ەکان کە ناوی ریچاردسۆن بوو، ژمارەیەک لە قوتابیانی لە بۆستن سەرزەنشت کرد، کە پەیکەرێکی دەقاودەق، بەڵام دزێوی یەکێک لەو هاوردەکارانەیان دروست کردبوو کە پابەند نەبوون بە سیاسەت بایکۆتکردن، پەیکەرەکەیان لەبەردەم ماڵی هاوردەکارەکەدا دانا. ریچاردسۆن نەیتوانی پەیکەرەکە بشکێنێ، دۆخەکە ئاڵۆزتر بوو کاتێ خۆی و ژنەکەی و پیاوێکی تر لەگەڵ قوتابییەکان بوو بە دەمەقرەیان، تا کار گەیشتە ئەوەی ریچاردسۆن چەند تەقەیەک لە حەشاماتەکە بکا و بەهۆیەوە کریستۆفەر سنایدەری یازدە ساڵان کوژرا و کورێکیش بریندار بوو.

شلیسنگەر دەڵێ ماتەمگێرانەکەی کریستۆفەر سنایدەر بوو بە خۆپیشاندانێکی گەورە و بە "پاڵەوانە بچکۆلەکە و یەکەم شەهید لەپێناو کێشەیەکی رەوادا".

لە پایزی ساڵی ۱۹۰٥، لەپڕ شازادە ترۆبتسکوی مرد کە کەسێکی لیبرال و میانرەو بوو، سەرۆکی ئەو شاندە بوو کە کۆنگرەی سێیەمی زمستگۆ رایسپاردبوو بۆ بینینی قەیسەر لە حوزەیران و هاندانی بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەی نیشتمانی، واتە دۆما. شۆرشگێران و باقیی نەیارانی حکوومەت مردنی شازادەیان قۆستەوە و لە چوارچێوەی خەباتیان لەدژی رێژیمی دەسەڵاتداری باو بەکاریان هێنا.

لە شاری پترسبێرگ دیموکراسی و سۆشیالیستەکان رێپێوانێکیان ساز کرد کە ٦٠٠ قوتابی و کرێکار و کۆمەڵێ شاند بەشدارییان تێدا کرد بۆ یاوەریکردنی تەرمەکە تا وێستگەی هێڵی ئاسن، تا بگوێزرێتەوە بۆ مۆسکۆ و لەوێ رێورەسمی ناشتنی ئەنجام بدرێ. لە مۆسکۆ " رێورەسمەکە گۆرا بۆ خۆپیشاندانێکی سیاسیی گەورە، زۆر لە بەرهەڵستکارانی رێژیم وتاریان بۆ

خەڵک دا و دیداری تایبەتیان ئەنجام دا بۆ ڕێزنان لە یادی ناوبراو و تێیاندا بیرو بۆچوونی توندڕەوانەتریان خستە روو لەوەی شازادە باوەڕی پێی بوو"

هار کایف ئاماژە بەوە دەدا کە لە قۆناغێکی داهاتووی سەردەمی شۆڕشدا، کاتێ خۆپیشاندەرانی دژ بە حکوومەت "دەکوژران، بۆ ڕێزلێنانیان وەک شەهید، ڕێوڕەسمی ماتەمینیی شایستەیان بۆ ساز دەکردن". جەنازەی نیکۆلاس بومانی بەلشەفی لە مۆسکۆ لە ٢٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٠٥، لە بۆنە زێدە درامییەکان بوو: "زیاتر لە سەد هەزار کرێکار و قوتابی و رۆشنبیر بەشدارییان تێدا کرد، هەروەها ژمارەیەک سەرباز بە پۆشاکی رەسمییەوە بەشداریی ناشتنەکەیان کرد، کەژاوە ماتەمگێڕەکە نێزیکەی ٨ سەعات بە شەقامەکانی مۆسکۆدا سووڕایەوە و بە روونی دیار بوو کە بووەتە خۆپیشاندانێکی دژ بە حکوومەت".

لە کۆتاکانی ئەیلوولی ١٩١٧ تۆماس ئاش کە خەباتکارێکی نیشتمانیی ئێرلەندایی بوو مرد، ئەوەیش لە ئەنجامی بەزۆر خواردن پێدانی پاش هەفتەیەک لە مانگرتنی لە خواردن لەگەڵ ژمارەیەک لە زیندانییەکان. ئیدگار هوڵت لەبارەی تەرمەکەی دەڵێ "جەنازەکەی تۆماس ئاش لە ٣٠ ئەیلوولی ١٩١٧، نیشانەیەکی روون بوو لەسەر زیندووبوونەوەی گیانی هەفتەی فوسح.."

ژمارەی بنێژ (مشیع)ەکان لەنێوان بیست تا سی هەزرا کەس دەبوو، کە چەند تیپێکی مۆسیقیشیان لەگەڵ بوو، جەماوەریش زۆربەی کات بە بێدەنگی چاودێریی کەژاوەکەی دەکرد...

پیاوانی پۆلیس لە دبلن هیچ کاردانەوەیەکیان نەنواند کاتێ ئەندامانی "سوپای هاوولاتیان" و "خۆبەخشانی ئێرلەندایی" (کە ئاش ئەندام بوو تێیاندا) بە شانازییەوە بە جلی قەدەغەی ئەو دوو گرووپەوە دەڕۆیشتن...

دەسەڵاتدارانی بەریتانیایی بەهۆی جەنازە و ناشتنەکەی تۆماس ئاشەوە

هیچ ڕێکارێکیان نەگرتەبەر. بەڵام مردنەکەی بوو بە مووچڕکەیەک بۆ دەسەڵاتداران و دەستبەجێ هەندێ گۆڕانکارییان لە جۆری مامەڵەکردن لەگەڵ زیندانییانی "سین فین"(حزبی نەتەوەیی) کرد".

لەکاتی جەنگی ڕوهەر لە ساڵی ١٩٢٣، سەربازانی داگیرکەر تەقەیان لە چەند کرێکارێکی کارگەی کراپ کرد و ڕۆژێک بەر لە جەژنی فوسح ١٣ کرێکاریان کوشت، کەژاوەی ناشتنیان گۆڕا بۆ خۆپیشاندانێکی پرسەی نیشتمانی.

لە پایزی ١٩٤٠ هێزەکانی ئاسایش ڕودی ئارندتیان کوشت کە لە گرتووخانەی ئەشکەنجەدان لە بوشنوڵد گیرابوو و یەکێک بوو لە سەرکردەکانی بەرگریی جوولەکە. هەواڵی کوشتنەکەی تا سەرەتاکانی ساڵی ١٩٤١ نەگەیشتە گرووپەکانی بەرگریی نهێنی لە بەرلین.

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هەواڵەکەدا هێربێرت بوم داوای بەستنی کۆبوونەوەیەکی لە ماڵەکەیدا کرد بۆ ڕێزنان لە ڕودی ئاردنت و دواتر داوای کرد بۆ یادکردنەوەی لە گۆڕەپانی جوولەکەکان لە ویسنسی گرد ببنەوە. پرۆفیسۆر بیر مارک ئەو دوو کۆبوونەوەیەی بە "زۆر کاریگەر" وەسف کرد لەبەرئەوەی پایە و پێگەی ئەو گرووپە خەباتکارەی بەرز کردەوە کە بوم ئەندامی بوو و کۆبوونەوەکان "بوونە مایەی سوورتربوون لەسەر بەرگری". هەندێ لە سەرکردەکانی جوولەکە پێیان وا بوو "ئەو جۆرە گردبوونەوانە زۆر مەترسیدارن"، چونکە شانە بەرگرییە نهێنییەکە لە ٧ کەس تێپەڕی نەدەکرد.

ساڵی ١٩٦٠ لایەنگرانی گرووپی زنگاکۆرینی نەیار بە ڕێکەوتنامەی ئەمنیی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و ژاپۆن، چەند خۆپیشاندانێکیان ساز کرد و بۆ ڕێزنان لە گیانی ئەوانەی لە ڕێی خەباتدا گیانیان بەخشی بخوریان داگیرساند. لە ئایاری ١٩٦٣ دکتۆر گریگۆری لامبراکیس کە ئەندامێکی سەربەخۆی پەرلەمانی یۆنانی و بەرهەڵستکارێکی بەهێزی

چەکی ناوکی بوو کوژرا و چارەکە ملیۆنێک کەس بۆ نیشاندانی رێزگرتنیان بۆ لامبراکیس و وابەستەبوونیان بەو بنەما سیاسییانەی باوەڕی پێیان بوو، لە دیمەنێکی شکۆدار و رێکوپێکدا بەشدارییان لە کەژاوەی تەرمەکەیدا کرد. (ئەو رووداوی کوشتنە تەوەری رۆمان و فیلمی"Z" بوو).

لە ئەنجامی تەقەکردنی پۆلیس لە ئاپۆڕەی خۆپیشاندەران لە بەرلینی رۆهەڵات لە ١٧ی حوزەیرانی ١٩٦٣، تەرمی یەکەم لاو کە بووە قوربانیی رووبەڕووبوونەوەکە خرایەر سەر نەقالەیەک و پاش رازاندنەوەی بە تاجەگوڵینە، بنێژەکان تەرمەکەیان بە پترستراسدا گێڕا و خەڵک لەگەڵ تێپەڕینیدا گوڵبارانی کەژاوەکەیان دەکرد.

لە ٢٦ی ئابی ١٩٦٨ لە هۆڵی تەرمەکان لە سووتانگەی ستراسنایس لە پراگ رێوڕەسمێکی ماڵئاوایی بۆ لاوێکی بیست و حەوتساڵان ساز کرا کە لەناو تەماشاکەراندا بوو و بە گوللەی سەربازێکی سۆڤیاتی کوژرا. چەند لاوێک بەدەم گریانەوە چوونە ناو هۆڵەکە و ئاڵایەکی چیکۆسلۆڤاکیایان بەرز کردبووەوە لەگەڵ بەیداخێک کە لەسەری نووسرابوو "هاتووین بۆ ئەسپەردەکردنی قوربانیی ئازادیی ئێوە". هەندێ لە بەشداران وتەیان پێشکێش کرد و سوێندیان خوارد کە ئەو رووداوانە و ئەو قوربانییانەی تێیدا کوژران لەیاد نەکەن. هەروەها یەکێک لە رۆژنامەکان لە پراگ بڵاوی کردەوە کە شیوەنی دایکان کە دڵی لەت دەکرد و بەدەم بالۆرەوە دەیانوت "کوڕەکەم بەجێم مەهێڵە" لەگەڵ دەنگی سروودی نیشتمانیدا لە دیمەنێکی کاریگەردا ئاوێزان بووبوون.

لە پراگ لە ٢٥ کانوونی دووەمی ١٩٦٩زیاتر لە نیو ملیۆن کەس بەشدارییان لە رێوڕەسمی ئەسپەردەکردنی جان پالاش کرد، ئەویش بۆ رێزنان لەو قوتابییە لاوەی کە بۆ دەربڕینی وابەستەیی خۆی بە ئازادی لە چیکۆسلۆڤاکیا خۆی سووتاند. رۆژێک بەر لە رێوڕەسمی ماڵئاواییەکە،

دەمی نیـوەڕۆ هەمـوو پراگ بۆ مـاوەی پێنج خولەک دەستی لەکـار هەڵگرت. هەزاران کـەس ریزیان بەست، هەندێک شـیـوەنی دەکـرد و هەنـدێک گـوڵ بەدەست، بەمـەبەسـتی گرتنی دوانیگا بۆ تەرمەکە، کە لە زانکۆی چارلز لە پاڵ بنکەی پەیکەرەکەی جان هاس، کە ریفۆرمـخـوازێکی پرۆتسـتانتی بوو بەتۆمەتی کافربوون لەساڵی ١٤١٥ بە سووتاندن کوژرا، داپۆشرابوو.

ئەو رۆژە هێزە سۆڤیـاتییەکان لە شەقامـەکان دوور خرانـەوە و بە بیانووی پاراسـتنی ئاسـایش هێزەکانی چیکۆسلۆڤاکیا جێیان گرتنەوە. بەڵام ئەوە پێویست نەبوو. حکوومەت نەیدەویست رێوڕەسمەکە بگۆڕێ بۆ یاخیبوونێکی مـەدەنی و بەوەیش بەهانە بداتە رووسـەکان کە بە تانکەکانیـانەوە بگەڕێنەوە بۆ پراگ.

پاش ئەنجامـدانی نوێژی مـردوو لە زانکۆی چارلز، کەژاوە مـاتەمگێڕەکە بەهێـواشـی بە شـەقامـەکانی شـارە کۆنەکەدا بەرەو "گۆڕەپانی جـان پالاش" کەوتە رێ و تیپە مۆسـیقییەکە مارشی نیشـتمانی دەژەنی. ئاپۆرای خەڵکەکە چەند سـەعاتێک لـەژێر کرێوەی سـەرمـادا مـانـەوە. لە پەنجـەرەکـانەوە ئالای نیـشـتـمـانی و بەیداخی رەش دەشـەکـینەوە. ئێـزگـەی رادیـۆی پراگ و ئێزگەکانی تر لێدوانی قوتابییانیان لەبارەی ماتەمگێڕییەکە دەگواستەوە. لە چەندان شـوێنی جـیـاوازیی وڵات رێوڕەسـمی رێزلێنـان لە کارگـە و زانکۆ و هۆڵە گشتییەکاندا بۆ کۆچکردوو سـاز کرا. پەیامنێرێک دەنووسێ "ئەمـەیە ئەو چیکۆسلۆڤاکیایەی کە سـەرکردە رووسـەکان لێی دەترسن و خوازیارن لە هەمـان کاتدا سـەرکوتی بکەن، ئەمـە گەلێکی لەسـەرخۆ و دامـەزراوە، بەڵام کەمترین ئاوڕدانەوەی هاوارێکە لەپێناو ئازادی و شکۆمەندیدا".

٤- سەردانی رێز و پێزانین بۆ گۆڕەکان

سـەردانی گـۆڕێک لەلایەن جـەمـاوەرێکی زۆری خـەڵک بەیەک جـار یان بە گرووپی بچـووک بچووک و بەچەند کاروانێک، دەکرێ نارەزاییەکی سیاسی

و سەرکۆنەکردنێکی ئەخلاقی بێ، کاتێ کۆچکردوو پێوەندییەکی بەو پرسەوە هەبێ کە ململانەکە بەدەوریدا دەسووڕێتەوە، یان ئەگەر کۆچکردوو یەکێک لە قوربانییەکانی دەستی دژبەرەکە بێ. وەک ئەوەی لە ٤ی تشرینی یەکەمی ١٨٦١ لە پترسبۆرگ قوتابییانی نەیاری ڕێژیمی قەیسەر بەمەبەستی دانانی تاجەگوڵینە لەسەر گۆڕی گرانۆڤسکی کە مێژوونووس و هاوڕێی ئەلیکساندەر هیدزنی دامەزرێنەری ڕەوتی میللیی ڕووسیایی بوو[٢١٦]، بە کەژاوەیەک چوونە سەر گڵکۆی ناوبراو.

لە ١٧ی تشرینی دووەمی ١٨٦١ ژمارەیەک لە قوتابییانی شۆڕشگێڕی زانکۆی پترسبێرگ کە بە "باڵی تیرۆریستیی ئیرادەی گەل" ناسرابوون، هەوڵیان دا یادی پێنجەمین ساڵوەگەڕی کۆچی دوایی دبرۆلیوبوف زیندوو بکەنەوە، کە هاوڕێی چیرنیشڤسکی (سەرکردەی میللیی گەورەی ڕووسیا) بوو، ئەویش بە دانانی تاجەگوڵینە لەسەر گۆڕەکەی، بەڵام هێزەکانی پۆلیس و قۆزاقییەکان ڕێگەیان پێ نەدان.

لەکاتی داگیرکردنی چیکۆسلۆڤیاکیایش لەلایەن ئەڵمانیاوە، جۆزێف کۆربل دەڵێ "لە هەردوو یادی لەدایکبوون و مردنی تۆماس گاریگ مازاریکدا، هەزاران کەس سەردانی شاری لانیی نێزیک پراگ دەکەن بۆ دانانی گوڵ لەسەر گڵکۆکەی. هەروەها بۆ هەمان مەبەست سەردانی پەیکەری جان هاسیان لە ناوەڕاستی شاری پراگ دەکرد".

لە فرەنسا دەسەڵاتدارانی نازی تەرمی ئەو کەسانەی لەدار دەدران بەسەر هەندێ گۆڕستاندا دابەش دەکرد کە بە ئاستەم دەست بیانگاتێ، ڕەنگە ئەوەیش بۆ ڕێگرتن بووبێ لەوەی سەردانی جەماوەری بۆ ئەو گڵکۆیانە ساز بکرێ.

لە ٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٥٦، مانگێک پاش دووەم هێرشی هێزەکانی سۆڤیات بۆ سەر بۆدابێست، ژمارەیەک ئافرەتی مەجەری کە زۆربەیان

چارشێوی رەشیان پۆشیبوو، سەردانی گڵکۆی سەربازی نەناسراویان کرد لە گۆڕەپانی قارەمانان لە بۆدابێست و بۆ رێزنان لەو قوربانییانەی لە رووداوەکانی دواییدا کوژران، تاجەگوڵینەیان لەسەر گڵکۆکە دانا. ئافرەتەکان سروودی کۆنی نیشتمانییان دەوتەوە و چەند بەیتێکیان لە چامەی "مەجەرییەکان! هەڵمەت بەرن!"ی ساندۆر پیتویڤییان خوێندەوە. لەو بەیتانە:

"مەجەرییەکان هەڵمەت بەرن وڵاتەکەتان بانگتان دەکا

ئێستە هەڵمەت بەرن، یان ئیتر قەت هەڵمەت مەبەن!

ئاخۆ دەبێ کۆیلە بین؟ ئاخۆ دەبێ ئازاد بین؟

ئەوە پرسیارەکەیە- چی وەڵام دەدەنەوە؟

سوێند بە ناوی خودای مەزن دەخۆین، سوێند دەخۆین

کە لەمڕۆ بەدواوە رازی نابین کۆیلە بین- رازی نابین"

پیتویڤی شاعیرێکی خەباتکارە لەوانەی بەشداریی شۆڕشی ١٨٤٨ی کردووە و لە شەڕێکدا لەگەڵ رووس لە ساڵی ١٨٤٩ مرد.

## گردبوونەوە گشتییەکان

کاتێ خەڵک حەز بکەن بۆچوونی خۆیان لەبەردەم جەماوەرێکی بەرفراوانتر یان یەکێک لە دژبەراندا بخەنە روو، باوترین رێگە کە پەنایان بۆ بردووە ئەوە بووە رووبەڕوو لە چوارچێوەی گردبوونەوە یان دیدارێکدا بەیەک بگەن.

١- گردبوونەوەکانی بەرهەڵستی و پشتگیری

دەتوانرێ لەرێی گردبوونەوەی گشتی لە چەند شوێنێکی دیاریکراو، کە بەزۆری پێوەندارن بەو کێشەیەی لەئارادایە، گوزارشت لە بەرهەڵستیکردنی هەڵوێستە سیاسییەکان یان کارەکانی دژبەرەکە، یان پاڵپشتی لە دەسپێشخەرییەکی سیاسیی دیاریکراو بکرێ. لەو شوێنانە، بۆ وێنە، فەرمانگە حکومییەکان یان هۆڵەکانی دادگەکان یاخۆ گرتووخانەکان. لەوانەیە خەڵک لە شوێنێکی تر کۆ ببنەوە، بۆ نموونە وەک لە دەوری پەیکەری پاڵەوانێک یان بەدکارێک. بڕیاردان لەسەر شەرعیبوون یان شەرعینەبوونی ئەم جۆرە گردبوونەوانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو یاسا و سیستمانەی لەو دەوڵەتەدا کاریان پێ دەکری و پلەی ئەو مروونەتە سیاسییە گشتییەی تێیدایە..(لەبارێکدا ئەم گردبوونەوانە بە ناشەرعی دابنرێن ئەم رێگەیە دەچێتە خانەی یاخیبوونی مەدەنی).

قوتابییانی زانکۆی پترسبێرگ دەیانویست لە هەمان کاتدا گوزارشت لە نارەزاییان بکەن و بەدوای وردەکاریی ئەو سیستمە نوێیانەیشدا بگەڕێن کە هەواڵی دەرچوونیان بڵاو بووبوویەوە بەڵام هێشتا بە رەسمی رانەگەیەنرابوون و جێبەجێکردنیان دەبووە مایەی لەبەینبردنی ئازادی لەناو

زانکۆ. قوتابییان لە ٢٤ی ئەیلوولی ١٨٦١ لە حەوشەی حەرەمی زانکۆکەدا کۆ بوونەوە و داوای بینینی سەرۆکی زانکۆیان کرد. کاتێ ئەمەی دوایی پێی راگەیاندن کە ئەو لە پۆستەکەیدا نەماوە، قوتابییەکان بە رێپێوانی رێکوپێک لە پردی رووباری نیڤا پەڕینەوە بەرەو ماڵی سەرۆک- وەک ڤنتوری دەڵێ ئەوە یەکەم خۆپیشاندان بوو لە شاری پترسبێرگ.

پاش ئەوەی ئەنجوومەنی هەرێمی پیت نارەزایی لەدژی بڕیارێکی ئیمپراتۆر جۆزێف فرانز بە هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانی مەجەری دەربڕی، فەرمانی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنەکە دەرچوو، بەڵام ئەندامانی ئەنجوومەن گوێیان بە بڕیارەکە نەدا و لە کۆبوونەوەکانیان بەردەوام بوون، تا سەرەنجام سەربازانی نەمساوی لە مانگی ئابی ١٨٦١دا بەزۆر هۆڵەکەیان پێ چۆڵ کردن. ژمارەیەک لەو مەجەرییانەی لەگەڵ بڕیارەکەی ئەنجوومەن لەبەردەم بارەگاکەیدا کۆ بوونەوە و پاش ئەنجامدانی رێپێوانێک کە شەقامەکانی شاری تەی کرد، خەڵکەکە جارێکی تر لەبەردەم ماڵی سەرۆکی ئەنجوومەنەکە کۆ بوونەوە کە رایگەیاند: "هێزی ملهوڕی، پەرتی کردین، بەڵام زەبروزەنگ قەت نامانتۆقێنێ".

لە ماوەی داگیرکردنی روهەردا هەزاران کەس لە بەردەم یەکێک لە دادگەکاندا کۆبوونەوە بۆ دەربڕینی هاوهەڵوێستییان لەگەڵ کۆمەڵێ بەرگریکاری بەندکراوە. هەروەها لە نەرویج بۆ پشتگیری لەو مامۆستایانەی بەهۆی هاوکارینەکردنیانەوە گیرابوون، منداڵان لە وێستگەکانی هێڵی ئاسن کۆ دەکرانەوە کە ئەو شەمەندەفەرەی بەندکراوەکانی بۆ بەندەرەکە دەگواستەوە تا لەوێوە بە کەشتییەک بگوێزرێنەوە بۆ گرتووخانەیەک لە باکوری وڵات، بەو وێستگانەدا تێپەڕ دەبوون..

وەک پێشتر باسمان کرد، لە ساڵی ١٩٤٣ لە بەرلین شەش هەزار ژنی ناجوولەکە لەبەردەم دەروازەی ناوەندی رەشبگیری لەنێزیک بارەگای

گستابۆ کۆ بوونەوە و داوای ئازادکردنی هاوسەرە جوولەکەکانیان دەکرد.

گۆیبلز لە یاداشتەکەیدا باسی ئەوە دەکا کە لە ٦ی ئاداری ١٩٤٣ رووی دا و دەڵێ "ناخۆشبەختانە چەندان دیمەنی جێداخ لە پەناگەیەکی جوولەکەدا بۆ بەساڵاچووانی رووی دا، کە ژمارەیەکی زۆر خەڵک کۆبوونەوە و تا رادەیەک پاڵپشتیی خۆیان بۆ جوولەکە دەربڕی".

ساڵی ١٩٥٦ پریتۆریای پایەتەختی کارگێڕی، خۆپیشاندانێکی گەورەی بەخۆوە بینی لەدژی جێبەجێکردنی سیستمی مۆڵەتی هاتوچۆ بەسەر ئافرەتاندا لە باشووری ئەفریقیا، ئافرەتانی سەر بە نەژادە جیاوازەکان لە سەرتاسەری ولات بەشدارییان تێدا کرد و بەدەم گۆرانییەوە دەیانگوت: "ستریجدوم، لە بەردێکت دا".

لە ٣١ی ئابی ١٩٦٢ لە جەزائیر، کە تازەبەتازە سەربەخۆیی وەرگرتبوو، بیست هەزار کەس لەدژی ململانەی توندی نێوان سەرکردەکانی ولات خۆپیشاندانیان کرد و رەزامەندییان پیشان دا لەسەر مانگرتنێکی گشتیی کراوە ئەگەر بێتو کێشەکە بەرەو هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ بخزێ.

٢- دیدار و کۆبوونەوەی بەرهەڵستی و نارەزایی

یەکێک لە رێگەکانی نارەزایی و قایلکردن، بەستنی دیدار و کۆبوونەوەیە بەمەبەستی بەرهەڵستیکردن و نارەزایی دەربڕین. ئەم رێگەیەش لەرووی قەبارە و سروشتەوە تا رادەیەکی بەرچاو جیاوازە، لەنێوان دیداری کراوە لە شەقام و دیداری ناوخۆیی بچووک، هەروەها لەنێوان دیداری نارەزایی رێکخراوی تا رادەیەک رەسمی و دیداری جەماوەری لە هەوای کراوەدا کە هەزاران کەس تێیدا بەشدارن. لەم جۆرە دیدارانەدا وتاردان بایەخی پلە یەکی نییە، لەبەرئەوەی زۆربەی ئەوانەی تێیدا بەشدارن پێشوەخت کۆکن لەسەر پێویستیی نارەزایی دەربڕین. دەربڕینی نارەزاییش لەخۆیدا واتای ئەوەیە خەڵک پێکەوە کۆ ببنەوە بۆ دەربڕینی بیرو راکانیان. لەم دیداری

ناڕەزاییانەدا کێشەی جۆراوجۆر و دەستەوتاقمە بەرهەڵستکارەکان تێکەڵ دەبن. دەکرێ دیدارەکە خۆی بۆ خۆی ئامانج بێ یان هاوشان بێ لەگەڵ جۆری تری چالاکیدا.

دیدارە جەماوەرییەکان رۆڵی دیاریان لە خەباتی کۆلۆنییە ئەمەریکاییەکان لە شەستەکان و هەفتاکانی سەدەی هەژدەیەمدا هەبوو و بەزۆریش لەگەڵ تەرزە کارپێکراو و رێکخراوەکەی بەستنی کۆبوونەوەکانی شارۆکەکەدا یەک دەخرا، کە تێیدا هەموو پیاوێک مافی رادەربڕین و دەنگدانی هەیە، بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە جموجوولەکەی "رۆڵەکانی ئازادی" لە بۆستن بکەین بۆ دەربڕینی ناڕەزایی لەسەر دەستگرتنی گومرگەکان بەسەر کەشتییە چارۆکەدارەکەی جۆن هانکۆک ناسراو بە کەشتیی "لیبرتی" کە سرکەی مادیرای بار کردبوو کە لەو شمەکانە بوو هاوردەکردنی قەدەغە بوو. "رۆڵەکانی ئازادی" داوای بەستنی دیدارێکیان کرد لای درەختی ئازادی لە ٣ی حوزەیرانی ١٧٦٨ دیدارەکە دوا خرا تا لە ڤانویل هۆڵ ببەسترێ کە شوێنی بەستنی کۆبوونەوە دانپێدانراوەکانی شارۆکەکەیە، ئەو کۆبوونەوەیەش بەهۆی زۆریی ژمارەی بەشدارانەوە دوا خرا تا لە کلێسای باشوور بەڕێوە بچێ. کۆبوونەوە بڕیاری دا حاڵنامەیەک بۆ حاکم بەرنارد بەرز بکرێتەوە کە داوای مافەکانی پەنابەرانی ئینگلیز دەکا لە سایەی دەستووری بەریتانیدا، کە بەگوتەی ئەوان، تێیدا هاتووە:

"هیچ یاسا یان باجێک بەسەر کەسدا ناسەپێنرێ مەگەر خۆی یان دەستەیەکی شەرعیی نوێنەری ئەو دایبنێن، ئەوەیش بەو واتایەیە کە خۆی ئەو (یاسا و باج)انەی هەڵبژاردووە و پێیان رازی بووە. ئەمڕۆ ئەم مافە بنەڕەتییانەی بەریتانیاییەکان بە زەقی پێشێل دەکرێن، باج و یاساکان بەبێ وەرگرتنی رەزامەندیمان بەسەرماندا دەسەپێنرێن، لەوە حەیابەرتر ئەوەیە کە بەسەرماندا دەسەپێنرێن لەکاتێکدا ئێمە زۆر دژیانین"

ئەو دیدارە جەماوەرییانەی لە فیلادلفیا و بۆستن و نیویۆرک لە تشرینی یەکەم و دووەم و کانوونی یەکەم بەڕێوە چوون، بایەخێکی گەورەیان هەبوو لە کێشەکەدا لە ساڵی ١٧٧٣ لە ١٦ی کانوونی یەکەم، بۆ وێنە، وێڕای خراپیی کەشوهەوا، دوو هەزار کەس لە نیویۆرک کۆ بوونەوە و بڕیاریان دا دەستەیەکی پێوەندیکردن دابمەزرێنن لەپێناو مسۆگەرکردنی پێوەندی بە ناوچەکانی ترەوە.

لە فیلادلفیا، لە کۆتاکانی مانگی کانوونی یەکەم دیدارێک بەڕێوە چوو کە هەشت هەزار کەس بەشدارییان تێدا کرد و ورییاییان دایە کاپتنی کەشتییەکی چاهەڵگر کە کەشتییەکەی نەهێنێتە ناو بەڕێوەبەرایەتیی گومرگەکان و دەستبەجێ ئینگلتەرا بەجێ بێڵێ.

کاتێ ڕێژیمی قەیسەر لەکاتی شۆڕشی ساڵی ١٩٠٥دا کارکردنەوەی بە جێبەجێکردنەوەی یاساکانی باری نائاسایی لە ناو زانکۆ و قوتابخانە ئامادەییەکان ڕاگەیاند، سەرکردایەتیی قوتابییان، بە هاوکاریی سۆشیالیشت و لیبرالییەکان، لە ئەیلوولی ١٩٠٥ هۆڵەکانی خوێندنیان گۆڕی بۆ شوێنی بەستنی کۆبوونەوە سیاسییەکان. لە یەک ئێوارە کۆڕدا زیاتر لە دە هەزار کەس _لە قوتابی و کرێکار و بیرمەند– لە هۆڵەکانی وانە وتنەوە و تاقیگەکانی زانکۆکانی پترسبێرگ و مۆسکۆدا کۆ بوونەوە، هەروەها دیدار و کۆبوونەوەی بچووکتریش لە شوێنانی تر بەستران. لە ١٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٠٥، لەوکاتەی مانگرتنی گشتی لە پترسبێرگ لەکاردا بوو، هۆڵ و حەوشەکانی زانکۆ و ئەکادیمیای هونەرەکان پڕ بوون لە کۆبوونەوەی جەماوەری کە نێزیکەی پێنج هەزار کەس ئامادەیان بوون، لە هەمان کاتدا ئامادەییەکانی شاریش پڕ بووبوون لە کرێکارانی مانگرتوو و لایەنگرانیان.

لە ئایاری ١٩١٧ بەهۆی ئەو یاخیبوونەی ڕیزەکانی سەربازانی فرەنسایی

گرتەوە لەئەنجامی نارەزاییيان لەو قەتڵوعامە ترسناک و بێسوودەی دووچاری دەبوون، بەزۆری کۆبوونەوەی سەرپێیی دەبەسترا. کاتێ کەتیبەی پیادەی ٣٧٠ دەمەوبەیان فەرمانی پێ گەیشت کە پاش نیوەشەو بەرەو هێڵەکانی پێشەوە پێشرەوی بکا، ژمارەیەک لە سەربازان دەستیان دایە وتاردانی حەماسی بۆ هاندانی پیاوەکان کە سواری ئەو نەفەربەرانە نەبن کە بۆ سەنگەرەکانیان دەگواستنەوە. یازدەی شەو سەربازەکان بەهۆی خواردنەوەی ئەو سرکەیەی لەکاتی سوورانەوەیان بە شەقامەکانی سواسون (٦٥ میل باکوری رۆئاوای پاریس)دا دزیبوویان سەرخۆش بووبوون. ئەنجا دوو نەفەربەری سەر بە دوو کەتیبەی پڕ لە سەرباز دەرکەوتن کە ئاڵای سووریان بەرز کردبووەوە و هاواریان دەکرد: "با برووخێ جەنگ!". کاتێ دوو نەفەربەرەکە وەستانبوون بە دوو سەکۆ بۆ وتاربێژانی دژ بە جەنگ:

"بەدەنگێکی گڕ بەهۆی سرکەکەوە، وتاربێژەکان باسیان لە قەسابخانەکارییەکانی جەنگ و ئەو هەوڵانەی ئاشتی دەکرد کە لەلایەن حکوومەتی فرەنسای ژێر دەسەڵاتی کۆمەڵێ لە هەلپەرستانەوە لووتبەرزانە رەت کرابوونەوە، هەروەها باسیان لەو سیاسییانە دەکرد کە هیچ بەزەییەکیان نییە و هەر بۆ ئەوەی رێگە بگرن لە گۆرانی رێژیمەکە بۆ سیستمێکی سۆشیالیستیی راستەقینە، سەربازەکان بەرەو مەرگ رەوانە دەکەن. کەتیبەی ٣٧٠ لەباتیی ئەوەی دەست بە جووڵە بکا بۆ هێرشکردنە سەر شومین دی دام، وا باشترە بۆ پاککردنەوەی هێلانەی حکوومەتی مارەکان لە پاریس بەکار بهێنرێ!

پیاوەکانی دەوری نەفەربەرەکان ماوەیەکی کەم بێدەنگ بوون و ئەنجا لەپڕ هاواری توورەیی بەرز بووەوە: "پەرلەمانتارەکان لە پەرلەمان دەربکەن!" "با برووخێ جەنگ!". پاش کەمێک حەشاماتێک کە پێنجسەد پیاوی سەرخۆش بوون رژانە سەر شەقامە قیرکراوەکە و بەرەو وێستگەی هێڵی ئاسن کەوتنە رێ".

له سەرەتاکانی چلەکانی ئەم سەدەیەدا، لەو کاتەی زیاتر له ٤٠٠ زنجی ناویان له لیستەکانی دەنگدان له نیو ئۆرلیانز و لویزیانا تۆمار نەکرابوو، زنجییەکان چەند دیدارێکیان له هەوای کراوەدا بەست بۆ گوێگرتن له قوربانییانی دڕندەیی پیاوانی پۆلیس، کە باسیان له بەسەرهاتی خۆیان دەکرد و نارەزاییان له دووبارەبوونەوەی ئەو رەفتارە وەحشییانە دەردەبڕی. ئەو دیدارانە لەسەر بانگهێشتی سەرکردەیەکی کرێکاریی زنجی بەڕێوە دەچوون و هەندێ جار هەواڵنێرانی پۆلیس تێیاندا بەشدار دەبوون، ئەوەیش بەڵگەی ئەوە بوو پاشتر تەنگاوکردن و لێپرسینەوە رووی دەدا.

ساڵی ١٩٥٢ له هەوای کراوەدا دیدار و کۆبوونەوە بۆ بەگژاچوونەوەی جیاکاریی رەگەزی و پشتگیریکردنی بەرگری له ناوچە جیاجیاکانی باشووری ئەفریقیا بەڕێوە دەچوون، ئەوەیش پێش و هەروەها لەکاتی راگەیاندنی "هەڵمەتی گژبەری" (حملة التحدي)دا، وەک ئەو کۆبوونەوە جەماوەرییە فرەوانانەی له سۆفیا تاون و کایپ تاون و پۆرت ئێلیزابیس و ئیست لەندەن و پریتۆریا و دوربان له ٦ی نیسانی ١٩٥٢ بەڕێوە چوون، لەوکاتەی سپی پێستەکان بەبۆنەی تێپەڕبوونی سێسەد ساڵ بەسەر بوونیان لەو وڵاتە ئاهەنگیان دەگێڕا[٢٣٨]. هەروەها دەکرێ ئاماژە بەو دیدارە بکەین کە له ٩ی تشرینی دووەمی ١٩٥٢ له دوربان بۆ پشتیوانیکردن له"هەڵمەتی گژبەری" بەڕێوە چوو.

ساڵی ١٩٥٧، له ماوەی "سەد گوڵ دەپشکوون" له چین، له ٤ی ئایار هەشت هەزار قوتابی له پەکین کۆ بوونەوە بۆ ئاهەنگگێڕان بە سی و هەشتەمین جەژنی قوتابییانەی "بزووتنەوەی چواری ئایار" کە کۆمیۆنیستەکان لافی ئەوەیان لێدەدا کە له نیگای سۆشیالیزمەوەیە. بەڵام قوتابییان دیدارەکەیان قۆستەوە بۆ تۆمەتبارکردنی کۆمیۆنیستەکان بەوەی "ئازادی و دیموکراسی له گشت دامەزراوە فێرکارییەکانی وڵاتدا سەرکوت

دەکــەن" و داوایـان کــرد رای گــشــتــیی وڵات لـەدژی ڕێژیمـی باڵادەسـت بـبزوێنرێ.

لە ئـینگلتــەرا "لێــژنــەی ســەد" لە هـەردوو ســاڵی ١٩٦١ و ١٩٦٢ داوای بەســتنـی چەنـدان گــردبــوونـەوەی نـاڕەزایـی کـرد لـە چوارچێـوەی تـەسک و فـرەواندا، لەوانە بۆ نمـوونە ئەو "کـۆمـەڵە گشـتـی"یەی کـە "لێـژنەی سـەد لە باکــوری ڕۆئـاوا" لە تـشــرینـی دووەمی ١٩٦٢ داوای کــرد لـەلای پەیکەری ڤیکتۆریا لە مانشستەر ببەسترێ، ئەویش لەپێناو جێگیرکردنی پاڵپشتی بۆ سـیـاسـەتی لێـژنەکـە. لە لەندەن لە ٢٩ی تشـرینی یەکەمی ١٩٦١ لێژنەکـە داوای کۆڕبەندێکی جـەمـاوەریی گشـتی لـە گۆڕەپانی ترافلڤار کـرد لەپێناو تاوتوێکردنی پێـویسـتـیی پـەنابردن بۆ یاخـیـبـوونی مـەدەنـی و جـۆری ئەو یاخیـبوونە و نێزیکەی پێنج هەزار کەس تێیدا بەشدار بوون. ڕۆژی یەکشـەم ٢٥ی شـوباتی سـاڵی ١٩٦٢، لەوکاتـەی شـەش لە سـەرکـردەکانی لێژنەکـە بەتۆمەتی ئامادەسازی بۆ یاخیبوونی مەدەنی دادگەیی دەکران، لێژنەی سەد کۆمـەڵەیەکی گـشتی بەست، ئەویش دیسـان لە گـۆڕەپانـی ترافلـڤار، تێـیدا کێشـەکەی خۆی لەگەڵ حکوومەت خستە ڕوو، ئەمە جگە لە هەندێ لێدوان کە هەندێ لە شایەتەکان دابوویان و دادگە ڕەتی کردبوونەوە.

٣- کۆبوونەوە پەردەپۆشەکانی ئۆپۆزسیۆن

لە سـایەی هـەندێ بارودۆخی سیاسـیی دیاریکراودا، لەوانـەیە ئۆپۆزسیـۆن هـەندێ لە گردبوونەوەکانی وا نیشان بدا، کە لەپێناو ئامانجێکی جێپەسندتر و شـەرعیترن (ئەمەیش هەندێ جار قایلکەر نییە). لەوانەیە هەمووان ئاگایان لە بیانووە ڕاگەیەنراوەکە بێ. ئەمە هەندێ جار کاتێ ڕوو دەدا کە سیستمی حوکمڕانییەکە تا تاکڕەوییەکی تا ڕادەیەک میانڕەو بێ، نە هێندە لیبرالییە ڕێگە بـە بەسـتنی کـۆبـوونەوەی کـراوە بۆ دەربڕینی نـاڕەزایی بدا، نە هـێندە دیکتــاتۆریشــە کـە ڕێوشــوێنی توند بگرێتــەبەر دژ بەوانـەی بـەشــداری لە

کـۆبوونـەوەیەکی شــەرعی و بە رواڵەت پەسند دەکـەن، ئەمـە وێڕای ئەوەی ئامـانجی راسـتـەقینە لە کۆبوونەوەکەش پەرگیرانە نییە. لەوانەیە کۆبوونەوە پەردەپۆشـەکـانی ئۆپۆزسـیـۆن شـێـوەی جـیـاواز وەربگرن، وەک ئەوەی بەچاودێریی رێکخـراوێک بەڕێوە بچێ کــە ئامــانجـێکی تەواو جـیـاواز و "بێغیلە"ی هەیە، وەک وەرزش، یان کات بەسـەربردن، یان هونەر یاخۆ ئاین. یان کـۆبوونـەوەکـە شـێـوەیەکی کـۆمـەڵایـەتی وەربگرێ، وەک لە فـرەنسـا لە چەندان بۆنەدا لە ســاڵانی ١٨٤٧ و ١٨٤٨دا رووی دا کــە کــۆبوونـەوەی نارەزایی قەدەغە بوو، کۆبوونەوە پەردەپۆشـەکانی ئۆپۆزسیۆن لەژێر پەردەی سـازکـردنی خـواندا ئـەنجـام دەدران. گـردبـوونەوەی Gauche Dynastique لەگەڵ کۆمـارییە میانرەوەکانی هاوپەیمانی هەوڵی دا رای گشتی ببزوێنێ بۆ ناچارکـردنی حکوومـەت تا چارەسـەرێک بۆ کـێشـەی برسـێـتی بدۆزێتـەوە، ئەویش بە رێکخـسـتنی "هەڵمـەتێکی خـوانسـازکـردن" لە ٩ی تـەمموزی ١٨٤٧ەوە کـە سـەرکـەوتنێکی بەرچاوی لە پاریس و هەرێمـە جـیـاوازەکـاندا بەدەست هـێنا. دواین خـوان کـە کۆمـەڵێکی تر لە سـاڵی ١٨٤٨ پلانیـان بۆ سـازکردنی دانابوو حکوومـەت قەدەغـەی کرد، ئەو قـەدەغەکردنەیش رووداني شۆڕشەکەی ١٨٤٨ی خێراتر کرد.

رووسـیـای ئیـمـپراتۆریش لەکاتی شـۆڕشی سـاڵی ١٩٠٥دا رێکخـسـتنی خوانی سیـاسی بەخۆوە بینی. سەرەتاکەی لە تشرینی یەکەمی ١٩٠٤دا بوو و لەسـەر داوای ئەنجـوومـەنی یەکـێـتـیی رزگـاری (لیـبـرالـەکـان)، ئەوەیش لەکاتێکدا هەموو شێوەیەکی دیدار و کۆبوونەوە قەدەغە بوو.

سـازکردنـی خوانەکان بەشـێک بوو لە هەڵمـەتێکی سـیـاسـیی هەمەگیـرتر. لیبرالەکان رۆژی ٢٠ی تشـرینی دووەمیـان بۆ وادەی خـوانەکان دیاری کرد، ئەو رۆژەیش رۆژی چلـەمین جـەژنی دەرکـردنـی یاسـا دادوەرییـەکـان بوو کـە بنچینەکانی سیستمێکی نوێیان لە دادگەکاندا دانا.

دەقە رەسەنەکەی پلانەکە داوا لە لیبرالەکان دەکا لەو رۆژەدا لە پترسبێرگ و مۆسکۆ و زۆرترین شاری تر خوان ساز بکەن و لەو کۆبوونەوانەدا کۆمەڵە بڕیارێکی یاسایی و دیموکراسی پەسند دەکرێن، کە زیاتر لەوەی لە ئەنجوومەنی زمستڤۆ و سەرکردە ناوخۆییەکان چاوەڕوان دەکرێ، یەکلاکەرەوەتر دەبن". ئەمەیش بەو واتایەیە کە ئەندامان لە خوانەکاندا دەستپێشخەری دەکەن و کۆمەڵە چارەسەرێک دەخەنە روو کە دەخوازێ کۆمەڵەیەکی نیشتمانیی لە گەلەوە هەڵبژێردراو دابمەزرێ لەپێناو دانانی دەستوورێکی دیموکراسیدا. هەروەها لەو رۆژەدا خوانی هاوشێوە لە چەندان شاری تریش ساز کرا کە رۆشنبیران ئامادەیان بوون، لەوانە لە شارەکانی کییڤ، ساراتۆڤ، ئودیسا، کالوگا، رستوڤون، دون، باکۆ، کوستروما، تیفلیس، نیزنی نوڤگورود و تاشقەند.

"لیبرالە زرنگەکان پاشتر بۆنەی تریان بۆ خوانسازکردن دۆزییەوە، وەک یادی دامەزراندنی ئەکادیمیای پزیشکی بۆ نەشتەرگەری لە پترسبێرگ، یان بۆ نموونە یادی ١٥٠ ساڵەی کردنەوەی زانکۆی مۆسکۆ. هەر جەژنێکی ساڵانەیان دەقۆستەوە بۆ سازکردنی خوانێک، خوانەکەیش دەرفەتێک دەبوو بۆ گوێگرتن لە گوتارگەلێکی دوور و درێژ و کاریگەر و دژ بە رێژیم و پەسندکردنی بڕیاری توند...

ئۆپۆزسیۆن لە رابردوودا ئەم ئاستەی لە راشکاوی و بوێری بەخۆوە نەدیبوو، هەروەها هێرشکردنە سەر رێژیم و سیاسەتەکەی تا ئەم رادەیە کراوە نەبوو".

رێکخستنی خوانی هاوشێوە لە کانوونی یەکەم تا سەرەتای ١٩٠٥ پاش "یەکشەمی خوێناوی" بەردەوام بوو".

٤- کۆڕ و سیمینار

کۆڕبەستن و کۆبوونەوەی ئۆپۆزسیۆن چەند لایەنێکی هاوبەشیان هەیە. لە

هەردوو حاڵەتەکەدا ئەو بابەتەی گفتوگۆی لەسەر دەکرێ جێی ناکۆکییەکی گرینگە. بەڵام کۆڕ لەوەدا لە کۆبوونەوەی ئۆپۆزسیۆن جیایە کە لەنێو قسەکەران و ئامادەبوواندا نوێنەری بۆچوونە سیاسییە جیاوازەکان ئامادەن. هەروەها لەوانەیە ئەوانەی قسە دەکەن خاوەن پسپۆڕیی ئاست بەرز بن لەو بابەتەی قسەی لەسەر دەکرێ، یاخۆ وا لێیان چاوەڕوان دەکرێ نەک بتوانن بۆچوونی خۆیان لەبارەی کێشەکەوە بەجوانی بخەنە روو، بگرە زانیاریی گرینگ و راستەقینەیش پێشکێش بکەن کە ببێتە چوارچێوەیەکی پاشخان کە پێوەندیی پتەوی بە کێشەکەوە هەبێ.

بەم شێوەیە رەنگە ژمارەیەکی زۆر وتاربێژ بەشداریی کۆڕ و سیمینارەکان بکەن کە لەوانەیە زیاتر لە دیدار و کۆبوونەوە ئاساییەکان بخایەنێ.

ئامانج لە سیمینار تەنیا بەرهەڵستی نییە، بگرە هەوڵدانە بۆ رەخساندنی دەرفەت بۆ خەڵک تا گوێیان لە بیرو بۆچوونە جیاوازەکان بێ و زانیاریی پێوەندار بە بابەتەکەیان چنگ بکەوێ، تا بتوانن هەڵوێستی خۆیان دیاری بکەن. رووبەڕووبوونەوەی بیرو بۆچوونە دژبەیەکەکان و پرسیارکردن لە قسەکەر و کۆڕگێڕەکان و بەشدارکردنی ئامادەبووان لە گفتوگۆ و مشتومڕەکاندا، هەموو ئەمانە سیمای گرینگن لە کۆڕ و سیمیناردا. ساڵی ١٩٥٦ کۆڕ بە بەرفرەوانی لە ناوچە جیاوازەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ئینگلتەرا دەبەستران: لە واشنتۆن لە ١٥ی ئایار، لە زانکۆی کالیفۆرنیا لە بیرکلی، لە ٢١ی ئایار، لە زانکۆی مینیسوتا، لە ٤ی حوزەران، لە زانکۆی ئۆکسفۆرد، لە ناوەڕاستی حوزەیرانی ١٩٦٥. هێشتا شێوازێکی نوێ و ناباو بوو.

## پاشەکشە و دەستهەڵگرتن لە ڕێزلێنان

دواین لقی ڕێگەکانی ناڕەزایی و قایلکردنی ناتوندوتیژانە بریتییە لە هەندێ ڕەفتار تێیاندا خەڵک بۆ ماوەیەکی کورت، یان بەشێوەیەکی زۆر سنووردار، لە هەڵسوکەوتێکی دیاریکراوی باو پاشەکشە دەکەن، یاخۆ دەست لە ڕواڵەتێکی ڕێزلێنانیان هەڵدەگرن. ئەم شێوانە هەندێ لە تایبەتمەندییەکانی هاوکارینەکردنیان تێدایە، بەتایبەت هاوکارینەکردنی کۆمەڵایەتی. بەڵام سیمای خەسڵەتی هاوکارینەکردنەکە تێیاندا بەگشتی ڕەمزییە. ئەم ڕێگەیانە بەئەنقەست بەکار دێن لەپێناو دەربڕینی ناڕەزایی و قایلکردن.

١- کشانەوەی ناڕەزایی

لەوانەیە کۆمەڵە کەسێک، یان شاندێک یان تەنانەت تاکەکەسێک بە کشانەوەی خۆی لە کۆنگرە یان کۆبوونەوە یان دیدار یان گفتوگۆیەک پێش لە تەواوبوونی، ناڕەزایی سیاسیی خۆی دەربرێ. ساڵی ١٩٢٠، بۆ نموونە، سەندیکاکانی رووسیا جموجووڵێکی بەرهەڵستکارانەی گرینگیان ئەنجام دا کە ئەندامانی حزبی شیوعی تێیاندا بەشدار بوون، ئەویش بەهۆی دەستگرتنی حکوومەت بەسەر سەندیکاکان و چالاکییەکانیاندا. ئەو بەرهەڵستکردنە لە کشانەوە لە (کۆمەڵەی گشتیی بەرفرەوانی لێژنەی ناوەندیی یەکگرتوو بۆ گواستنەوە)دا سەری هەڵدا کە لە کانوونی یەکەمدا بەسترا، "نوێنەرانی کرێکارانی شیوعی لە گواستنەوەی ئاوی و ژمارەیەکی زۆر لە کرێکارانی هێڵی ئاسن وەک ناڕەزایی هۆڵی کۆنگرەکەیان بەجێ هێشت".

لانی کەم لە دوو کۆبوونەوەدا مارشاڵ ویلهلم کیتل بەرپرسی فەرماندەیی باڵای ئەڵمانیا لەو کۆبوونەوەیە کشایەوە کە هیتلەر سەرۆکایەتی دەکرد، لەکاتێکدا بەوە ناسرابوو ملکەچی فەرمانەکانە. لە نیسانی ١٩٤٠ لە هۆڵی کۆبوونەوەکە کشایەوە کاتێ هیتلەر لەبەردەم ئەندامانی تری سەرکردایەتیدا سەرزەنشتی کرد پاش نارەزایی دەربڕینی کیتل لەسەر گواستنەوەی بەڕێوەبردنی کاروباری نەرویجی داگیرکراو لە فەرماندەی باڵای هێزە چەکدارەکانەوە لەوێ بۆ جۆزێف تیربوڤن، کە بوو بە نێردەی رایخ.

جاری دووەمیش کاتێ بوو هیتلەر تووڕە بوو و رەتی کردەوە یاداشتێک وەربگرێ کە کیتل پێشکێشی کرد و تێیدا نارەزایی خۆی لە بەگژاچوونی یەکێتیی سۆڤیات دەردەبڕی و دەست لەکارکێشانەوەی پێشکێش کرد، ئەوەیش لە کۆتاکانی ئابی ١٩٤٠، کیتلیش "بەبێ ئەوەی یەک وشەیش بڵێ ژوورەکەی بەجێ هێشت".

٢- بێدەنگی

بێدەنگیی بەکۆمەڵیش وەک رێگەیەک بۆ دەربڕینی سەرکۆنەکردنی ئەخلاقی بەکار هاتووە. لەوانە بێدەنگی رێگەیەکی بنچینەیی بێ بۆ دەربڕینی هەڵوێستێک، یان لەوانەیە وەک رێگەیەکی یارمەتیدەر بۆ رێگەیەکی تر بەکار بێ، وەک رێپێوان یاخۆ مانەوە لە ماڵ. لەو نموونانەی باسیان دەکەین ژمارەیەکیان لە ئەڵمانیاوەن.

لەکاتی ئەو کودەتایەی کاپ لە بەرلین لە ساڵی ١٩٢٠ پێی هەستا، دانیشتوانی شارەکە نەکەوتنە ژێر کاریگەریی کەمینەیەک کە بەرگرییان لە دەست بەسەراگران دەکرد. کاتێکیش یەکێک لە لایەنگرە دڵگەرمەکانی کامپ لەسەر پردی بوتسدام وەستا و بە زمانێکی دوژمنکارانە دژ بە دەسەڵاتە شەرعییەکە قسەی دەکرد و نازناوی "شا ئیبرت"ی لە سەرکۆمار دەنا، خەڵک بەبێدەنگییەکی نووتەک وەڵامیان دایەوە. هەروەها لە ئەیلوولی ١٩٣٨

دانیشتوانی بەرلین کە دەیانزانی هەڵگیرسانی جەنگ لەدژی چیکۆسلۆڤاکیا لە ئانوسـاتدایە، بە بێزارییەکی ئاشکراوە پێشـوازییـان لەو نمایشـەی هێزە چەکدارەکـان لە ویلهلم سـتراس کە هیـتلەر ئامـادەی بوو، کرد. هەندێکیـان پەرش و بڵاو بوون و ئامـادە نەبوون نمایشـەکە ببینن، هەندێکی تریشیـان بە "بێدەنگییەکی تەواو" وەستان".

لە ١٦ی حـوزەیران خـۆپیشـاندانێک کە لانی کـەم دوو هـەزار کـرێکاری لە بەرهەڵسـتکاران لەخـۆ گرتبـوو، بەبەردەم بـاڵیۆزخـانەی نوێی سـۆڤیـات لە ئەنتـردین لـە لینـدن لە بەرلینی رۆهـەڵات بە بێـدەنگی گـوزەری کـرد. پاش لەناوبردنـی راپەڕینەکـەیان، کـرێکارانی کـارگەی زیس لە جینا وەسـتـان و گوێیـان لە گـوتار و بەڵگەکانی حزبی سـۆشـیـالیسـتی یەککگرتوو گرت وەک ئەوەی "دیوارێک بن لە بێدەنگیی تووڕە و سەرسەخت".

لە ٢٢ی تشرینی یەکەم مەجەرییەکان خۆپیشاندانێکی بێدەنگیان ئەنجام دا لە پێناو گـردبوونەوە لـە بەردەم باڵوێزخـانەی پۆڵۆنیـا، ئەویش پاش ئەو پشێوی و شـۆڕشەی پۆڵۆنیا بە خۆیەوە بینی. هەروەها لە قۆناغێکی دواتر و لە کاتی شـۆڕشی مەجـەریدا لە ساڵی ١٩٥٦ لە چەندان ناوچەی بۆدابێست، دانیشتـوان لەنێوان سەعات یەک و دووی پاش نیوەڕۆدا بۆ مـاوەی سەعاتێک بێـدەنگ دەبوون. خـەڵک دوای ئـەوەی لەڕێی پۆسـتــەر و بڵاوکـراوە یان بە راستەوخۆ ئاگەدار دەکرانەوە، هەموو بەپەلە لەکاتی دیاریکراودا دەگەڕانەوە مـاڵەکانیـان، یان روویان دەکردە نێزیکترین مـاڵەکان و شـەقامـەکانیـان بۆ ماوەی سەعاتێک چۆڵ دەکرد.

لە ئینگلتەرا رێپێوانی درماستۆنی یەکەم لە ئاداری ١٩٥٨ دەستی پێ کرد و هەشت هەزار کەس بەشدارییان تێدا کرد، لە دووریی میلێک لە بارەگای دامەزراوەی توێژینەکانی چەکی ناوکی هەموو بێدەنگ دەبوون.

ساڵی ١٩٦٢ بڵاوکراوەیەک بانگەوازێکی بۆ ئافرەتانی مەدرید بڵاو کردەوە

لەپێناو هاوهەڵوێستیکردن لەگەڵ دەیان هەزار کرێکاری مانگرتوو لە کانەکانی ئەستوریاس لە هەرێمی باسک و هەندێ ناوچەی تری ئیسپانیا. لە ١٥ی ئایاری ١٩٦٢ ئافرەتان روویان کردە گۆڕەپانە مێژووییەکەی پویرتا دل سول لە ناوەڕاستی مەدرید بەمەبەستی پێشکێشکردنی "پاڵپشتیی بێدەنگ". یەک یەک و دوو دوو بە دەوری گۆڕەپانەکەدا دەسووڕانەوە. هێزەکانی ئاسایش بەبێ ئاژاوەگێڕی ٧٠ ئافرەتیان گرت، کە لەنێو گیراوەکاندا ئافرەتانی دیار و هاوسەری کەسایەتیی گرینگیان تێدا بوو. رۆژی دوای ئەوە، پاش ئەوەی لەنێوان هەزار و پێنجسەد تا بیست هەزار بیزیتا غەرامە کران ئازادیان کردن.

کاتێ خەباتکارێکی کوبی لە کۆنگرەی بیست و سێیەمینی حزبی شیوعیدا لە مۆسکۆ، رای گەیاند پشتگیری لە بەرگەگرتنی هەموو مەترسییەک دەکا لەپێناو چۆکدادان بە ئەمەریکا لە ڤێتنام، گوتارەکەی لەبری چەپڵەڕێزان بە بێدەنگبوون پێشوازی لێ کرا.

لە ماوەی ساڵی ١٩٦٤دا زانکۆی کالیفۆرنیا لە بیرکلی ژمارەیەک دیداری بۆ گوتاری ئازاد رێک خست. لە یەکێک لە ئێوارە کۆڕەکاندا لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەم ژمارەیەک لە قوتابییانی نەیاری بزووتنەوەی گوتاری ئازاد دەستیان دایە تەنگاوکردنی کۆبووەکان و گێچەڵ پێکردنیان بە تێگرتنی هێلکە و قنگەجگەرەی داگیرساوەوە. کۆبووەکان بە هەڵبژاردنی بێدەنگی وەڵامی دەستدرێژیکارەکانیان دایەوە، پاش ٤٥ خولەک لە ئاڵۆسکاندن ئاژاوەچییەکان شوێنەکەیان بەجێ هێشت.

بێدەنگیی لە تایبەتمەندییە بنچینەییەکانی پرسەگێڕان بوو بۆ جان پالاش، ئەو قوتابییەی لە کانوونی دووەمی ١٩٦٩ وەک ناڕەزایی لەدژی داگیرکەری رووسیا خۆی سووتاند. لێژنەی کاری قوتابییان ئەم بانگەوازەی ئاڕاستە کرد: "لەم هەلومەرجەدا، بێدەنگیی تەواو باشترین رێگەیە لەڕێیەوە

هەستی راستەقینەی خۆمان دەربڕین". ڕێورەسمی ماتەمگێڕانەکەیشی بە "بێدەنگیی رەها و دامەزراوی" وەسف کرا. دەنگی زەنگی چەندان کڵێسا لە هەموو لایەکی شارە هێمنەکەوە دەبیسترا".

٣- دەستبەرداربوون لە ڕواڵەتەکانی ڕێزلێنان

مرۆڤ بۆ گەیاندنی بیرو بۆچوونی خۆی بەوانی تر دەستبەرداری هەندێ ڕواڵەتی ڕێزلێنانی تایبەت بە خۆی دەبێ کە ئەو حکوومەتەی ئۆپۆزسیۆن کردوویەتییە ئامانجی هەڵمەتەکانی، پێی بەخشیوە، یان لە هەندێ ڕواڵەتی ڕێزلێنانی نوێ کە حکوومەت خۆی پێشکێشی دەکا، وەک دەستهەڵگرتنی خۆویستانە لە هەندێ نازناوی ڕێزلێنان و میدالیا و پێگەی فەخری، یان وازهێنان لە هەندێ کۆمەڵەی گرینگ کە پێوەندیی توندوتۆڵی بە ڕێڕەوی دژبەرەکەیەوە هەیە. لەوانەیە ئەم دەستبەرداربوونە قوربانیدانێکی خودی بێ لەپێناو کێشەکە و ئامرازێکیش بێ بۆ لاوازکردنی دەسەڵاتی حکوومەت.

لە ماوەی ئەو ململانە ناتوندوتیژانەی هندستان بەخۆیەوە بینی، ژمارەیەکی زۆر لە سەرانی سیخ بڕیاریان دا میدالیا جەنگییەکانیان بگێڕنەوە، هەروەها هەزاران هندی تریش بڕیاریان دا دەستبەرداری نازناوەکانیان بن. شاعیری شەهید رابندرانات تاغوور دەستی لە نازناوی شۆڕەسواری بەریتانیایی هەڵگرت.

هەروەها لەکاتی بەرەنگاریکردنی نیشتمانیی کۆریدا بۆ حوکمڕانیی ژاپۆنی لەنێوان ساڵانی ١٩١٩ و ١٩٢٠، ژمارەیەک لە کۆرییەکانیش دەستبەرداری هەندێ نازناوی خانەدانانە بوون کە ژاپۆنییەکان پێیان بەخشیبوون.

برتراند راسڵ میدالیای ئاشتیی کارل ڤون ئۆسیتزکی گێڕایەوە کە لە لێژنەی ئاشتی لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات لە ساڵی ١٩٦٣ پێی بەخشیبوو، ئەویش لەبەرئەوەی بەرپرسانی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات رازی نەبوون هاینز

برانت ئازاد بکەن کە ماوەیەکی زۆر بەسەر بەندکردنەکەی لەلایەن نازی و شیوعییەکاندا تێپەڕیبوو.(ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی دواتر نازناوی "زیندانیی ساڵ"ی لە برانت نا).

٤- پشت تێکردن:

لەوانەیە هەندێ جار هەڵوێستی دەربڕینی ناڕەزایی بە بێدەنگبوون بەوە زیاتر جەختی لێ دەکرێ کە کەسێک (لەحاڵەتی دانیشتن یان بەپێوە وەستان) پشت دەکاتە دژبەرەکە یان ئەو کەسانەی نوێنەرایەتی دەکەن، بۆ نموونە هاچنسۆن حاکمی کەنداوی مەساچوسیتیس لە ساڵی ١٧٧١ رای گەیاند کە رۆژێکی رۆژووگرتن و نوێژ کردن زیندوو دەکاتەوە. لە راگەیاندنەکەدا داوا کرابوو سوپاسگوزاری بکرێ لە پێناو "بەردەوامیی ئیمتیازاتەکانمان". رادیکاڵەکان ئەو قسەیەیان بە سووکایەتییەکی زەق لەقەڵەم دا، لەبەرئەوەی بە ناڕاستەوخۆ ئاماژە بە پاڵپشتیی سیاسەتی بەریتانیا دەکا. دەبوو راگەیاندنەکە لە کڵێساکاندا بخوێنرێتەوە، بەڵام فیلیپ دایڤتسۆن نووسیویەتی و دەڵێ: تەنیا دکتۆر پیمبرتۆن لە چاودێرانی ئەبرەشییەکانی بۆستن راگەیاندنەکەی خوێندەوە، ئەوەیش لەبەر هۆیەکی سادە، ئەویش ئەوەیە حاکمەکە ئەندام بوو لە ئەبرەشییەکەیدا. رووبەڕووی شەرمەزارییەکی گەورە بوویەوە لەبەرئەوەی زۆر لە ئامادەبووان پشتیان تێ کرد، یان بیناکەیان بەجێ هێشت.

پاش ئەو رووداوە درامییانەی شۆڕشی ئەڵمانیای رۆهەڵات لە ١٦ و ١٧ی حوزەیرانی ١٩٥٣ بەخۆیەوە بینی، کرێکارە مانگرتووەکان لە بەرلینی رۆهەڵات لە ١٨ی حوزەیران گەڕانەوە بۆ کانەکانیان، بەڵام رازی نەبوون دەست بەکار بکەنەوە. "لەبەردەم ئامێر و مێزەکانی کارکردندا وەستان و پشتیان کردە بەرپرسە حیزبییەکان".

ئەم رێگایانەی دوایی وازهێنانێکی رەمزی لە هاوکاریکردن لەگەڵ دژبەر

بەرجەستە دەکەن، بەڵام زۆرینەی رەهای رێگەکانی کاری ناتوندوتیژانە شێوە-کاری گرینگترن، چونکە خەڵک لەرێیەوە رازینەبوونیان بە جۆرێکی دیاریکراو لەو هاوکارییەی نوێ لەگەڵ دژبەرەکان دەردەبڕن، یاخۆ دەستبەرداری جۆرێکی دیاریکراو لە هاوکاری دەبن کە پێشتر پێوەی پابەند بوون.

لە ٢٢ی تشرینی یەکەم مەجەرییەکان خۆپیشاندانێکی بێدەنگیان ئەنجامدا لە پێناو گردبوونەوە لە بەردەم باڵوێزخانەی پۆڵۆنیا، ئەویش پاش ئەو پشێوی و شۆڕشەی پۆڵۆنیا بە خۆیەوە بینی. هەروەها لە قۆناغێکی دواتر و لە کاتی شۆڕشی مەجەریدا لە ساڵی ١٩٥٦ لە چەندان ناوچەی بۆدابێست، دانیشتوان لەنێوان سەعات یەک و دووی پاش نیوەڕۆدا بۆ ماوەی سەعاتێک بێدەنگ دەبوون. خەڵک دوای ئەوەی لەرێی پۆستەر و بڵاوکراوە یان بە راستەوخۆ ئاگەدار دەکرانەوە، هەموو بەپەلە لەکاتی دیاریکراودا دەگەڕانەوە ماڵەکانیان، یان روویان دەکردە نێزیکترین ماڵەکان و شەقامەکانیان بۆ ماوەی سەعاتێک چۆڵ دەکرد.

لە ئینگلتەرا رێپێوانی درماستۆنی یەکەم لە ئاداری ١٩٥٨ دەستی پێ کرد و هەشت هەزار کەس بەشدارییان تێدا کرد، لە دووریی میلێک لە بارەگای دامەزراوەی توێژینەکانی چەکی ناوکی هەموو بێدەنگ دەبوون.

ساڵی ١٩٦٢ بڵاوکراوەیەک بانگەوازێکی بۆ ئافرەتانی مەدرید بڵاو کردەوە لەپێناو هاوهەڵوێستیکردن لەگەڵ دەیان هەزار کرێکاری مانگرتوو لە کانەکانی ئەستوریاس لە هەرێمی باسک و هەندێ ناوچەی تری ئیسپانیا. لە ١٥ی ئایاری ١٩٦٢ ئافرەتان روویان کردە گۆڕەپانە مێژووییەکەی پویرتا دل سول لە ناوەڕاستی مەدرید بەمەبەستی پێشکێشکردنی "پاڵپشتیی بێدەنگ". یەک یەک و دوو دوو بە دەوری گۆڕەپانەکەدا دەسووڕانەوە. هێزەکانی ئاسایش بەبێ ئاژاوەگێڕی ٧٠ ئافرەتیان گرت، کە لەنێو

گیراوەکاندا ئافرەتانی دیار و هاوسەری کەسایەتیی گرینگیان تێدا بوو. رۆژی دوای ئەوە، پاش ئەوەی لەنێوان هەزار و پێنجسەد تا بیست هەزار بیزیتا غەرامە کران ئازادیان کردن.

کاتێ خەباتکارێکی کوبی لە کۆنگرەی بیست و سێیەمینی حزبی شیوعیدا لە مۆسکۆ، رای گەیاند پشتگیری لە بەرگەگرتنی هەموو مەترسییەک دەکا لەپێناو چۆکدادان بە ئەمەریکا لە ڤێتنام، گوتارەکەی لەبری چەپڵەرێزان بە بێدەنگبوون پێشوازی لێ کرا.

لە ماوەی ساڵی ١٩٦٤دا زانکۆی کالیفۆرنیا لە بیرکلی ژمارەیەک دیداری بۆ گوتاری ئازاد رێک خست. لە یەکێک لە ئێوارە کۆڕەکاندا لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەم ژمارەیەک لە قوتابییانی نەیاری بزووتنەوەی گوتاری ئازاد دەستیان دایە تەنگاوکردنی کۆبووەکان و گێچەڵ پێکردنیان بە تێگرتنی هێلکە و قنگەجگەرەی داگیرساوەوە. کۆبووەکان بە هەڵبژاردنی بێدەنگی وەڵامی دەستدرێژیکارەکانیان دایەوە، پاش ٤٥ خولەک لە ئاڵۆسکاندن ئاژاوەچییەکان شوێنەکەیان بەجێ هێشت.

بێدەنگیی لە تایبەتمەندییە بنچینەییەکانی پرسەگێڕان بوو بۆ جان پالاش، ئەو قوتابییەی لە کانوونی دووەمی ١٩٦٩ وەک نارەزایی لە دژی داگیرکەری رووسیا خۆی سووتاند. لێژنەی کاری قوتابییان ئەم بانگەوازەی ئاڕاستە کرد: "لەم هەلومەرجەدا، بێدەنگیی تەواو باشترین رێگەیە لە رێیەوە هەستی راستەقینەی خۆمان دەربرین". رێوڕەسمی ماتەمگێڕانەکەیشی بە "بێدەنگیی رەها و دامەزراوی" وەسف کرا. دەنگی زەنگی چەندان کڵێسا لە هەموو لایەکی شارە هێمنەکەوە دەبیسترا".

پێڕست


زانکۆی "ئۆنور" ..... 5
ناتوندوتیـژی به زوانی کوردی ..... 8
دەسـپـێک ..... 17
دەروازەیەک بۆ پاکێجی ..... 21
پێشـەکی ..... 34
لێدوانە رەسمییەکان ..... 37
پێوەندیکردن بەجەماوەرێکی فراوانەوە ..... 49
نوێنەرایەتیکردنی بەکۆمەڵ ..... 59
کاری ئاشکرای رەمزی ..... 69
فشارخستنە سەر تاکەکان ..... 88
شانۆ و مۆسیقا ..... 94
کەژاوەکان ..... 102
رێزنان لە مردووان ..... 112
گردبوونەوە گشتییەکان ..... 125
پاشەکشە و دەستهەڵگرتن لە رێزلێنان ..... 136